تصوير ابو عبدالرحمن الكردي

ENDESE

# ئێمە زەریامان بەزاند

جولی ئوتسوکا

وەرگێڕانی

دلاوەر قەرەداغی

# ئێمە زەریامان بەزاند

ENDESE

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. iqra.ahlamontada.com

جولی ئوتسوکا

# ئێمە زەریامان بەزاند

دلاوەر قەرەداغی

ENDESE

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە
بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: سیروان مەحمود
بەڕێوەبەری هونەری: باسم ڕەسام

ENDESE

ناوی کتێب: ئێمە زەریامان بەزاند
(ناونیشانی ئۆرگینالّی ئەم ڕۆمانە: "The Buddha in the Attic بودای ناو هەورەبانەکە" یە)
ناوی نووسەر: جولی ئۆتسوکا
وەرگێڕانی لە سویدییەوە: دلاوەر قەرەداغی
بەراوردکردنی لەگەڵ دەقە ئینگلیزییەکەدا: ژوان شوانی
بابەت: ڕۆمان
دیزاینی تێکست: دانا حەسەن
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٥
چاپخانە: پەنجەرە
تیراژ: (١٥٠٠) دانە
نرخ: (٥٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٣٣٦)ـی ساڵی (٢٠١٥)ـی پێ دراوە.

ئەم کتێبە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی:
Vi kom över havet, Juli Otsuka
Översättning av Ulla Roseen
Bonnier Pocket 2013

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە©
بەبێ ڕەزامەندیی ئەندێشە، هیچ لایەنێک ڕێگەپێدراو نییە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە، جا گەر بە شێوەی ئەلکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەر شێوازێکی تری لەبەرگرتنەوە بێت.

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە/ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
سلێمانی-شەقامی مەولەوی-تەلاری سیروانی نوێ-نهۆمی چوارەم
www.endeshe.org ● andesha.library@yahoo.com
http//www.facebook.com/Andeshacenter
07501026400

## یەك دوو وشە...

سـاڵ سـاڵی ١٩١٩ یـە. کەشـتییەک بـە سـەر «زەریـای ئـارام» ـەوەیە. کۆمەڵێک کچی گەنج لە خوارەوە لە تاریکییەکی ئەنگوستەچاو و لەسەر تەختەخـەوی شەقوشـڕ لـە بنـی ئەرشـی کەشـتییەکەدا ترانجاونەتـە نـاو یەکتر. باوڵەکانی سـەفەریان پڕە لـەو کەلوپەلانـەی کـە لـە ژیانـە تازەکـەی ئەوبەر زەریایانـدا پێویسـتیانە: جلکـی کیمۆنـۆی ئاوریشـم بـۆ شـەوی بووکێنیی، فڵچەی خۆشنووسیی، کاخـەزی برنـج تـا نامـەی بـۆ ماڵـەوە تێدا بنووسن، فیگـوری بچـووک بچووکـی بـودا لـە مس بـۆ بەخـت و چـاوەزار و خۆپاراسـتن، نامـە و فۆتـۆی ئـەو پیـاوە غەوارانەیـان بـە دەسـتەوەن کـە بڕیـارە هـەر بگەنـە ئەوبـەر زەریـا ببنـە مێردیـان، نامـەی پیاوانێک کـە گفتیـان پێداون لـە ئەسـکەلەکەی سـان فرانسیسـکۆ چاوەڕێیـان بـن. کچـەکان خـەون بـە ئاینـدەوە دەبینـن. بـەڵام ئـەوەی لەوبـەر زەریـا و لـەو وڵاتـە نوێیـەدا چاوەڕێیـان دەکا؛ پیاوانێکـن کـە پیـاوی نـاو فۆتـۆکان نیـن، ژیانێکـی دژوار چاوەڕێیـان دەکا، کـە ئەمـان هـەر مەزەندەشـی ناکـەن و بـەر کولتوورێـک دەکـەون کـە هـەوڵ دەدەن تێـی بگـەن.

(ئێمـە زەریامـان بەزاند) پۆرترەیتێکی شـیعریی چارەنووسـێکی بە کۆمەڵە کـە ژمارەیـەک کەسـێتیی جـودا جـودا بـە شـێوازێکی هەژێنـەر دەیگێڕنـەوە. جولـی ئۆتسـوکا لێوانلێـو لـە هەسـتوسـۆزو بـە دیقەتـەوە ژیـان دەبەخشـێتە

ئەو ژنە ژاپۆنییانەی کە لە دەیەی بیستی سەدەی ڕابردوودا بە نامە شوو دەکەن و بۆ کالیفۆرنیا دەڕۆن. ڕۆمانەکە ژیانی ئەو ژنانە هەر لە یەکەم ڕۆژی سەفەرە تاقەتپڕوکێنەکەیانەوە بە کەشتیی، تا ئەو ڕۆژەی مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٩٤١؛ کە بە خاووخێزانەوە و بە گومانی سیخوڕیی کردن بۆ ژاپۆن، کۆدەکرێنەوە و ڕادەگوێزرێن، لەخۆ دەگرێ. لەم ڕۆمانەدا بەشێک لەو ڕووداوانەی مێژووی نوێ دەگێڕدرێنەوە؛ کە کتێبەکانی مێژوو بیریان چووە یاخود نەیانویستووە بینووسنەوە.

خاتوو جولی ئوتسوکا، ژنە ڕۆماننوسی ژاپۆنی – ئەمریکایی، لە ١٥ی مەی ١٩٦٢ لە پالو ئالتو، کالیفۆرنیا لەدایک بووە. ئوتسوکا نێوبانگی بە نووسینی چیرۆکگەلێکی مێژووییەوەیە کە لەسەر ژیانی پەنابەرانی ژاپۆنیی لە ئەمریکا، ڕۆنراون. یەکەمین بەرهەمی ئوتسوکا کورتە ڕۆمانی (کاتێ قەیسەر خودایی بوو) لە ساڵی ٢٠٠٢. دووەمین ڕۆمانیشی (ئێمە زەریامان بەزاند)ە، کە وێڕای سویدی، تەرجەمەی ئەڵمانی و فەرەنسیش کراوە و خەڵاتەکانی فۆکنەر و **Prix Femina** ی فەرەنسی وەرگرتووە و کاندیدیش کراوە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی National Book Award.

هەندێک ناو دەگەنە گوێی نەوەکانی داهاتوو
قسەوباسیان لەبارەوە دەکرێ و ستایش دەکرێن
هەندێک ناوی تر بیر دەچنەوە و بزر دەبن
وەک ئەوەی هەرگیز نەبووبن،
وەک ئەوەی هەرگیز نەژیابن،
منداڵەکانیشیان... وەک خۆیان.

سیفری یەشوع بن سیراخ ٤٤-٨-٩

کادانەکە سووتا
ئێستا دەتوانم مانگ ببینم.

هیرات ماساهیدا

# ژاپۆنییەکان... وەرن!

لە کەشتییەکەدا، زوربەمان کچانی پاقیژە بووین. پرچمان ڕەش و درێژ، پێوپلمان پان و زل و بالآشمان هیچ بەرز نەبوو. هەندێکمان لە منداڵیدا جگە لە شۆربای برنج، دەممان لە هیچی ترەوە نەدابوو، هەر بۆیە ئێسکمان خوار و نەرم بوو، هەندێکمان تەمەنمان چواردە ساڵان و هێشتا کچێکی بچووک بووین. هەندێکمان خەڵکی شار بووین و جلکی جوانی شاریمان لەبەردا بوو، بەڵام زوربەی زۆرمان هەمان ئەو کراسە کۆن و ڕەنگبواردووە پینەکراو و چەندجار ڕەنگکردووانەمان لەبەردا بوو، کە لە خوشکەکانمانەوە بۆمان مابوونەوە و لە ساڵانێکی زۆر لەوەوبەرەوە، لەبەرماندا بوون. هەندێکمان لە چیاوە هاتبووین و قەت لەوەوبەر لە وێنەدا نەبێ، زەریامان نەبینیبوو، هەندێکمان کچانی ماسیگران بووین و هەموو ژیانمان لە نزیک زەریاوە بەسەر بردبوو. ڕەنگبێ برایەک، باوکێک یان دەسگیرانێکمان لە زەریادا لەدەست دابێ، یاخود دەشێ کەسێک کە خۆشمان ویستووە، لە بەیانییەکی نەهاتدا خۆی هەڵدابێتە ئاوەوە و هەر سووکوباریک بە مەلە بەرەو جێگەیەکی دوور ڕۆیشتبێت، وا ئێستاش کاتی ئەوە هاتبوو، ئێمەش درێژە بە ڕۆیشتن بدەین.

لە کەشتییەکەدا، یەکەم شتێک کە کردمان، بەر لەوەی بڕیار بدەین حەزمان لە چی و لە چی نییە، بەر لەوەی بۆ یەکتری باس بکەین کە هەریەکەمان لە کام دوورگەوە هاتووین و بۆچی هاتووین، تەنانەت

بەرلەوەی لە ناوی یەکتریش بپرسین، یەکەم شتێک کە بەر لە هەموو ئەوانە کردمان، ئەوە بوو، فۆتۆی مێردەکانی ئاییندەمان پیشانی یەکتر دان، پیاوانی ناو فۆتۆکان جوان و گەنج بوون، چاوانیان ڕەش و قژیان زۆر، ڕووخساریان نەرم و بێخەوش. چەناگەیان بەهێز و شێوەیان گونجاو. کەپوویان ڕێک و بارێک. هەر تەواو لە برا و باوکانی خۆمان دەچوون، تەنها ئەوە بوو، کە ئەمان جلکی باشتریان لەبەردا بوو، بلوسی ڕەساسی و چاکەت و پانتۆڵی خۆرئاوایی و هێلەک. هەندێکیان لەسەر پیادەڕۆکان لە بەردەم خانووی لە شێوەی پیتی A ڕۆنراو بە گوڵبێنەی سپی و چیمەنی جوان و بڕدراوەوە ڕاوەستابوون، هەندێکیان لەو شەقامە فەرعییانەدا، کە دەچوونەوە سەر جادە گشتییەکان، ڕاوەستابوون و پاڵیان بە ترومبێلی تی فۆردەوە دابوو. هەندێکی تریشیان لە ستۆدیۆکاندا لەسەر کورسیی تۆکمە و پشتبەرز دانیشتبوون و دەستیان بە نازکییەوە لەیەک ناو و لە زوومی کامێراکانیان دەنۆڕین، وەک ئەوەی ئامادە بن دونیا بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. گفتیان دابوو کاتێ ئێمە دەگەینە بەندەر، ئەوان لەوێ، لە سان فرانسیسکۆ بن و چاوەڕێمان بن.

لە کەشتییەکەدا، زۆر جار لە خۆمان دەپرسی: بڵێی ئەو پیاوانەمان خۆش بوێن؟ بڵێی عاشقیان بین؟ بڵێی هەر کە لە لەنگەرگەکە دەیانبینین، بە ڕەسمەکانیاندا بیانناسینەوە؟

لەبنی ئەرشی کەشتییەکەدا، لە جێگەیەکی پیس و تەڕدا دەنوستین. قەرەوێڵەکانمان لە ئاسن، بارێک و لەسەر-یەک-دانراو، دۆشەکەکانمان ڕەق و تەنک و پەڵەپەڵاوی بە پەڵەی ڕەشی سەفەرەکانی تر و ژیانەکانی تر، سەرینەکانمان بە گەنمی وشک ئاخنراو، ڕاڕەوی نێوان کابینەکانی نوستن، پیس بە پاشەڕۆی خۆراک و ئەرزەکەش تەڕ و خلیسک. بنی ئەرشی کەشتییەکە، یەک تاقە کونجی هەواکێشی تێدا بوو، ئێواران کاتێ دەریچەکە دادەخرا، ئیدی تاریکییەکە پڕ لە چپەچپ دەبوو. یەکێک بە چپە

دەیگوت: *هیچ کوێت دێشێت؟* جەستەکان لەژێر بەتانییەکاندا کەلەکەیان دەگۆڕی و خۆیان گرمۆڵە دەکرد. زەریا هەڵدەچوو و دادەچوو. هەست دەکرا هەوا شێدارە و خنکێنەر. شەوانە خەونمان بە مێردەکانمانەوە دەبینین. خەونمان بە سۆڵی تەختەیی نوێ و تۆپەقوماشی ئاوریشمی لەبن نەهاتووی نیلییەوە دەبینی و خەونمان بەوەوە دەبینی، ڕۆژێک لە ڕۆژان لە خانوویەکدا دەژین، کە گوڵبینەی هەیە، خەونمان دەبینی جوان و بەهێزین، خەونمان دەبینی بۆ ئەو مەرەزانەمان دەگەڕێینەوە، کە زۆر نائومێدانە بەپەرۆش بووبووین جێیان بهێڵین. خەون بە مەرەزەوە هەمیشە بۆ ئێمە خەونی مۆتەکاوی بووە. خەونمان بە خوشکە گەورەتر و جوانترەکانمانەوە دەبینین، کە لەپێناو ئەوەدا ئەوانی ترمان نانی شێومان هەبێ، باوک و براکانمان بە خانەکانی گێشایان فرۆشتبوون، کاتێکیش لە خەو وەئاگا دەبووینەوە، بۆ هەوا هەناسەبڕکێمان پێ دەکەوت. یەکێکمان دەیگوت: *بۆ ساتێک وا مزانی بوومەتە خوشکەکەم.*

ڕۆژەکانی سەرەتا لە کەشتییەکەدا، سەرەگێژەی زەریا لێی داین، خواردن لە زگمانا ڕاگیر نەدەبوو، دەبوو پەیتاپەیتا خۆمان بگەیەنینە لێواری کەشتییەکە و بڕشێینەوە. هەندێکمان ئەوەندە گێژ بووین، کە نەماندەتوانی بچینە سەرەوە، بەڵکوو لە کابینەی خەوەکانماندا ڕادەکشاین و نیوەبووراوە لە خەوێکی قورسدا ڕۆدەچووین، بێتوانا لە وەبیرهێنانەوەی ناوی خۆمان و کەمتریش لە ناوی مێردە تازەکانمان، بە یەکدیمان دەگوت: ئادەی جارێکی تریش بیڵێ، من خاتوو کێم؟ هەندێکمان دەستمان دەگرت بە زگمانەوە و بە دەنگی بەرز هاواری کانوون، هاواری خواوەندی بەزەییمان دەکرد و دەمانگوت: *ئەرێ لەکوێیت؟* ئەوە لە کاتێکدا، کە هەندێکی ترمان وامان پێ باشتر بوو، ڕووخسارمان لە بێدەنگیدا سەوز هەڵبگەڕێ. زۆر جاران نیوەشەوان، توند لە داکشانێکی بە هۆی زەریا ڕادەپەڕین و بۆ ساتێک نەماندەزانی لەکوێین، یان بۆچی

تەختەخەوەکانمان دەلەرنەوە، یاخود بۆچی دڵمان ئەوەندە زەندەقچووانە وەتەپە کەوتووە. *بوومەلەرزە* یەکەمین شتێک بوو، کە مەزەندەمان کرد. بەدەم خەوەوە خۆمان بەدوای دایکماندا درێژ کرد، کە تا ئەو ڕۆژەی ماڵەوەمان جێ هێشت، لە ئامێزیاندا دەنوستین. دەمانگوت: بڵێی ئێستا دایکانمان نوستبن؟ بڵێی خەون ببینن؟ ئایا بەدرێژاییی ڕۆژ بیرمان لێ دەکەنەوە؟ ئایا هێشتا لە شەقامەکاندا بە باوەشێک زەرفەوە، سێ هەنگاو لەدوای باوکانمانەوەن، کە هەر هیچیان بە دەستەوە نییە، دەڕۆن؟ بڵێی لە ناخەوەڕا ئیرەییمان پێ ببەن لەبەر ئەوەی سەفەرمان کردووە؟ ئاخر ئەوان پێیان گوتبووین: هەموو شتێکمان داوە پێتان؟ ئایا بڵێی لەبیریان بێ کراسە کۆنەکانمانیان هەڵخستبن؟ بڵێی لەبیریان بێ پشیلەکان خۆراک بدەن؟ ئایا هەر بەڕاستی هەموو ئەو شتانەیان بۆ باس کردووین، کە دەبوو بیانزانین؟ پێیان گوتبووین: *کوپی چاکە بە هەردوو دەست بگرن، مەچنە بەر هەتاو، هەرگیز زیاد لە پێویست قسە مەکەن.*

لە کەشتییەکەدا زوربەمان خۆمان زۆر بە شایان دەزانین و دڵنیا بووین دەبینە کەیبانووی باش. دەمانزانی چێشت لێبنێین و جلک بدوورین. دەمانزانی چا دابنێین و گوڵ بکەینە چەپک و بەبێ ئەوەی چ شتێکی گرینگ بڵێین، بە سەعات لەسەر پێ پان و زلەکانمان ڕاوەستین. دایکانمان ئامۆژگارییان کردبووین: کچ دەبێ لە شوێندا بتوێتەوە، کچ پێویستە هەبێ بەبێ ئەوەی ببینرێ. دەمانزانی دەبێ چۆن لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنەکاندا ڕەفتار بکەین، چۆن شیعری کورت و غەمگین، ڕێک حەڤدە برگەی درێژ، لەبارەی تێپەڕینی پاییزەوە بنووسین. دەمانزانی گژوگیا بژار بکەین، دەمانزانی چیلکە دەر بکێشین و ئاو بهێنین. یەکێکمان – کچی ئاشەوانەکە – دەیزانی چۆن فەردەیەک برنجی چواردە کیلۆیی بە کۆڵیدا بدا و بەبێ ئەوەی هەر هیچ ئارەقە دەر بدا؛ بە پێی پیادە سێ کیلۆمەتر ڕێگە بەرەو شار ببڕێ. دەیگوت: *شتەکە* تەنیا پەیوەستە

بەوەوە کە چۆن هەناسە دەدەیت. زۆربەمان هەر زۆر جوان پەروەردە کرابووین و بە شێوەیەکی بەرچاو بەئەدەب بووین، جگە لەو کاتانەی کە وەک زەریاوانەکان هەڵدەچووین و دەکەوتینە جنێودان. زۆربەمان وەک ژنانی خانومان، زۆربەی کات بە دەنگێکی تیژ دەدواین و وا خۆمان دەنواند زۆر کەمتر لەوە دەزانین کە لە ڕاستیدا دەیزانین. هەموو جارێک کە بە لای زەریاوانەکاندا دەڕۆیشتین، ئاگادار بووین بەئەسپایی و بە هەنگاوی بچووک و لەسەر نووکی پێ بڕۆین. ئاخر دەیان جار دایکانمان ئامۆژگارییان کردبووین: *شارییانە بە ڕێگەدا بڕۆن، نەک لادێیانە!*

لە کەشتییەکەدا شەوانێکی درەنگ لەسەر قەرەوێڵەی یەکتر کۆ دەبووینەوە و لەوەی سەرەوەیان دادەنیشتین و بۆ ماوەی چەند سەعاتێک لە بارەی ئەو کیشوەرە نەناسراوەوە کە بۆی دەڕۆیشتین، سەری قسە و وتووێژی بێکۆتاییمان دادەمەزراند: گوایە دەڵێن خەڵک لەوێ لە گۆشت زیاتر هیچی تر ناخۆن و هەموو لەشیان بە تووک داپۆشراوە (ئێمە زۆربەی زۆرمان بودایی بووین، گۆشتخۆر نەبووین و تووکیش تەنها بەو شوێنانەی جەستەمانەوە بوو، کە دەبوو تووکیان پێوە بێت.) بیستبوومان درەختەکانی ئەوێ هەر زۆر زەبەلاحن. دەشتەکان بەرفراوانن، ژنانیان دەنگ زل و بەژن زراڤن، پێیەک لە درێژترین پیاوی ئێمە درێژترن. زوبانەکەیان دە هێندەی زوبانەکەی ئێمە قورسە و نەریت و خوویان بە شێوەیەک کە ئەقڵ نایبڕێ، سەیرە. کتێبەکان لە دواوەڕا و پێشەوەڕا دەخوێننەوە و سابون بۆ خۆشتن بەکار دێنن. لەوێ بنیادەم لە پەڕۆی پیسدا فنگ دەکا و پاشان دەیئاخنێتەوە گیرفانی، دووبارە دەری دێنێتەوە و دیسان بەکاری دێنێتەوە. پێچەوانەی سپی لای ئەوان سوورور نییە، بەڵکو ڕەشە. بیرمان دەکردەوە ئاخۆ دەبێ لە وڵاتێکی ئاوها بێگانەدا چیمان بەسەر بێت؟ خۆمان دەهێنایە بەر چاوی خۆمان – خەڵکانێکی کوڵەبنە کە تەنها پشتمان بە نامیلکەی ڕێنوێنیی گەشتیاری بەستووە،

بۆ وڵاتی زلحۆرتەکان دەچووین. دەمانگوت بڵێی پێمان پێبکەنن؟ بڵێی تفمان لێ بکەن؟ یان لەوەش خەراپتر: بڵێی قەت قەت بە جیدی وەرمان بگرن؟ بەڵام تەنانەت خانەگومانترین کەسیشمان ناچار بوو دان بەوەدا بنێ، شوو بە کەسێکی غەوارە لە ئەمەریکا بکا باشترە لەوەی لەگەڵ کابرایەکی جوتیارێ گوندیدا پیر ببێ، لەبەر ئەوەی ژنان لە ئەمەریکا ناچار نین لە کێڵگەکاندا کار بکەن و لەوێندەر برنج و دار بۆ هەمووان هەن. لەوێ بۆ هەر کوێیەک بڕۆیت، پیاوان دەرگەیان کردۆتەوە و کڵاویان بەرز کردۆتەوە و هاوار دەکەن:"یەکەم جار خانمان... فەرموون ئێوە پێش بکەون!"

لە کەشتییەکەدا هەندێکمان لە (کیۆتو) وە هاتبووین، ناسک و سپی و بەژنرێک بووین و بەدرێژاییی ژیانمان لە ژووری تاریک و نووتەکی حەوشی دواوەیماڵەکاندا ژیابووین. هەندێکمان خەڵکی (نارا) بووین و ڕۆژی سێ جار نوێژمان کردبوو بۆ باووباپیرانمان و سوێندمان بۆ خواردبوون، کە هێشتا دەتوانین زەنگی ناقوسی پەرستگەکانمان ببیستین. هەندێکمان کچە جووتیارانی خەڵکی یاماگوشی بووین، قۆڵ و مەچەکمان بەهێز و شانمان پان و هەرگیز لە دوای سەعات نۆوە نەچووبووینە نێو جێگە، هەندێکمان لە گوندێکی بچووکی چیا لە (یاماناشی) یەوە هاتبووین و بەو دواییانە یەکەمین شەمەندەفەری خۆمان بینیبوو. هەندێکمان لە (تۆکیۆ) وە هاتبووین و هەموو شتێکمان بینیبوو، بە ژاپۆنییەکی ڕەوان دەپەیڤین و زۆر هامشۆی ئەوانی ترمان نەدەکرد. زوربەی زۆرمان لە (کاگوشیما) وە هاتبووین و بە شێوەزارێکی قورسی باشووری دەدواین و ئەوانەمان کە خەڵکی تۆکیۆ بووین، وامان دەنواند لە زوبانەکەیان تێناگەین. هەندێکمان خەڵکی هوکایدو بووین، کە ئەوێ شوێنێکی بەفرین و ساردە، ساڵانێکی زۆر دواتر خەونمان بەو سروشتە سپییەی ئەوێوە دەبینی. هەندێکمان لە (هیرۆشیما) وە هاتبووین کە دواتر بۆردومان کرا،

ئەگەرچی ئەوکات نەماندەزانی، بەڵام بەختمان هەبوو کە لەوێ نەبووین و لە کەشتییەکەدا بووین. گەنجترینمان تەمەنی دوازدە ساڵان بوو، خەڵکی کەناری خۆرهەڵاتی دوورگەی (بیواس) و هێشتا باڵق نەبووبوو. دەیگوت: *دایک و باوکم لەبەر پارەی مارەبییەکە بەشوویان داوم.* بەتەمەنترینمان سیوحەوت ساڵان بوو، خەڵکی (نیگاتا) و هەر هەموو ژیانی بۆ خزمەتی باوکە ئیفلیجەکەی تەرخان کردبوو. تازەکی باوکی مردبوو، ئەو مردنە هەم خۆشحاڵ و هەم غەمگینی کردبوو. دەیگوت: *دەمزانی تا نەمری، ناتوانم شوو بکەم.* یەکێکمان خەڵکی (کیوموتۆ) بوو، کە پیاوی دیار و بەرچاوی لێ نەبوون – هەموو پیاوە دیار و بەرچاوەکانی ئەوێ بەدرێژاییی ساڵان بەدوای ئیشدا سەریان بۆ مانشوریت هەڵگرتبوو – هەستی دەکرد بەختی هەبووە توانیویەتی مێردێک بدۆزێتەوە. گوتی: *تەماشایەکی ڕەسمەکەیم کرد و بە دەلالی هاوسەرگیرییەکەم گوت: "ئەمەیان گونجاوە!"* یەکێکمان خەڵکی گوندێکی ئاوریشمچن بوو لە (فوکوشیما) و مێردی یەکەمی بە ئەنفلۆنزا مردبوو، مێردی دووەمی لێی جیا بووبۆوە و ژنێکی گەنجتر و جوانتری هێنابوو، کە لەوبەری یاڵەکەوە دەژیا، وا ئێستاش بە زەریادا بەرەو ئەمەریکا دەڕۆیشت، تا شوو بە مێردی سێیەمی بکا. دەیگوت: *ئەو لەشی ساخە. ناخواتەوە و قومار ناکا. ئەوە هەموو ئەو شتانە بوون، کە پێویست بوو بیانزانم.* یەکێکمان سەمازانێکی خەڵکی ئوساکا بوو، جوان خۆی دەگۆڕی، دەموچاوێکی سپیوسۆڵی تا ڕادەیەک نازکی هەبوو، هەموو شتێکی لەبارەی پیاوانەوە دەزانی، ئەوە ئەو بوو، کە هەموو شەوێک بە پرسیارەکانمان ڕوومان لێ دەنا. دەمانگوت: چەند دەخایەنێ؟ گڵۆپ داگیرسابێ باشترە یان تاریک بێ؟ لینگمان هەڵبڕیبێ باشترە یان دامانگرتبێ؟ چاومان کراوە بێ یان نووقاو؟ چی ڕوو دەدا ئەگەر هەناسەمان بۆ نەدرێ؟ چی دەبێت ئەگەر کابرا زۆر قورس بێت؟ چی ڕوو دەدا ئەگەر کابرا زۆر زل بێ؟ چی ڕوو دەدا ئەگەر نەیەوێین؟

ئەو دەیگوت: *بەڕاستی هەر زۆر ئاسانە لە پیاو تێبگەن.* وای پێدەگوتین و پاشان ڕوونی دەکردەوە چۆن.

لە کەشتییەکەدا، هەندێ جار چەندین سەعات لە تاریکاییە پرتەپرتکەرە شێدارەکەی بنی کەشتییەکەدا، پڕ لە پەرۆشی و ترس، بەبێداری ڕادەکشاین، بیرمان دەکردەوە: ئاخۆ بڵێی تا سێ هەفتەی تر بەرگە بگرین.

لە کەشتییەکەدا، باوڵی سەفەرمان پێ بوو، کە هەموو ئەو شتانەی لە ژیانە تازەکەماندا پێویستمان پێیان دەبوو، تێ کردبوون: جلکی ئاوریشمین بۆ شەوی بووکێنی، جلکی لۆکەیی ڕەنگاوڕەنگ بۆ ڕۆژ، جلکی لۆکەیی یەکڕەنگ بۆ کاتێک، کە پیر دەبین، فڵچەی خۆشنووسی، قەڵەمی ڕاپیدۆگرافیی ڕەش و ئەستوور، کاغەزی تەنکی برنج، تا نامەی درێژ درێژی بۆماڵەوە تێدا بنووسین، پەیکەری بچووک بچووکی بودا لە مس و زینک و پەیکەری خواوەندی برنج لە ددانی فیل، بووکەشووشەگەلێک، کە لە تەمەنی پێنج ساڵیمانەوە لەلای خۆمانەوە خەواندبوومانن، کیسەگەلی پڕ لە شەکری خاو، کە شتی پێ بکڕین، پەتۆی ڕەنگاوڕەنگ، باوەشێنی کاغەز، مرواریی ئینگلیزی، قایش، بەردی ڕەشی نەرمی ڕووبارەکەی ئەودیو ماڵەکانمان، تاڵێک قژی لوولی کوڕێک، کە جارێک لە جاران دەستمان پێدا هێنا و خۆشمان ویستبوو، بەڵێنمان پێ دابوو نامەی بۆ بنووسین، گەرچی دڵنیاش ببووین، کە هەرگیز بۆی نانووسین، ئاوێنەی زیوین، کە لە دایکانمان وەرمان گرتبوون و هێشتا دواوشەیان لە گوێچکەماندا دەزرینگایەوە: *تۆ دەبێ ئەوە بزانیت: ژنان لاوازن، بەڵام دایکان بەهێزن.*

لە کەشتییەکەدا، گلەوگازندەمان لە هەموو شت هەبوو. لە کێچ و لە ئەسپێ و لە بێخەوی. لەو گڤوورە کپە بێ هەدادانەی کە لە ماتۆڕی کەشتییەکەوە دەهات و دزەی دەکردە ناو خەونەکانمانەوە، گلەوگازندەمان

لـە بۆگەنـی ئاودەسـتەکان هەبـوو - چاڵـی گـەورە و کـراوە، کـە ڕێـک دەڕژانـە نـاو زەریـا - گلەوگەزندەمـان لـە بۆدڕیـی خۆمـان هەبـوو، کـە وردەوردە زیادی دەکرد و هەست دەکرا ڕۆژ دوای ڕۆژیش تیژتر دەبێ. گلەوگازندەمـان هەبـوو لـە باڵادەسـتییەکەی (کازوکـو)، لـە قرخەقرخەکـەی (چیـۆ)، لـە (فیوسـایوس)، کـە ئەبەدییانـە گۆرانییەکـەی (تۆپلێکەرسـناس)ی لەبـەر خۆیـەوە دەگوتـەوە و هێـور هێـور دێوانـەی دەکردیـن. گلەوگازندەمـان لـە تەوقەکانمـان هەبـوو، کـە بـەردەوام بـزر دەبـوون. دەمانگـوت: *بڵێـی کـێ لەناومانـدا بیاندزێـت؟* گلەوگازندەمـان لـەو کچانـەی کلاسـی یەکـەم هەبوو، کە کاتێ لەژێر چەتـرە ئاوریشـمییە وەنەوشـەییە خۆرگرەکانیانـا لـە سـەرەوە، لەسـەر کەشـتییەکە بـە پیاسـە بەلاماندا تێدەپەڕیـن، قـەت بـۆ یـەک تاقـە جاریـش سـڵاوێکیان لـێ نەدەکردیـن: *چما خۆیـان بـە چـی دەزانـن؟* گلەوگازندەمـان لـە گـەرمـا و لـە سـەرما، لـە بەتانیـی خووریـی زبـر، گلەوگازندەمـان لـە گلەوگازنـدەی خۆمـان هەبـوو. بـەڵام لـە ڕاسـتیدا، زۆربـەی زۆرمـان لـە نـاوەوەڕا زۆر شـادمان بوویـن، چونکـە بـەو زووانـە، لەگـەڵ مێردە تازەکانماندا، کە لـەو مانگانـەی دواییدا چەندین جار نامەیـان بۆ نووسـیبووین، لـە ئەمەریـکا بـە دیـداری یـەک دەگەیشـتین. ئـەوان بۆیـان نووسـیبووین: *خانوویەکـی جوانـم کڕیـوە. دەتوانیت گوڵەلالـە لـە باخچەکەیـدا بڕوێنیت. نێرگـز بڕوێنیـت. هەرچیت دەوێ، بیڕوێنیت. من کێڵگەیەکم هەیە. هۆتێلێـک بەڕێـوە دەبـەم. مـن بەڕێوەبـەری بانقێکـم. لـە سـاڵانێکی زۆر لەمەوبـەرەوە ژاپۆنـم جـێ هێشـتووە، تـا کۆمپانیایـەک بـۆ خـۆم دامـەزرێنم و ژیانـی خـۆم تەگبیـر بکـەم. مـن بـاڵام ١٧٩ سـانتیمەترە و گیرۆدەی هیـچ نەخۆشـییەکی گولـی یـان درێژخایـەن نیـم و هیچکـەس لـە خێزانەکەمـدا شـێت نییە. من لە ئۆکایاما لەدایک بووم. لە هیۆگۆ. لە میاگی. لە شیزۆکۆ. من لە گوندێکی نزیک گوندەکـەی تـۆدا گـەورە بـووم و چـەند ساڵێک لەمەوبـەر لـە بـازاڕ تـۆم بینیـوە. هەرکاتـێ توانیـم، خێـرا پـارەت بـۆ سـەفەرەکە بـۆ*

*ڕەوانـە دەکـەم.*

لـە کەشتییەکەدا، فۆتـۆی مێردەکانمـان کردبوونـە مەدالیای درێژکۆڵـەوە و بـە زنجیرێکی درێژ کردبوومانـە ملمـان. لـە جانتـای بچکۆڵـەی ئاوریشـم، لـە قووتـووی کۆنـی چـا، لـە پاکەتـی سـووری بۆیـە و لـەو زەرفـی نامـە قاوەییـە ئەسـتوورە ئەمریکییانـەدا، کـە لـە سـەرەتادا فۆتۆکانیـان تێدا هەناردبـوون، هەڵمـان گرتبـوون. وێنەکانمـان خسـتبوونە نێوان لاپەڕەکانـی کتێبی ڕێنوێنیی گەشتیاریی *"وەرن، ژاپۆنییەکان"*ەوە، خسـتبوومانە نێوان لاپـەڕەی کتێبەکانـی ڕێنوێنـی، بـۆ ئەوانـەی سـەفەر بـۆ ئەمەریـکا دەکـەن و کتێبـی *دە شـێواز، کـە مـرۆڤ حـەز لـە بەرگـە شـیعرە بوداییـە کـۆن و دراوەکانـی سـوترا بکا*، یەکێکیشـمان، کە کریسـتیان و گۆشـتی دەخـوارد و نوێـژی بـۆ خودایەکـی قژبـژ دەکـرد، وێنـەی مێردەکـەی لەنێـوان لاپـەڕەی تەوراتەکـەی شـا یاقوبـدا دانابـوو. کاتێـک لێمـان دەپرسـی ئاخـۆ زیاتر کام پیاوەیانـی خۆشـتر دەوێ – پیـاوی نـاو فۆتۆکـە یـان حەزرەتـی مەسـیح خـۆی – ئـەو بـە زەردەخەیەکـی پڕمانـاوە وەڵامـی دەدایەنـەوە: *"هەڵبـەت، ئـەوا!"*

لـە کەشـتییەکەدا، زوربـەی زۆرمـان خـاوەن نهێنیگەلێـک بوویـن، کـە سـوێندمان خواردبـوو هەرگیـز بەدرێژاییـی ژیانمـان بـۆ مێردەکانمـان بەرهەڵدایان نەکەیـن. دەشـێ ئـەوە پاسـاوی ڕاسـتەقینە بێت، بۆ ئـەوەی کـە ئێمـە بۆیـە سـەفەرمان بۆ ئەمەریکا دەکرد، تـا شـوێنپێی باوکێکی بزربـوو هەڵبگرین، کـە لـە سـاڵانێکی زۆر لەوەوبـەرەوە جێی هێشـتبووین. *باوکمـان سـەفەری بۆ یومینـگ کردبوو، تـا لـە کانەخەڵوزەکانا ئیش بکا و پاشـان ئیتر لێمـان شـوێنبزر بووبوو.* یـان دەشـێ کچێکـی بچکۆلەمـان لـەدوای خۆمانـەوە جـێ هێشـتبێ، کـە لـە پیاوێـک بوومانـە، ئێسـتا بەحـاڵ ڕووخسـاریمان بیـر دەهاتـەوە – ڕەنگبـێ لـە حەکایەتخوانێکی گـەڕۆک بووبێتمان، کـە هەفتەیـەک لـە گوندەکەمانـدا ماوەتـەوە، یاخـود لـە قەشـەیەکی بوداییمـان بووبـێ، کـە

ئێوارەیەکی درەنگ لە ڕێگەیدا بەرەو چیای فوجی، لە بەردەرگەی ماڵماندا ڕاوەستاوە. تەنانەت ئەگەر دڵنیاش بین کە دایکان و باوکانمان بەباشی ئاگایان لە کچەکەمان دەبێت - ئاخر هەمیشە دەنووکیان لەسەرمان بوو و پێیان دەگوتین - *ئەگەر لێرە، لە گوند بمێنینەوە، ئەوا قەت شوو ناکەن* - کەچی هێشتا هەر هەست بە ئازاری ویژدان دەکەین، بەوەی دوای ژیانی خۆمان کەوتین و کچەکانمان بەجێ هێشتن. لە کەشتییەکەدا، هەموو شەوێک بۆیان دەگریاین، بەڵام بەیانییەکیان لەخەو هەستاین، چاومان سڕی و گوتمان: "ئیتر بەسە!" وامان گوت و بیرمان لە شتی تر کردەوە. بیر لەوەی کاتێ پێ دەنێینە کەنار، چ جلکێکمان لەبەردا بێ، قژمان چۆن بێت، کاتێ بۆ یەکەم جار مێردە تازەکانمان دەبینین، چییان پێ بڵێین. لەبەر ئەوەی ئێستا ئێمە لە کەشتیداین، کەواتە ڕابردوومان لەدوای خۆمانەوە جێ هێشتووە و چ ڕێگەیەک بۆ گەڕانەوە نییە.

لە کەشتییەکەدا، ئەوەمان نەدەزانی کە هەتا دەمرین، هەموو شەوێک خەون بە کچەکانمانەوە دەبینین. ئەوان لە خەونەکانماندا هەمیشە تەمەنیان سێ ساڵان و ڕێک وەک ئەوە دەبن، کە بۆ دواپین جار بینیبوومانن: کچێکی بچووک لە کیمۆنۆیەکی سووری تۆخدا، بە چیچکانەوە لای گۆمێکەوە دانیشتووە و هەر تەواو واقی بە بینینی هەنگێکی مردوو وڕ ماوە.

لە کەشتییەکەدا، هەموو ڕۆژێک هەمان خواردنمان دەخوارد و هەمان هەوای بۆسواردمان هەڵدەمژت. هەمان گۆرانیمان دەگوت و بە هەمان سوعبەت پێدەکەنین، بەیانیانیش کاتێ هەوا خۆش بوو، لەبنی تەنگی کەشتییەکەوە هەڵدەگژاینە سەرێ و بە سۆڵە تەختەیی و جلکە تەنکە هاوینەییەکانمانەوە، بەسەر کەشتییەکەدا دەگەڕاین و جاروبار ڕادەوەستاین، تا تەماشای زەریای شینی بێکۆتایی بکەین. هەندێ جار تەیرەماسییەک لەبەر پێماندا دەنیشتەوە، هەناسەی لەبەر بڕابوو و خۆی

ڕادەتەکاند و دەمی دادەچەقاند، یەکێکیشمان – بەزۆری کچی یەکێک لە ماسیگرەکان – هەڵی دەگرت و هەڵی دەدایەوە ناو ئاوەکە. یاخود ڕەوە دۆلفینێک لە جێگەیەکەوە وەدیار دەکەوتن و بە سەعات پێبەپێی کەشتییەکە بازیان دەدا. بەیانییەکی ئارام و بێ هەوا، کاتێ زەریا وەک شووشە دەدرەوشایەوە و ئاسمان شینێکی بریقەدار بوو، لەناکاویکڕا باڵی نەرم و ڕەشی نەهەنگێک لە ئاوەکەوە بەرز بۆوە و پاشان دیار نەما، بۆ ساتێک بیرمان چۆوە هەناسە بدەین. ڕێک دەتگوت *لەنێو چاوانی بودا دەنۆڕین*.

لە کەشتییەکەدا، بەزۆری بە سەعات لە سەرەوە ڕادەوەستاین و لە کاتێکدا سەرنجی موسافیرەکانی تر، کە بەلاماندا تێدەپەڕین، دەدان، با شەپۆلی بە پرچمان دەدا. شێخگەلێکی مێزەربەسەری خەڵکی پنجابمان دەبینین، کە لە وڵاتەکەیان هەڵدەهاتن و بۆ پەناما دەچوون. ڕووسگەلێکی دارامان دەبینین، کە لە شۆڕش هەڵدەهاتن. کرێکارانی چینیی خەڵکی هۆنگ کۆنگمان دەبینین، کە بەڕێوە بوون بچن بۆ پیرۆ، تا ئیش لە کێڵگەکانی پەمووداا بکەن. کینگ لین ئۆڤانۆڤیچ و باندە قەرەجە بەناوبانگەکەیمان بینین، کە کێڵگەیەکی گەورەی ئاژەڵانی لە مەکسیکۆ هەبوو و پڕوپاگەندەی ئەوەشی بۆ خۆی دەکرد، کە سەرۆکی دەوڵەمەندترین باندی قەرەجانی دونیایە. سیانە گەشتیارێکی بەهەتاوسووتاوی ئەڵمانیاییمان بینین و قەشەیەکی کەشخەی ئیسپانیایی و ئینگلیزێکی سوورکەلە بە ناوی چارلیس، کە هەموو پاشنیوەڕۆیەک، سەعات سێ و چارەک دەهاتە سەر لێواری کەشتییەکە و چەند جارێک بەخێرایی، بەناو کەشتییەکەدا دەهات و دەچوو. چارلیس لە کلاسی یەکەمدا سەفەری دەکرد و خاوەن چاوانێکی سەوزی تۆخ و کەپوویەکی تیژ و بە ژاپۆنییەکی ڕەوان دەپەیڤی، بۆ زوربەی زۆرمان، ئەو یەکەم سپیپێستێک بوو، کە لە ژیانماندا بینیبوومان. چارلیس پرۆفیسۆری زوبانە بیانییەکان بوو لە زانکۆی ئوساکا و ژنێکی ژاپۆنیی

و منداڵێکی هەبوو. ئەو زۆر جار لە ئەمەریکا بووبوو. حەوسەڵەیەکی باشی بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانمان هەبوو. لێمان دەپرسی: ئایا ڕاستە ئەمەریکاییەکان بۆنێکی ئاژەڵانەی خۆترنجێنیان لێ دێ؟ (چارلیس پێدەکەنی و دەیگوت: چما من وام؟ وای دەگوت و لێدەگەڕا دانەوینەوە و مشەمش بۆنی بکەین.) دەمانپرسی: ئەدی باشە ئەمەریکاییەکان ڕێک چەند تووکنن؟ (چارلیس وەڵامی دەداینەوە: تا ڕادەیەک وەک من تووکنن.) وای دەگوت و پاشان قۆڵی هەڵدەکرد و دەمانبینی قۆڵی بە تووکێکی قاوەیی تۆخ پۆشراوە و ئیدی ئەوە زەندەقی دەبردین. دەمانپرسی: ئاخۆ ئەوان سینگیان تووکی پێوەیە؟ (چارلیس سوور هەڵدەگەڕا و دەیگوت: ناتوانێ سینگیمان پیشان بدا.) ئێمەیش سوور هەڵدەگەڕاین و دەمانگوت، خۆ داوای شتی وامان لێ نەکردوویت. دەمانپرسی، ئاخۆ هێشتا خێڵی دڕندەی هیندییە سوورەکان لە ئەمەریکا هەن و مێرغوزارەکان لە پێوە دەدەن؟ (چارلیس دەیگێڕایەوە، هەموو هیندییە سوورەکان دوور خراونەتەوە.) وای دەگوت و ئێمەیش هەناسەیەکی ئۆخەیمان هەڵدەمژت. دەمانپرسی، ئاخۆ ڕاستە ژنان لە ئەمەریکا ناچار نین بۆ مێردەکانیان بنووشتێنەوە، یان کاتێ پێدەکەنن، دەست بە دەمیانەوە ناگرن؟ چارلیس تەماشای کەشتییەکی دەکرد، کە لەلای ئاسۆوە تێدەپەڕی، هەناسەیەکی هەڵدەکێشا و دەی گوت: "هەڵبەت بەداخەوە، ئا." دەمانپرسی: ئاخۆ ڕاستە پیاوان و ژنان بەدرێژایی شەوان بەرامبەر یەک سەما دەکەن؟ (چارلیس ڕوونی دەکردەوە: تەنها شەمموان.) دەمانپرسی: ئەی سەماکە قورسە؟ چارلیس وەڵامی دەداینەوە: "سەماکە سووکە." پاشان شەوی داهاتوو لەسەر کەشتییەکە وانەیەکی لەبەر تریفەی مانگەشەودا لەبارەی سەمای (فوکستروت)ەوە پێ دەگوتین: *خاو، خاو، خێرا، خێرا*. دەمانپرسی: ئایا ڕاستە ناوەندی شاری سان فرانسیسکۆ لە گینزا گەورەترە؟ (چارلیس وەڵامی دەداینەوە: ئا، بێگومان.) دەمانپرسی: ئایا خانووەکان لە ئەمەریکا

سێهێنده لەوانەی خۆمان گەورەترن؟ (چارلیس وەڵامی دەداینەوە: ئا، هەر بەڕاستی بەو جۆرەیە.) دەمانپرسی: ئەی ڕاستە هەرماڵە پیانۆیەک لە هۆڵەکانیاندایە؟ (چارلیس دەیگوت: ڕاستتر ماڵ نا ماڵێک.) دەمانپرسی: ئەی پێت وایە ئێمە بتوانین لەوێ بەختەوەر بین؟ (چارلیس چاویلکەکەی لە چاوی دادەکەند، بە چاوە سەوزە جوانەکانی تەماشای دەکردین و دەیگوت: ئا، هەر زۆر.)

لە کەشتییەکەدا، هەندێکمان نەماندەتوانی نەبینە هاوڕێی زەریاوانەکان، کە خەڵکی هەمان گوندەکانی لای خۆمان بوون و هەموو وشەکانی گۆرانییەکانی ئێمە بەڵەد و بەردەوامیش داوای پەیوەندییان لێ دەکردین. بەڵام ئێمە بۆمان ڕوون دەکردنەوە شوومان کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا هەر هەندێکمان عاشقیان دەبووین. کاتێکیش داوایان لێ کردین بەتەنها بمانبینن – دەیانگوت ئەمشەو، سەعات دە و چارەک لە ئەرشی ناوەڕاستی کەشتییەکەدا – بۆ ساتێک زەق زەق لە خوارەوە، لە پێوپلی خۆمان دەنۆڕی، هەناسەیەکی قووڵمان هەڵدەکێشا و دەمانگوت: "باشە." ئەوەش شتێک بوو، بەتەما نەبووین هەرگیز بۆ مێردەکانمانی بگێڕینەوە. دواتر ئاوها بیرمان لێ دەکردنەوە: *ئەوە شێوازی خۆی بوو، کە تەماشای پێ دەکردم.* یان: *ئەو خاوەن زەردەخەنەیەکی زۆر جوان بوو.*

یەکێکمان لە کەشتییەکەدا، دووگیان بوو، بەڵام پێی نەزانیبوو، کاتێک نۆ مانگ دواتر منداڵەکەی بوو، یەکەم شتێک کە سەرنجی دا، ئەوە بوو منداڵەکە هەر زۆر لە مێردە تازەکەی دەچوو. پێی گوتبوو: *چاوانی هەر دەڵێی چاوی خۆتن.* یەکێکمان دوای ئەوەی شەوێکی لەگەڵ زەریاوانێکدا بەسەر بردبوو، لە کەشتییەکە خۆی هەڵدایە خوارەوە و پارچەکاغەزێکی لەسەر سەرینەکەی جێ هێشتبوو: *ئیدی دوای ئەو، کەسی تر بوونی نییە.* یەکێکمان عاشقی مژدەبەرێکی کڵێسای میتۆدیستی بوو، کە

بەڕێوە بوو بۆ ولاتەکەی بگەڕێتەوە و ئەم لەسەر کەشتییەکە ئاشنای بووبوو، ئەگەرچی مژدەبەرەکە دوعای کردبوو، کە ئەمە خوایە کاتێ دەگەنە ئەمەریکا، دەسبەرداری مێردەکەی ببێ، بەلام ژنەکە بۆی ڕوون کردبووەوە، ناتوانێت وا بکا. پێی گوتبوو: "من دەبێ دوای چارەنووسی خۆم بکەوم." بەلام بەدرێژاییی ئەودوای تەمەنی، بیری لەو ژیانە کردبووەوە، کە دەکرا لەگەڵ ئەو پیاوەدا بەسەری ببات.

لە کەشتییەکەدا، هەندێکمان حەزمان لەوە بوو لە خۆمان ڕابمێنین، لەگەڵ خۆماندا بین و زوربەی کاتی سەفەرەکەمان لە کابینەی خەوەکانماندا لەسەر زگ ڕاکشێین و بیر لە هەموو ئەو پیاوانە بکەینەوە، کە لەدوای خۆمانەوە جێمان هێشتبوون. بیر لە کوڕی ژنە بەقاڵەکە بکەینەوە، کە هەمیشە وای دەنواند نامانبینێ، بەلام هەرکاتێ دایکی، کە دوکانەکەی بەڕێوە دەبرد، غافل دەبوو، نارنجێکی زیادەی دەداینێ. بیرمان لەو پیاوە ژنداره دەکردەوە، کە جارێکیان ئێوارەیەکی درەنگ بۆ ماوەی دوو سەعات لەبەر باران و لەسەر پردێک چاوەڕێیمان کرد، بۆچی؟ بۆ ماچێک و بەڵێنێک. پێی گوتبووین: " سبەینێ دێمەوە." لەگەڵ ئەوەشدا کە قەت جارێکی تر نەماندەبینییەوە، کەچی هەموو ڕۆژێک بەبێ دوودڵی چاوەڕێیمان دەکرد. ئاخر هاودەمیکردنی ئەو بۆ تاقە جارێک بەلامانەوە بە بارتەقای هەر هەموو ژیان بوو. زۆر جاران کاتێ خەریک بوو خەومان لێ دەکەوت، بەسەر خۆماندا دەهاتین بیر لەو کوڕە جووتیارە دەکەینەوە، کە هەموو عەسرانێک کاتێ لە قوتابخانەوە بۆ ماڵەوە دەگەڕاینەوە، قسەمان لەگەڵدا دەکرد – ئەو کوڕە گەنجە قۆزەی ئاواییەکەی هاوسێمان، کە دەستەکانی ئیغوای سەختترین تۆویان لە ئەرزدا دەکرد – و هەر وا بیرمان لەوە دەکردەوە، چۆن دایکانمان، کە بە هەموو شتێیان دەزانین و زۆر جار بیر و خەیالاتمانیان دەخوێندەوە، بە جۆرێک تەماشایان دەکردین، وەک ئەوەی شێت بووبین. دەیانگوت: چییە،

*دەتانەوێ ئەودوای ژیانتان بە چیچکانەوە لە کێڵگەیەکدا بەسەر ببەن؟* (ئێمە خانەگومان بووین و تا ڕادەیەک بە بەڵێ وەلاممان دەدانەوە) ئەدی ئێمە هەمیشە خەونمان بەوەوە نەدەبینی، کە وەک دایکمان بین؟ ئایا ئەوە تاقە شتێک نەبوو، کە ئێمە هەر بەڕاستی دەمانویست ببین؟

لە کەشتییەکەدا، دەبوو هەریەکێکمان بڕیاری خۆی بدات، کە لەکوێ بنوێ و پشت بە کێ ببەستێ و ببێتە هاوڕێی کێ و چۆن بشبێتە هاوڕێی. ئەگەر کەسی سەر قەرەوێڵەکەی تەنیشتمان پرخەپرخی کرد یان بەدەم خەوەوە قسەی کرد، یاخود قاچوقوولی لەوەی خۆمان بۆنی ناخۆشتر و جلکە پیسەکانی بەو ناوەدا بلاو بووبۆوە، چۆن پێی بڵێین. ئەگەر یەکێک لە کچەکان داوای لێ کردین ڕای خۆمان لەبارەی ستایلی قژبڕینەکەیەوە بڵێین - بۆ نموونە ستایلی ئیڤز، ستایلێک، کە وەک ئاگر بە کەشتییەکەدا بلاو بووبووەوە - ئاخۆ لێی دێ یان نا، بەلام ئەو خۆی لێی نەدەهات، لەبەر ئەوەی ستایلەکە سەری زۆر گەورە دەر خستووە، ئایا دەبوو ئێمە لەو کاتەدا ڕاستییەکەمان پێ گوتبا، یاخود لەبری ئەوە بمانگوتبا هەرگیز لە ژیانیدا ئەوەندە جوان نەبووە؟ ئایا ئەوە ڕاستە گلەوگازندە لە چێشتلێنەرەکە بکەین، کە خەڵکی چینە و دەزانێ تەنها یەک شێوە خواردن لێبنێ - برنج بە کاری _ کە هەموو ڕۆژێک بۆمان دادەنێ؟ بەلام ئەگەر شکاتی لێ بکەین و بۆ چین بنێردرێتەوە، ئایا ئەوە گوناهی ئێمە دەبێ، کە بۆ چەند ڕۆژێک هەر هیچ برنجمان نەبێت؟ ئەدی بە هەرحاڵ، چما کەسێک هەیە گوێمان لێ بگرێ؟ ئایا هەر بەڕاستی کەسێک هەیە شکاتەکەمان بەجیدی وەر بگرێت؟

لە جێگەیەکی کەشتییەکەدا، ناخودایەک هەیە و دەڵێن گوایە هەموو بەیانییەک شەبەق کچێکی گەنجی جوان لە ژوورۆکەکەیەوە دێتە دەر. هەڵبەت هەر هەموومان پەرۆشین بزانین، ئاخۆ ئەو کچە یەکێکە لە ئێمە یاخود یەکێک لە کچەکانی کلاسی یەکە؟

لە کەشتییەکەدا، جاروبار شەوانێکی درەنگ دەخزاینە کابینەکانی خەوی یەکترەوە و لەپاڵ یەکدیدا ڕادەکشاین و بەبێدەنگی باسمان لە هەموو ئەو شتانەی لای خۆمان دەکرد، کە بیرمان دەکەوتنەوە: بۆنی خۆشی پەتاتەی شیرینی برژاو لە پاییزانێکی زوودا، سەیران لە جەنگەڵی خەیزەرانەکەدا، باس لەوەی چۆن یاریی تارمایی و شەیتانمان لە حەوشەی پەرستگە داڕووخاوەکەدا دەکرد، باسی ئەو ڕۆژەی کە باوکمان چووە دەرەوە، تا سەتڵێک ئاو لە بیرەکە بهێنێ و ئیدی ببڕای ببڕای نەگەڕایەوە، باسی ئەوەی چۆن دایکمان چیدی بۆ یەک جاریش ناوی باوکمانی نەدەهێنا. *وەک ئەوەی قەت قەت نەبووبێ. من ساڵانێک بەدوای باوکمدا لەبنی ئەو بیرە ورد دەبوومەوە.* وتووێژمان لەبارەی کرێمە لەبەردڵانەکانمانەوە دەکرد، باسی باشییەکانی پۆدرەی کاڵ، باسی یەکەم لەحزە، کە فۆتۆی مێردەکانمان بینین هەستمان بە چی دەکرد. *لە کەسێکی بەئەدەب دەچوو، هات بە خەیاڵماندا، کە شایانمانە.* جاروبار شتی وامان دەگوت، کە پێشتر بە هیچ کەسێکمان نەگوتبوون، کە دەستیشمان پێ دەکرد، ئیتر نەماندەبڕییەوە. جاروبار کتوپڕ بێدەنگ دەبووین و تا بەیانی کازیوە لە باوەشی یەکتردا گرمۆڵە دەبووین، ئەوسا یەکێکمان خۆی لە باوەشی ئەوی تر دەر دەکێشا و دەیپرسی: "بەڵام دەکرێ ئەم بەزمە بەردەوام بێت؟" ئەمەش شتێکی تر بوو، کە دەبوو بڕیاری لێ بدەین. ئەگەر بمانگوتبا: "بەڵێ،" ئەوا بەردەوام دەبووین و ئەگەر شەوی داهاتوو نەهاتینایەتەوە بۆ لای، ئەوا شەوی دوایی، یان دواتر دەهاتینەوە – ئەوسا قەناعەتمان بە خۆمان دەهێنا، کە هەرچی بکەین، هەمان ئەو ساتەوەختەی لە کەشتییەکە دادەبەزین، بیرمان دەچێتەوە. هەڵبەت ئەمەش هەرچۆنێک بێت، پێشەکی و پەراوەیەکی باشە بۆ ئەو کاتەی بە مێردەکانمان دەگەین.

کەمەکێکمان لە کەشتییەکەدا، قەت لەگەڵ پیاوێکدا نەبووبووین، ئەگەر

ڕێگەیەک هەبووایە بەبێ ئەوەی شوو بکەیت سەفەر بۆ ئەمەریکا بکەیت، ئەوا سێودوومان نەدەکرد و دەمانگرتە بەر.

لە کەشتییەکەدا، نەماندەزانی بۆ یەکەم جار چاومان بە مێردەکانمان دەکەوێ، نایانناسینەوە و نازانین کامانەن. نەماندەزانی ئەو کۆمەڵەپیاوەی بە کڵاوی چنراو وَ پاڵتۆی ڕەش و ڕەنگبواردووەوە لە خوارەوە، لە لەنگەرگەکە ڕادەوەستن و چاوەڕێمان دەکەن، هەر هیچ لە پیاوە گەنجە کەشخەکانی ناو فۆتۆکان ناچن. پیاوی ناو وێنەکان تەمەنیان بیست ساڵان بوو. ئەو نامانەی بۆ ئێمە نێردرابوون، لەلایەن پیاوانی ترەوە، جگە لە مێردەکانمان نووسرابوون، پیاوانێکی فێڵبازی دەستخەت - جوان، کە دەزانن چۆن درۆ بهۆننەوە و فریومان بدەن. نەماندەزانی کە بۆ یەکەم جار گوێمان لە ناوی خۆمان دەبێ، کە دەخوێندرێتەوە، یەکێکمان دەست بە چاوانیەوە دەگرێ و دوور دەکەوێتەوە و دەڵێ: من بۆماڵەوە دەگەڕێمەوە – لە کاتێکدا ئەوانی ترمان سەر هەڵدەبڕین، جلکەکانمان ڕێک دەخەین، بە ئەسکەلەکەدا دەچینە خوارەوە و پێ دەنێینە ڕۆژێکی هێشتا گەرمەوە. قەناعەت بە خۆمان دێنین: *ئەمە ئەمەریکایە. چ شتێک نییە مایەی نیگەرانیمان بێت.* وا دەڵێین، بەڵام هەڵەین.

# یەکەم شەو

ئەو شەوە خێرا مێردەکانمان لەگەڵمان جووت بوون. بەئارامی لەگەڵمان جووت بوون. بە پارێز، بەڵام شێلگیرانە و بەبێ ئەوەی یەک تاقە وشە بڵێن، لەگەڵمان جووت بوون. ئەوان وەک دەڵاڵەکانی هاوسەرگیری بەڵێنیان پێ دابوون، پێیان وا بوو ئێمە پاقیژەین، بۆیە بە دیقەتێکی باشەوە لەگەڵمان جووت بوون. دەیانگوت: *ئەگەر ئێشی هات، پێمان بڵێن*. کاتێ تەخت لەسەر پشت و لەو ئەرزە ساردەی هۆتێلی (مینوتێ)دا ڕاکشاین، لەگەڵمان جووت بوون. لە خوارەوە لە سێنتروم، لە ژوورەکانی کلاسی دووی (کومێنتو ئین)، لە باشترین هۆتێلەکانی سان فرانسیسکۆ، کە ئاسیاییەک بتوانێ پێی تێی بخا، لە هۆتێلەکانی کینو کونییا، میکادو و ئوگاوا لەگەڵمان جووت بوون. ئەوان هاسان وەریان گرتین و پێیان وا بوو هەرچییەکمان پێ بڵێن، دەبێ بۆیان بکەین. گوتیان: *بێ زەحمەت ڕوو بکەنە دیوارەکە و بکەونە سەر چوارپەل*. سووک ئانیشکیان گرتین و بێدەنگ گوتیان: *"ئیتر وەختییەتی!"* بێ ئەوەی ئێمە ئامادە بین، لەگەڵمان جووت بوون و تا سێ ڕۆژ خوێنمان لەبەر دەڕۆیشت. بە جلکە کیمۆنۆ سپییە ئاوریشمییەکانمانەوە، کە لە تەوقی سەرمان ئاڵابوو و لە دڵمان چەسپیبوو، کە دەمرین، لەگەڵمان جووت بوون. یەکێکمان دەیگوت: من یەک بە خۆم *وام زانی* دەخنکێم. چاوچنۆکانە و برسی لەگەڵمان جووت بوون، لەگەڵمان جووت بوون وەک ئەوەی هەزار و یەک ساڵ بێت چاوەڕێ

بن لەگەڵمان جووت ببن. لەگەڵمان جووت بوون ئەگەرچی دوای سەفەری کەشتییەکە هێشتا دڵمان تێکەڵ دەهات و زەوی لەژێر پێماندا دەخولایەوە. هەر کە هەوڵمان دا بەرگری بنوێنین، بە زەبروزەنگ و بە مشتی وێکهاتووەوە لەگەڵمان جووت بوون، لەگەڵمان جووت بوون، ئەگەرچی لێیان پاڕاینەوە، ئەگەرچی پیاماندا کێشان، ئەگەرچی سووکایەتیمان پێ کردن، پێمان گوتن: *ئێوە لە پەنجەتووتەی دایکە قەحبەتان بچووکترن* – وامان پێ گوتن و قیژەیەکی بەرزمان بۆ داوای یارمەتی کرد (کەس بە دەنگمانەوە نەهات). لەگەڵمان جووت بوون، ئەگەرچی لەبەر پێیاندا نووشتابووینەوە و نێوچەوانمان نووساندبوو بە ئەرزەکەوە و سوێندمان دەدان پەلە نەکەن. دەمانگوت: ناکرێ بیخەنە سبەینێ؟ کتوپڕ لەگەڵمان جووت بوون، چونکە هەندێکمان دایکانمان پێیان نەگوتبووین کە پێویستە ڕێک لەو شەوەدا چی بکەین و چی نەکەین. یەکێکمان دەیگوت: من تەمەنم سیازدە ساڵانە و هەرگیز پیاوێکم ڕووبەڕوو نەبینیبوو. لەگەڵ داوای لێبووردن لە دەستە زبر و ڕەقەکانیان، لەگەڵمان جووت بوون و ئیدی ئێمەش یەکسەر بە دەستوپلیاندا زانیمان ئەوانە جووتیارن، نەک پیاوانی بانق. هێمن و ئارام لە دواوە سوارمان بوون، لە کاتێکدا ئێمە بەسەر پەنجەرەکەدا بۆ دەرەوە دانەویبووینەوە و بە ڕووناکیی شار سەرسام دەبووین. لێیان پرسین: *"ئێستا بەختەوەرن؟"* لە کاتێکدا ئێمە بە دەمدا لەسەر ئەو بەڕە شڕانە ڕاکشابووین، کە بۆنی گوومشک و کەڕوویان لێ دەهات، بەستیانینەوە و سوارمان بوون. شێتگیرانە لەسەر سەرچەفە پەڵەپەڵاوییەکان بە پەڵەی زەرد سوارمان بوون. سووکەڵە و بەبێ چ زەحمەتێکی زۆر سوارمان بوون، لەبەرئەوەی هەندێکمان پێشتر چەند جارێک خەڵکی تر سوارمان بووبوون. بە سەرخۆشی سوارمان بوون. توند و بێڕەحمانە و بەبێ سەرنجدان لە ئازارەکەمان، سوارمان بوون. یەکێکمان گوتی: من پێم *وابوو* ڕەحمم *دەتەقێ*. لەگەڵمان جووت

بوون، ئەگەرچی لاقمان جووت کردبوو و دەپاڕاینەوە: "نەء، تکایە!" بە پارێزەوە لەگەڵمان جووت بوون، وەک ئەوەی بترسن هەڵتلیشێین. یەکێکیان دەیگوت: تۆ زۆر بچووکیت! سارد، بەڵام لێزانانە لەگەڵمان جووت بوون. دەیانگوت: *بیست چرکەی تر هەموو کۆنترۆڵێکی خۆتان لەدەست دەدەن.* وایان دەگوت و ئێمەش زانیمان کە بەر لە ئێمە لەگەڵ زۆر ژنی تردا جووت بوون. لەگەڵمان جووت بوون، لە کاتێکدا ئێمە بەتاڵ و چۆڵوهۆڵ، زەق زەق لە بنمیچەکەمان دەنۆڕی و چاوەڕێ بووین ئەمە تێپەڕێ، بەڵام حاڵی بووین تێناپەڕێ و ساڵانێکی زۆر دەخایەنێ. بە یارمەتیی شاگردی هوتێل و ژنەکانیان لەگەڵمان جووت بوون، توند بە ئەرزەکەوە نووساندیانین تا ڕانەکەین. دەیانگوت: *کاتێک ئەم پیاوە لێەبێتەوە، ئیدی کەسی تر نایەوێت.* لەگەڵمان جووت بوون، وەک چۆن باوکانمان شەوناشەوێک لە کوختە یەکژوورییەکانماندا لە گوند، لەگەڵ دایکانماندا جووت دەبوون: کتوپڕ بەبێ ئاگادارکردنەوە، ڕێک ئەو کاتەی کە خەریک بوو خەومان لێ دەکەوت، لەبەر تیشکی گڵۆپدا لەگەڵمان جووت بوون. لەبەر تریفەی مانگ، لە تاریکیدا کە نەماندەتوانی چ شتێک ببینین، لەگەڵمان جووت بوون. بە شەش چرکە لەگەڵمان جووت بوون و پاشان بە نرکەنرکی لەرزۆکانەوە بەسەرماندا تلیسان و ئێمەش بیرمان لەوە دەکردەوە: هەر بەڕاست، *ئایا ئەوە هەموو شتێک بوو؟* ئەوان گوڕیان خواردبووەوە و ئێمەش دەمانزانی بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک ئازارمان دەبێت. لەگەڵمان جووت بوون، کاتێک لەسەر ئەژنۆ دانیشتبووین، خۆمان نووساندبوو بە کوڵەکەی تەختەخەوەکەوە و دەگریاین. لەگەڵمان جووت بوون، کاتێ چاومان لە خاڵێکی پڕمانا لەسەر دیوارەکە بڕیبوو، کە تەنها ئەوان دەیانتوانی ببینن. لەگەڵمان جووت بوون، لە کاتێکدا بە ورتەورت و بە شێوەزاری ئاشنای توهوکیی، کە کتوپڕ پێی ئارام دەبووینەوە، دەیانگوت و دەیانگوتەوە: "سوپاس!" یەکێکمان دەیگوت: ئەم

*پیاوە لە باوکم دەچێ.* لەگەڵمان جووت بوون، لە کاتێکدا بە دەنگی بەرز و بە شێوەزاری ڕەقی هیرۆشیمایی، کە ئێمە بەحاڵ تێی دەگەیشتین، دەیانقیژاند، ئیدی ئەوکات زانیمان کە دەبێ هەموو ئەودوای ژیانمان پێکەوە لەگەڵ ماسیگرێکدا ببەینە سەر. بەپێوە و لەبەر ئاوێنەدا لەگەڵمان جووت بوون و ناچاریان کردین بەدرێژایی کات تەماشای خۆمان لە ئاوێنەکەدا بکەین. پێیان دەگوتین: فێر دەبن و *دوایی پێتان خۆش دەبێت.* بەئەدەبانە مەچەکیان گرتین و داوایان لێ کردین نەقیژێنین. بە شەرم و زەحمەتێکی زۆرەوە لەگەڵمان جووت بوون، وەک ئەوەی هەوڵ بدەن بەئەدەب بن. دەیانگوت: *بمبوورە!* ئینجا دەیانگوت: *ئەمە تۆیت؟ لێرەدا یارمەتیم بدە!* ئێمەش بە قسەمان دەکردن. بە زەبروزەنگەوە لەگەڵمان جووت بوون. بە ناڵەناڵەوە، بە قیژە و نەعرەتەی درێژەوە. لەگەڵمان جووت بوون، لە کاتێکدا خەیاڵیان لای ژنێکی تر بوو. ئێمە ئەوەمان لەو نیگا دوورەی چاوانیاندا دەبینی و پاشان کاتێک هیچ خوێنێکیان لەسەر سەرچەفەکە نەدەبینی، دەکەوتنە بەنەفرەتکردنمان. تەپۆیانە لەگەڵمان جووت بوون و پاشان بۆ ماوەی سێ ساڵ ڕێگەمان نەدان جارێکی تر دەستیان بەرمان بکەوێ. بە ناسکییەکی وەها لەگەڵمان جووت بوون، کە هەرگیز لە ژیانماندا کەس ئاوها مامەڵەی نەکردبووین، بە جۆرێک، کە زانیمان تا هەتایە دەمانەوێن. لەگەڵمان جووت بوون، لە کاتێکدا لە نەشوەدا دەمانقیژاند و پاشان لە شەرمدا دەستمان بە دەممانەوە دەگرت. بەپەلە لەگەڵمان جووت بوون، چەند جارێک لەسەر یەک، هەموو شەوەکە، کاتێکیش بەیانی وەئاگا بووینەوە، ئیدی بووبووینە هی خۆیان.

# سپێپێستەکان

کاتێ ڕوخسەتیان دەدایـن، لـە دەوروبەری شـارەکانیاندا نیشـتەجێ دەبووین، کاتێکیش ڕووخسەتیان نەدەدایـن – هەندێ جار ئەم ڕستەیەمان لەسەر تابلۆکانیـان دەخوێنـدەوە: *ئاگادار بن، تەماشـای خـۆر مەکـەن کاتێ لەم شـارە ئاوا دەبێ* – ئەوا بەردەوام دەبووین لـە گـەڕان. لـە ئۆردوگای کارێکیانـەوە بـە دۆڵـە تەمومـژاوی و گەرمەکانیانـدا دەچوویـن بـۆ ئۆردووگایەکـی تریـان – سـاکرامێنتو، ئیمپریـال، سـان یواکویـن– و شانبەشـانی مێردە تازەکانمـان زەوییەکانیانمـان دەکێـڵا. شـیلکەکانیانمان لـە واتسونڤیل بۆ لێدەکردنـەوە، ترێکانمانیـان لـە فرێسنو و دێنیار بۆ دەڕنین. دەکەوتینـە سـەر چـۆک و لـە دوورگـەی باکون لـە دێلتـا، لـەوێ کـە ئـەرز هەواکێش و نەرمـە، پەتاتەکانیانمـان بـە توێکڵهەڵگری باخ بـۆ هەڵدەکەنـدن. لـە ناوچـەی هۆلانـد، لۆبیـا سـەوزەکانیانمان بۆ بژار دەکردن. کاتێکیش کـە وەرزی بەروبووم تـەواو دەبـوو، بەتانییەکانمـان لـوول دەکـردن و دەمانـدان بـە کۆڵمانـدا و بـە بوخچـەی جلەکانمـان بـە دەسـتمانەوە ڕادەوەسـتاین و چاوەڕێـی عارەبانەمـان دەکـرد و بـۆ جێگەیەکـی دی دەچوویـن.

ئاو یەکەم وشـە بـوو، کـە لـە زوبانەکەیانـدا فێـری بوویـن. مێردەکانمـان پێیـان دەگوتیـن: *ئـەو وشـەیە خێرا بـە قیـژە بڵێن، کاتـێ لـە کێڵگەکانـدا هەسـت دەکـەن لەسـەرخۆتان دەچـن. ئەگـەر ئـەم وشـەیە فێر بـن، ئـەوا ژیانـی خۆتـان ڕزگار دەکـەن.* زوربەمـان وامـان کـرد، بـەڵام یەکێکمـان، یوشـیکو، کـە دایـەن

لەودیو شوورا بڵندەکانەوە پەروەردەی کردووە و لە هەموو ژیانیدا دەستی بە ئاودا نەکردبوو، خۆی فێری ئەو وشەیە نەکرد. یەکەم ڕۆژ بۆ شەوەکەی، لە (ماربێل ڕانچ) نوستبوو، بەڵام چیدی وەئاگا نەهاتبۆوە. مێردەکەی دەیگوت: وام زانی نوستووە. سەرکارەکە ڕوونی کردەوە: گەرما لێی داوە. یەکێکی ترمان لەوە شەرمنتر بوو هاوار بکا، لەبری ئەوە، کەوتبووە سەر ئەژنۆ و لە ئاوەڕۆی جۆگەلەیەکی خواردبۆوە. حەوت ڕۆژ دواتر تیفوس هەڵی قرچاند، لەو وشانەی تر، کە خێرا خۆمان فێر کرد، ئۆکەی بوو. وشەیەک، کە کاتێ سەرکارەکانمان لە ئیشەکانمان قایل دەبوون، پێیان دەگوت. هەروەها وشەی "بچۆرەوە ماڵەوە،" کە کاتێ زۆر حەپۆل یان خاووخلیچک باین، پێیان دەگوت.

ماڵەوە چادرە تەختەخەوێک بوو لە یەکێک لە کوختەکانی فییەر ڕانچ لە یولو. ماڵەوە خێوەتێکی درێژ بوو لەژێر دارهەڵوژەیەکی پڕگەڵادا، لە کێڵگەکەی کێتلمان. ماڵەوە کەلەگییەکی تەختە بوو، لە ئەمباری ژمارە ٧، لە ناوچەی بارنهارت لە دەرەوەی لودی. *هیچ شتێک دیار نەبوو، تا چاو بڕکا جگە لە دێراوە پیاز، هیچ دیار نەبوو.* ماڵەوە تەختەخەوێک بوو لە قورچۆم لە کادانەکەی جۆن لیماندا، لە نزیک ئەو ئەسپ و مانگایانەی کە بە خەڵات وەری گرتبوون. ماڵەوە قوژبنێکی ژووری جلکشۆرین بوو لە کێڵگەی لەقووتوونانەکەی ستۆکتۆن. ماڵەوە سەکۆیەکی خەوی واگۆنێکی ژەنگاویی شەمەک بوو، لە لومپوک. ماڵەوە بریتی بوو لە کولانەیەکی مریشک لە ویلۆس، کە لەپێش ئێمەدا چینییەکانی لێ ژیابوون. ماڵەوە دۆشەکێکی ئەسپێیاوی بوو، لە قوژبنی کوختێکی ئەمبارەکەدا لە دیکسون. ماڵەوە بریتی بوو لە تەختەخەوێک لە کا، بەسەر سێ سندوقەسێوی ژێر دارسێوێکەوە، لە باغی سێوەکەی فرید ستادێلمان. ماڵەوە بریتی بوو لە جێگەیەک لە بینای چۆڵکراوی قوتابخانەیەک لە ماریسڤیل. ماڵەوە بریتی بوو لە پارچەیەک ئەرزی باغێکی هەرمێ لە ئاوبورن، کە دوور نەبوو

لە (ئەمێرکان ڕیڤێر)ەوە، هەموو شەوێک لەوێ بە بێداری ڕادەکشاین و لە ئەستێرە ئەمەریکاییەکانمان دەنۆڕین، کە زۆر جیاوازییان لەگەڵ ئەستێرەکانی خۆماندا نەبوو: لەوێ لای خۆمان، بەژوور سەرمانەوە، ئەستێرەی شوانی مەڕومالات هەبوو، ئەستێرەی کچەچنینکارەکە، ئەستێرەی درەخت و ئەستێرەی ئاومان هەبوون. مێردەکانمان ڕوونیان دەکردەوە: "ئەوە هەمان پلەی پانتاییە".ماڵەوە بریتی بوو لە هەموو ئەو شوێنانەی کە دەغڵودان پێگەییشتبوون و ئامادەی درەوکردن بوون. ماڵەوە بریتی بوو لە هەموو شوێنێک، کە مێردەکانمانی لێ بوون. ماڵەوە لە نزیک پیاوێکەوە بوو، کە سالانێک بوو گیاکەڵەی بۆ سەرکارێک بژار دەکرد.

لە سەرەتادا، بەردەوام بیرمان لە ئەمریکاییەکان دەکردەوە. دەمانگوت باشە بۆچی لەبری ئەوەی بەلای ڕاستدا خۆیان هەڵبدەنە سەر ئەسپ، بەلای چەپدا خۆیان هەڵدەدەن؟ ئەرێ ئەوە چۆن یەکتریان بۆ جیا دەکرێتەوە؟ بۆچی بەردەوام دەقیژێنن؟ هەر بەڕاست ئەوان لەبری تابلۆ، دەفر بە دیوارەکانیاندا هەڵدەواسن؟ چما دەرگاکانیان کیلونی هەیە؟ ئەدی پێڵاو لەناو ماڵ لەپێ دەکەن؟ شەوانێکی درەنگ بەر لەوەی بنوون، باسی چ دەکەن؟ خەون بە چییەوە دەبینن؟ کێ دەپەرستن؟ چەند خودایان هەیە؟ ئایا هەر بەڕاستی وایە، پیرەمێردێک لەناو مانگدا دەبینن نەک کەروێشک؟ ڕاستە لە ڕێورەسمی مردووناشتندا گۆشتی برژاو دەخۆن؟ شیری مانگا دەخۆنەوە؟ ئەی ئەو بۆگەنەیان چییە؟ مێردەکانمان ڕوونیان دەکردەوە: "ئەوە بۆگەنی کەرەیە."

ئاگادار دەکراینەوە، خۆمانیان لێ بەدوور بگرین. خۆ ئەگەر پێویست بکا لێیان نزیک ببینەوە، ئەوا بە پارێزەوە نزیکیان ببینەوە. هەمیشە باوەڕ نەکەین بەوەی کە دەیڵێن، بەلام خۆمان فێر بکەین دیقەتیان بدەین: دیقەت لە دەستیان، لە چاویان، لە چاڵی ڕوومەتیان بدەین، لە گۆڕانی

کتوپڕی ڕەنگی ڕووخسارییان ورد ببینەوە. زووبەزوو فێر دەبین تێیان بگەین. بەڵام ئاگادار بین زەقزەق لێیان نەنۆڕین. لەگەڵ کاتدا، بە قەوارە و قەڵافەتیان ڕادێین. چاوەڕێی خەراپترین بین، بەڵام بە هەندێک چرکەساتی میهرەبانییان تەفرە نەخۆین. میهرەبانی لە هەموو شوێنێک هەیە. لەبیرمان بێ نارەحەتیان نەکەین. فێر بین خۆنەویست بین. بەئەدەب بین. گوێڕایەڵ بین. تەنها بڵێین: "بەڵێ گەورەم،" یان "نا، گەورەم،" و ئەوە بکەین، کە پێمان دەگوترێ. خۆی باشترە هەر هیچ نەڵێین. ئاخر ئێمە ئێستا سەر بە دونیا نەبینراوەکەین.

گاسنەکانی ئەوان لەوانی ئێمە قورستر و بەکارهێنانیان زەحمەتتر بوو، ئەسپەکانیان دوو هێندەی ئەسپەکانی ئێمە لە ژاپۆن دەبوون. ئێمە نەماندەتوانی هەوسارییان بکەین، بەڵکوو دەچووینە سەر سندوقی سێو، یان کورسیلە. کە یەکەم جار قیژاندمان بەسەریانا بجووڵێن، ئەوان تەنها دەیانپڕماند و سمەکانیان بە ئەرزەکەدا دەکێشا. لە خۆمان دەپرسی: بڵێی کەڕ بن؟ بڵێی گێل بن؟ یان تەنها لێمان لاڵووتن. مێردەکانمان بۆیان ڕوون دەکردینەوە: "ئەوانە ئەسپی ئەمەریکایین، لە زوبانی ژاپۆنی تێناگەن! "خۆمان فێری یەکەمین وشەکان لە زوبانی ئەسپەکانیاندا کرد. "گیدیئاپ!" کاتێک دەمانگوت، کە بمانویستایە ئەسپەکە بۆ پێشەوە بڕوات. "باک!" کاتێک بمانویستایە بۆ دواوە بڕوا. "ئیزی!" کاتێک کە بویستایە خێرایی خۆی خاو بکاتەوە و "وّەووو!* "کاتێک دەمانگوت، بمانویستایە ڕاوەستێت. دوای پەنجا ساڵ ژیان لە ئەمەریکا، هێشتا ئەو وشانە تاقە وشەگەلێکی ئینگلیزی بوون، کە بەشێکمان وەک ئاوودۆ ئەزبەرمان بوون.

لە کەشتییەکەدا، لەو کتێبی ڕێنومایی گەشتیارییەوە کە پێمان بوو، خۆمان فێری هەندێ قسەیان کردبوو: "ڕۆژباش،" "ببوورە" و "بێزەحمەت کرێکەمم بدەرێ" دەشمانتوانی خێرا ئەی، بی، سی، دییەکەیان بخوێنینەوە،

* وشەگەلێکی ئینگلیزی بۆ جووڵەپێکردنی ئەسپ.

بەڵام لە ئەمەریکا، هەر هیچ ئەو زانیارییانەمان بەکار نەهێنان. نەماندەتوانی گۆڤار یان ڕۆژنامەکانیان بخوێنینەوە. سەرلێشێواوانە لە تابلۆکانیان زەق دەبووینەوە. *تاقە شتێک کە بیرم بوو، ئەو وشەیە بوو کە بە پیتی e دەستی پێ دەکرد.* کاتێکیش سەرکارەکەمان قسەی لەگەڵ دەکردین، بە ڕوون و ئاشکرا قسەکانیمان دەبیست، بەڵام بە گوێمان نامۆ بوو. لەو ساتانەشدا کە پێویست بوو، پێوەندییان لەگەڵدا بگرین. دەمانگوت: میستەر سمیش... – ئەوان ناحاڵی لێمان ورد دەبوونەوە، پاشان شانیان هەڵدەتەکاند و لێیان دەدا و بە ڕێگەی خۆیاندا دەڕۆیشتن.

مێردەکانمان ئامۆژگارییان دەکردین: پێیان خەفەتبار مەبن، دان بە خۆتانا بگرن، ئارام بن، دەیانگوت: *تکایە لێگەڕێن ئێمە شتەکان تەگبیر بکەین.* ئاخر مێردەکانمان زوبانە ئینگلیزییەکەیان دەزانی. دەیانزانی بنیادەم دەبێ لە ئەمەریکا چ بکا. هەموو جارێک کە پێویستمان بە دەرپێیەکی کورتی نوێ دەبوو، مێردەکانمان پێیان لە غروری خۆیان دەنا و بەو کێڵگە هەڵایساوانەدا دەچوون بۆ شار و بە ئینگلیزییەکی پێرفێکت، بەڵام بە ئەکسێنتێکی ڕەقوتەق، داوای دەرپێیەکی نوێیان لە خاوەندوکانەکە بۆ دەکردین. پێیان دەگوت: بۆ خۆمان نا. کاتێکیش دەچووین بۆ کێڵگەیەکی تر و سەرکارەکە سەیرێکی دەکردین و دەیگوت: "هەر زۆر لەڕە! "ئەوە مێردەکانمان بوون، کە بە پێچەوانەکەی قەناعەتیان پێ دەکرد. پێیان دەگوت: ژنەکەم لە کێڵگەکاندا وەک پیاو ئازایە. هەر زۆر زوو ئەو قسەیە بەڕاست دەر دەچوو. کاتێکیش بە هۆی مەلاریاوە لە جێگەدا دەکەوتین و نەماندەتوانی سەر لەسەر ئەرزەکە بەرز بکەینەوە، ئەوە مێردەکانمان بوون کێشەکەیان بۆ سەرکارەکە ڕوون دەکردەوە و دەیانگوت: " یەکەم جار گەرم داهات، پاشان سارد هەڵگەڕا، ئینجا هەمدیس گەرم داهاتەوە." کاتێک سەرکارەکە ئامادەیی دەر دەبڕی بچێت بۆ شار و ئەو دەرمانەمان بۆ بهێنێت کە پێی چاک دەبووینەوە، دەیگوت: "خەمی پارەکەیتان نەبێ."

ئەوە مێردەکانمان بوون کە لەڕادەبەدەر سوپاسگوزاری دەبوون. ئەگەرچی دەرمانەکە بۆ چەند ڕۆژێک میزەکەمانی ڕەش هەڵدەگەڕاند، بەڵام دەستبەجێ هەستمان بە چاکبوونەوە دەکرد.

هەندێکمان خێرا ئیشمان دەکرد، تا سەرسامیان بکەین. هەندێکمان خێرا ئیشمان دەکرد، تەنها بۆ ئەوەی پیشانیان بدەین کە ئێمە لە پیاوەکان خێراتر گوڵ دەچنین و چەوەندەر پاک دەکەین و گونییەکان پڕ دەکەین لە پیاز و سندوقەکان پڕ دەکەین لە میوە. هەندێکمان خێرا ئیشمان دەکرد، لەبەر ئەوەی هەر هەموو تافی منداڵیمان لە مەرەزەکاندا پێپەتی و کووڕ بەسەر بردبوو و دەمانزانی چ دەکەین. هەندێکمان خێرا ئیشمان دەکرد، لەبەر ئەوەی مێردەکانمان ئاگاداریان کردبووینەوە و پێیان گوتبووین ئەگەر خێرا ئیش نەکەین، ئەوا بە یەکەم کەشتی بۆ ژاپۆنمان دەگەڕێننەوە. دەیانگوت: ئێمە *داوای هاوسەری بەهێز و ئازارمان کردووە*. هەندێکمان لە شارەوە هاتبووین و خاوەخاو ئیشمان دەکرد. لەبەر ئەوەی هەرگیز پێشتر پاچمان بە دەستەوە نەگرتبوو، وەک دەمانبیست، "ئەوە ئاسانترین ئیشە لە ئەمەریکا." هەندێکمان بەدرێژایی ژیانمان لەڕولاواز بووین، بەڵام دوای هەفتەیەک ئیشکردن لە باغەکانی لیمۆ لە ڕیڤێرسید، هەستمان دەکرد لە گا بەهێزترین. یەکێکمان بەر لەوەی یەکەم دێراوی تەواو بکا، دادەڕما و دەکەوت. هەندێکمان ئیشمان دەکرد و دەگریاین. هەندێکمان ئیشمان دەکرد و جنێومان دەدا. هەمووومان لە کاتی ئیشکردندا ئازارمان هەبوو — دەستوپلمان بلقی دەکرد و خوێنی لێ دەهات، ئەژنۆمان دەکزایەوە، پشتمان بۆ ڕاست نەدەکرایەوە. یەکێکمان لەلایەن ئەو پیاوە قۆزە هیندۆسییەوە بێزار دەکرا، کە لە کێڵگەکەی ئەو نزیکانەوە کنگرەباریکەی دەڕنی، تاقە شتێک ئەو ژنە دەیتوانی بیری لێ بکاتەوە، ئەوە بوو کە سەرە زلە قاوەییەکەی ئەو پیاوە لە مێزەرە سپییەکەی جیا کاتەوە. دەیگوت: *شەوانە خەون بە کوپتا-سانەوە دەبینم.*

هەندێکمان شیعرە سوترا بوداییەکانمان بەدەم ئیشەوە دەچڕین و دەقیقە لەدوای دەقیقە و سەعات لەدوای سەعات، تێپەڕ دەبوو. یەکێکمان – کە ناوی ئاکیکۆ بوو – لە قوتابخانەی کڵێسا لە تۆکیۆ خوێندبووی و ئینگلیزیی دەزانی، هەموو شەوێک بەدەم ئیشەوە و لە تەوراتەوە بە دەنگی بەرز، سروودی "هەستەوە ڕۆحی من، هەستەوە"ی بۆ مێردەکەی دەچڕی. زوربەی زۆرمان هەمان ئەو گۆرانییانەمان بەدەم دروێنەوە دەگوتنەوە، کە لە گەنجیدا گوتبوومانن و هەوڵمان دەدا وا بهێنینە بەرچاومان، کە بۆ ژاپۆن گەڕاوینەتەوە، چونکە ئەگەر مێردەکانمان لە نامەکانیاندا ڕاستییەکەیان پێ بگوتینایە بەوەی ئەوان بازرگانی ئاوریشم نین، بەڵکوو میوەڕنن، لە خانووی گەورەدا بە ژووری زۆرەوە ناژین، بەڵکوو لە خێمە و لەناو کارتۆن و لە دەرەوەش لە کێڵگەکان و لەژێر خۆر و ئەستێرەکاندا دەژین، ئەوا قەت قەت بۆ ئەمەریکا نەدەهاتین تا ئیشێک بکەین، کە هیچ ئەمەریکاییەک ئەگەر ڕێزی خۆی بگرێت، نایکات.

سەریان لە پشتی پتەو و دەستی چوستوچالاکمان سوور مابوو. سەریان سوور مابوو لە حەوسەڵەمان، لە دیسپلینمان، لە خۆگونجانمان، لە توانای نائاساییمان بۆ بەرگەگرتنی گەرما، کە لە هاویندا لە بێستانەکانی کاڵەکدا لە براولی دەگەیشتە ٤٩ پلەی سەدی. دەیانگوت کورتەباڵاییمان وای کردووە هەر زۆر نموونەیی بین بۆ ئیشێک، کە پێویست بکا بنیادەم قووڵ بۆ ئەرز دانەوێتەوە. ئەوان لە هەرشوێنێک دایان بنایینایە، هەر لێمان ڕازی بوون. هەر هەموو سیفەتە باشەکانی چینییەکانمان تێدا بوو – سەخت ئیشمان دەکرد، بەحەوسەڵە بووین، بەوەفا و بەئەدەب بووین – بەڵام سیفەتە خراپەکانی ئەوانمان تێدا نەبوو – قومارمان نەدەکرد، تلیاکمان نەدەکێشا، شەڕمان نەدەکرد و هەرگیز تفمان نەدەکرد. لە فیلیپینییەکان خێراتر بووین و لە هیندۆییەکانیش کەمتر لووتبەرز بووین. لە کۆرییەکان بەدیسپلینتر بووین، لە مەکسیکییەکان

بەئاگاتر بووین. ئێمە خوردوخۆراکمان لە هەر هەموو جووتیاران، لە ئۆکلاهوما و ئارکانساس، بە زەردپێست و ڕەشپێستەکانیانەوە، هەرزانتر دەکەوت. دەیانگوت: *ژاپۆنییەک دەتوانێ ڕۆژی بە کەوچکێک برنج بژێت.* ئێمە باشترین توخمی کرێکار بووین، کە ئەوان بەدرێژاییی ژیانیان بینیبێتیان هاتبێتە ئەمەریکا. دەیانگوت: *ئەم خەڵکەی بەم ناوەدا دێن و دەچن، ئەوانەن کە ئێمە دەمانەوێن، خوا ناردوونی و هەر هیچ پێویست ناکا شوێنی دووریان بەدوادا بگەڕێین.*

بە ڕۆژ لە بێستان و کێڵگەکانیاندا ئیشمان دەکرد، بەڵام هەموو شەوێک کاتێ دەنوستین، لە خەونماندا بۆ ماڵەوە دەگەڕاینەوە. هەندێ جار خەونمان دەبینی، بۆ گوند گەڕاوینەتەوە و بەو چیلکەدارەی کە هەر زۆر حەزمان لێی بوو، تایەیەکی باریکمان بەرەو خوار بە جادەی (فرۆشیارانی دەوڵەمەند)دا، خلۆر دەکردەوە. هەندێ جاری تر، لە خوارەوە لە زەلەکەی نزیک ڕووبارەکەدا، یاریی چاوشارکێمان دەکرد. جاروباریش شتێکمان دەبینی، کە بەلاماندا تێدەپەڕی. ڕۆسیتێکی ئاوریشمینی سوور، کە سالانێکی زۆر لەوەوبەر لێمان کەوتبوو. هێلکەیەکی شینی ڕەنگاوڕەنگ، باڵشتە دارینەکەی دایکمان. کیسەڵێک، کە کاتێک تەمەنمان چوار سالان بووە، لێما دوور کەوتبۆوە. هەندێ جار پێکەوە لەگەڵ (ئای)ی خوشکە گەورەماندا لەبەر ئاوێنەدا ڕادەوەستاین. ناوی ئەو خوشکەمان واتە (ئەوین) یان (غەم)، لەسەر ئەوە دەوەستێ، کە بنیادەم چۆن وشەکە دەنووسێت، ئەو خوشکەمان قژی بۆ دەکردینە پرچ، دەیگوت: بێجووڵە ڕاوەستن! هەموو شت وەک ئەوە دەبوو، کە دەبوو وا بێ. بەڵام کاتێک بەئاگا دەبووینەوە، خۆمان دەبینی لەتەنیشت پیاوێکی بێگانە و لە وڵاتێکی بێگانە و لە کوختێکی گەرمی تەواو قەپاتی پڕ لە پرخەپرخ و هەناسەی خەڵکانی تردا نوستووین. هەندێ جار ئەو پیاوە بەدەم خەوەوە بە دەستە ڕەق و زبرەکەی بەدواماندا دەگەڕا و ئێمەش هەوڵمان دەدا خۆمانی لێ

دوور بخەینەوە. بە خۆمان دەگوت: *دە ساڵی تر دەبێتە پیرەمێردێک.* هەندێ جار شەبەق لەو ڕووناکییەی کازیوەدا، چاوانی دەکردنەوە و دەیبینی دڵتەنگین، ئەوسا بەڵێنی پێ دەداین کە هەموو شت باشتر دەبێ. ئەگەرچی ئێمە چەند سەعاتێک لەوەوبەر پێمان گوتبوو: "قێزی لێ دەکەینەوە!" کەچی ئەو هەمدیس لە تاریکییەکەدا لەگەڵمان جووت دەبۆوە، لێدەگەڕاین دڵنەواییمان بکا، لەبەر ئەوەی ئەو هەموو شتێکمان بوو. هەندێک جار ڕێک لە چاوانی دەنۆڕین، بەبێ ئەوەی هەر هیچ بمانبینێت، ئەمەش هەمیشە خەراپترین شت بوو. یەکێکمان دەیگوت: *بڵێی کەسێک هەبێ بزانێ من لێرەم؟*

تەواوی هەفتە لە بەرژەوەندیی خۆیان لە کێڵگەکاندا ئیشیان پێ دەکردین، بەڵام یەکشەممەوان لێدەگەڕان بحەوێینەوە. لە کاتێکدا مێردەکانمان دەچوون بۆ شار تا لە قومارخانە چینییەکە، کە هەمیشە خاوەنی قومارخانەکە دەیبردەوە، یاریی "فان – تان" بکەن، ئێمە لەژێر درەختەکاندا دادەنیشتین و بە مەرەکەب و فڵچۆکەکانمانەوە و لە کاغەزەبرنجی تەنک و درێژدا، نامەمان بۆ دایکانمان، کە بەڵێنمان پێ دابوون هەرگیز دەستبەرداریان نەبین، دەنووسی. بۆمان دەنووسین: *ئێستا ئێمە لە ئەمەریکاین و گیاکەڵە بۆ ئەو پیاوە گەورەیەی کە پێی دەڵێن سەرکار، بژار دەکەین. لێرە هیچ دارتوویەکی لێ نییە، برە دارحەیزەرانی لێ نییە، پەیکەرگەلی جیزوی لە قەراغی ڕێگەکاندا لێ نییە. تەپۆڵکەکان قاوەیی و وشکن و بەدەگمەن باران دەبارێ. چیاکان دوورن، لەبەر چرای نەوتدا دادەنیشین و هەفتەی ڕۆژێک، یەکشەممەوان جلەکانمان لە جۆگەکە لەسەر بەردی تەڕ دەشۆین. مێردەکەم پیاوی ناو فۆتۆکە نییە. مێردەکەم پیاوی ناو فۆتۆکەیە، بەڵام زۆر لەو بەتەمەنترە. هاوڕێ کەشخە گیانییەگیانییەکەی مێردەکەم پیاوی ناو فۆتۆکەیە. مێردەکەم بەدمەستە. مێردەکەم بەڕێوەبەری یانەی (یاماتو)یە و تەواوی نێوقەد بەرەو ژووری بە تاتوو پۆشیوە. مێردەکەم*

*لەوە کورتەبالاترە، کە لە نامەکانیدا دەیگوت، بەلام خۆ خۆیشم هەر کورتەبالام. مێردەکەم لەمیانەی جەنگی ڕووسیا و ژاپۆندا، مێدالی پلە شەشی هەژدیهای زێرینی پێ بەخشراوە و ئێستا پاڵەوانێکە بۆ خۆی. مێردەکەم لە سنووری مەکسیکەوە بە قاچاخ هاتووەتە ئێرە. مێردەکەم سەرنشینێکی خۆڕاییە، کە ڕۆژی بەر لە بوومەلەرزە گەورەکەی ساڵی ١٩٠٦، لە فرانسیسکۆ بەدزییەوە سوار کەشتی بووە و هەموو شەوێک خەو بەوەوە دەبینێ، کە پێویستە خۆی بگەیەنێتە کەشتییەکە. مێردەکەم دەمپەرستێ. مێردەکەم قەت نامێڵێ بەئیسراحەت دانیشم. مێردەکەم کەسێکی باشە و هەر کە چیدی بڕستی ئیشکردنم نامێنێ، خێرا دەکەوێتە خۆ و لەبەر من ئۆڤەر تایم ئیش دەکا، تا سەرکارەکە دەرم نەکا.*

لە دڵی خۆماندا ئاواتمان دەخواست، کەسێک هاتبا و لێیانی ڕزگار کردباین. حەزمان دەکرد ئەو پیاوە بێ، کە لەسەر کەشتییەکە عاشقی بووین. پیاوێک، کە خەڵکی هەمان دوورگەکەی خۆمان و هەمان چیا و هەمان جۆگەلەی لە یادەوەریدا بوو، پیاوێک، کە نەماندەتوانی لە خەیاڵی خۆمانی وەدەر نێین. هەموو ڕۆژێک لە لێواری کەشتییەکەدا لەتەنیشتمانەوە دادەنیشت و باسی ئەوەی بۆ دەکردین، کە ئێمە چەند جوانین، چەند ئاقڵین، چەند تایبەتین. دەیگوت بەدرێژایی ژیانی، قەت قەت جگە لە ئێمە، کەسی تری نەناسیوە. پێی دەگوتین: "چاوەڕێم بکە، هەر هێندەی شتێک پارەم بە دەستەوە بێت، خەڵک دەنێرم بەشوێنتا." دەشێ ئەو پیاوە ئێستا کرێکاری گرێبەند لە کورتیز یان بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی هاوردەکردن هەناردەکردن بێ لە ناوەندی سان جۆیس. هەموو ڕۆژێک، کاتێ بە دەست ئەرزە ڕەشە بە – خۆر - برژاوەکەمان هەڵدەکەند، لە خودا دەپاڕاینەوە کە بەشکم نامەیەکی بگات. بەلام ڕۆژەکان تێدەپەڕین و هیچ نەدەهات. جاروبار شەوانێکی درەنگ، کاتێ خۆمان ئامادە دەکرد بچینە جێگە، کتوپڕ کوڵی گریانمان بەر دەبوو، مێردەکانمان بەنیگەرانی سەرنجیان

دەداین. دەیانپرسی: "بۆ هیچم گوتووە؟" بەڵام ئێمە تەنها سەری نەرێمان ڕادەوەشاند. بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر بەڕاستی زەرفی نامەی پیاوی سەر کەشتییەکە بە پۆستدا دەگات. دەنووسێت: *پارەم بۆ مێردەکەت هەناردووە و من لە هۆتێلی تایسبو چاوەڕێت دەکەم.* ئیتر ئێمەش ناچار دەبین هەموو شت بۆ مێردەکانمان بگێڕینەوە. ئەگەرچی چەند جارێکی زۆر بە قایشەکانیان لێمان دەدەن و ناووناتۆرەی ناشرینمان دوا دەخەن، بەڵام دواجار دەسبەردارمان دەبن و ڕێگەمان دەدەن بڕۆین. ئاخر ئەو پارەیەی کە لە پیاوی سەر کەشتییەکەوە بۆیان هاتووە، چەندقات لەو پارەیە زیاترە، کە مێردەکانمان بۆ ژاپۆنیان ناردووە و ئێمەیان پێ کڕیوە. پێمان دەڵێن: "ئێستا ئیتر بۆی هەیە یەکێکمان بەختەوەر ببێت. "دەڵێ:" هیچ شتێک زۆر ناخایەنێ. "دەڵێ:" یەکەم جار کە چاوم بە چاوت کەوت، دەبوو بمزانیایا ئەو چاوانەی تۆ چاوی قەحبەن."

جاروبار کاتێ ئێمە لە کێڵگەکانیدا دادەنەوینەوە، کابرای سەرکار دەهاتە دوامانەوە و چەند وشەیەکی بە گوێدا دەچرپاندین. ئەگەرچی ئێمە هەر هیچ نەشماندەزانی چ دەڵێ، بەڵام ڕێک دەمانزانی مەبەستی چییە. وەڵاممان دەدایەوە: "ئێمە ئینگلیزی نازانین." یان دەمانگوت: "ببوورە جەنابی سەرکار، تکایە نا." جاروبار لەلایەن هاوولاتییەکی جوانپۆشەوە پێوەندیمان پێوە دەگیرا، کە لە جێگەیەکەوە دەهات و بانگێشتی دەکردین لەگەڵیدا بۆ شارە گەورەکە بچین و دەیگوت: *"ئەگەر بێیت لەگەڵم و لەلام ئیش بکەیت، ئەوا دەقاتی ئەو کرێیەت دەدەمێ، کە لە کێڵگەکاندا دەتدەنێ.* جاروبار یەکێک لە هاوڕێ کرێکارە زگورتییەکانی مێردەکانمان، هەر کە مێردەکانمان لەوێ نەدەبوون، لێمان نزیک دەبۆوە، هەوڵی دەدا بەزۆر پێنج دۆلارییەکی کاغەزمان بداتێ و پێی دەگوتین: "لێگەڕێ تەنها یەک تاقە جار ئەمەت تێ ببڕم. بەڵێن دەدەم کە تەنانەت هەر خۆیشم نەجووڵێنم!" جاروبار ملمان دەدا و دەمانگوت ئێ. پێمان دەگوت: "سبەی

ئێوارە سەعات نۆ لەودیو هۆدەی ئەمبارکردنی کاهووەکەوە بە!" یان پێمان دەگوت: "بە پێنج دۆلاری تر بە قسەت دەکەم." دەشێ ئێمە لای مێردەکانمان بەختەوەر نەبووبین، کە هەموو شەوێک بۆ قومارکردن و خواردنەوە دەچوونە دەرەوە و تا درەنگانێکی شەو نەدەگەڕانەوە. یان دەشێ پێویستمان بەوە بووبێت پارە بۆ خێزانەکانمان لە ژاپۆن بنێرینەوە، چونکە هەمدیس لافاو مەرەزەکانیانی وێران کردبوو. بۆیان دەنووسین: *هەموو شتێکمان لەدەست داوە و بە توێکڵی درەخت و بنەگوزروانی کوڵاو دەژین.* هەروەها ئەوانەمان کە جوان نەبوون، زۆر جاران بە مەرامی خەراپ دیارییان دەدرایە: تەوقەیەک لە توێکڵی کیسەڵ، شووشەیەک عەتر، ژمارەیەک گۆڤاری مۆدێرن سکرین، کە لە شار لەسەر کارمەزەلی دوکانێکی هەرزانفرۆشی دزرابوو. بەڵام ئەگەر ئەو دیارییانەمان وەرگرتبان بەبێ ئەوەی هیچ شتێک بەرامبەریان ببەخشین، ئەوا دەمانزانی دەبوو نرخەکەیان بدەین. پیاوەکە سەرپەنجەی یەکێکمانی بە مقەستی ڕووەکبڕینەکەی بڕی. بەو جۆرە خۆمان فێر کردبوو، بەر لەوەی شتێک وەربگرین، باش بیر بکەینەوە و جوان لە چاوی پیاوان بنۆڕین، لەبەر ئەوەی هیچ شتێک لە ئەمەریکا بەخۆڕایی نییە.

هەندێکمان وەک چێشتلێنەر لە ئۆردوگاکانی کاردا ئیشمان دەکرد. هەندێکمان وەک قاپشۆر ئیشمان دەکرد و دەستوپلە ناسکەکانمان دادەوەشاند. هەندێکی ترمان بۆ دۆڵە دوورەکانیان لە ناوچەرگەی گوندەکاندا دەناردین، تا زەمین بەکرێ بگرین و بیچێنین. یاخود مێردەکانمان بیست هەکتار زەوییان لە پیاوێک بە ناوی کالدوێل بەکرێ دەگرت، کە لە ناوچەرگەی بەشی باشووری سان یواکین ڤالی خاوەن هەزاران هەکتار زەوی بوو و هەمووساڵێک لە سەدا شەستی قازانجەکەمان دەدایێ. ئێمە لە هۆدەیەکدا، کە ئەرزەکەی گڵ و ساپیتەکەی دارەڕا و لە ناوەڕاستی کێڵگەیەکی پانوبەریندا بوو، دەژیاین و لەسەر دۆشەکێک دەنوستین، کە

بە قوڕچوم ئاخنرابوو. لە دەرەوە و لە چاڵێک لە ئەرزەکەدا، دەستمان بە ئاو دەگەیاند. ئاومان لە بیرێکەوە دەهێنا. ڕۆژانە خۆمان بەوەوە خەریک دەکرد، کە لە بەیانییەوە تا ئێوارە تەماتە بچێنین و بیڕنین و بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک جگە لە مێردەکانمان، قسەمان لەگەڵ بەشەری خودادا نەدەکرد. پشیلەیەکمان هەبوو، هاودەمیی دەکردین و مشکی ڕاو دەکرد، ئەگەر شەوانە لەبەر دەرگەکەدا ڕاوەستاباین و لە دەرەوە ڕووەو خۆرئاوامان ڕوانیبا، دەمانتوانی ڕۆشناییەکی کز و پرتەپرتکەر لە دوورەوە ببینین. مێردەکانمان دەیانگوت خەڵکێک لەوێ دەژین. ئێمەش دەمانزانی نەدەبوو قەت سەفەرمان کردبا. جا چەندێک بەرز هاواری دایکانمان کردبا، دەمانزانی ئەو ناتوانێ دەنگمان ببیستێ، لەبەر ئەوە هەوڵمان دەدا بەوەی هەمانە، قەناعەت بکەین. وێنەی کێکی ناو ڕۆژنامە هەفتانەکانمان دەبڕین و بە دیوارەکاندا هەڵمان دەواسین. پەردەمان لە گونییەی بێڕەنگی برنج دەدووری. ئەڵتاری بوداییمان لە سندوقی سەروبنی تەماتە دروست دەکرد و بە قوماش دامان دەپۆشی، هەموو بەیانییەک کوپێک چای گەرممان بۆ باوباپیرانمان دادەنا، لە کۆتاییی وەرزی درەویشدا، شازدە کیلۆمەترمان بە پێ بەرەو شار دەبڕی و دیارییەکی بچووکمان بۆ خۆمان دەکڕی: شووشەیەک کۆکاکۆلا، ژێرکراسێکی تازە، سووراوێک کە ڕەنگێ ڕۆژێک لە ڕۆژان دەرفەتێکمان بۆ بڕەخسێ و لێومانی پێ سوور بکەین. یەکێکمان دەیگوت: *ڕەنگە بۆ کۆنسێرتێک داوەت بکرێم*. هەندێک ساڵ بەروبوومەکە هەر زۆر باش و نرخەکان بەرز و ئێمەش پارەیەکی زیاتر، کە قەت بە خەونیش نەماندەبینی، پەیدا دەکرد. شەش سەد بۆ هەر هیکتارێک. هەندێ ساڵی تر هەموو شتێکمان بە هۆی مێروو یان کەڕوو، یاخود مانگێکی ڕەبەق بەهۆی شەستەبارانەوە لەدەست دەدا، یان بە جۆرێک نرخی تەماتە دادەبەزی، کە ناچار دەبووین هەموو شمەکەکانمان تالانفرۆش بکەین، تا بتوانین قەرزەکانمانی پێ بدەینەوە.

بیرمان دەکردەوە ئاخۆ ئێمە بۆ لەوێین. بە مێردەکانمان دەگوت: ئێمە گێل بووین کە بۆ گوند دواتان کەوتین. یان دەمانگوت: تۆ گەنجییت بەهەدەر دام. بەڵام کاتێک لێیان دەپرسین ئاخۆ حەز دەکەین وەک کارەکەری ماڵان لە شار ئیش بکەین، کە هەر دەم پان بکەینەوە و بچەمێینەوە و بەدرێژاییی ڕۆژ جگە لە بەڵێ خانم، بەڵێ خانم، هیچی تر نەڵێین، ناچار دەبووین بڵێین نەء، حەز ناکەین.

پێیان خۆش نەبوو لە دۆڵەکانیاندا ببینە دراوسێیان. پێیان خۆش نەبوو ببینە هاوڕێیان. ئێمە لە کوختی ناشریندا دەژیاین و نەماندەتوانی بە ئینگلیزییەکی باش قسە بکەین. ئێمە تەنها خەمی پارەمان بوو، چۆنایەتی میتۆدی کشتوکاڵکردنمان نزم بوو. ئاوی زۆرمان بەکار دەهێنا. زەوییەکانمان وەک پێویست قووڵ نەدەکێلان. مێردەکانمان وەک کۆیلە دەیانچەوساندینەوە. دەگوترا: *ئەوانە ئەو کچانەیان لە ژاپۆنەوە، وەک هێزی خۆڕاییی ئیش هاوردە کردوون.* ئێمە بەدرێژاییی ڕۆژەکان و بەبێ پشووی نانخواردن، لە کێڵگەکاندا ئیشمان دەکرد. ئێوارانێکی درەنگ لەبەر تیشکی چرا نەوتییەکانماندا ئیشمان دەکرد. یەک تاقە ڕۆژ پشوومان نەبوو. کاتژمێر و تەختەخەو دوو شتن کە هیچ جووتیارێکی ژاپۆنی هەرگیز بەدرێژاییی ژیانی ئیشی پێیان نەبووە، خەریک بوو پیشەسازیی کەلەرمەکەیانمان دەخستە ژێر ڕکێفی خۆمانەوە. پیشەسازیی سپێناخەکەیانمان دەخستە ژێر ڕکێفی خۆمانەوە. پشکمان لە پیشەسازیی شیلکەکایاندا هەبوو، بازاڕی لۆبیاکەیانمان کڕیبوو. ئێمە مەکینەیەکی بێ هەدادان و بێسنوور بووین، کە ئەگەر شاڵاوەکەمان کۆنترۆڵ نەکرابا، ئەوا زووبەزوو هەموو ڕۆژئاوای یو ئێس ئەی دەبووە کۆلۆنی و مەرزێکی تری سنووریی ئاسیاییی ئێمە.

زۆر شەوان چاوەڕێمان دەکردن. جاروبار بە ترومبێل بەلای کوختەکانماندا تێدەپەڕین و پەنجەرەکانمانیان ساچمەباران دەکرد، یان

ئاگریـان لـە کولانـەی مریشـکەکانمان بـەر دەدا. هەنـدێ جـار هـۆدەی زەخیرەکانمانیـان بـە دینامیـت دەتەقاندنـەوە. هەنـدێ جـار لـە کاتێکدا بەروبوومەکـە سـەوز دەبـوو، دەغڵەکانمانیـان دەسـووتاندین، بـە جۆرێـک، کـە هەمـوو داهاتـی ئـەو سـاڵەمان دەچـوو بـە بـا. ئەگەرچـی بـۆ سـبەینێ جێگەپێمـان لـە ئەرزەکەدا دەبینی، بە هەمـان شێوە دەنکەشقارتە لەو ناوەدا کەوتبـوو، کاتێـک بـە پۆلیسـمان دەگـوت بێـن و تەماشـا بکـەن، دەیانگـوت ئـەو نیشـانانە شـتێک نیـن بەدواداچوونیـان بـۆ بکرێـت. ئیـدی دوای ئـەو ڕووداوانـە، مێردەکانمـان هەرگیـز وەک خۆیـان نەمـان. دەیانگـوت: *جـا ئیتـر بنیـادەم بۆچـی خـۆی مانـدوو بکا؟* شـەوانە بـە پێڵاوەوە دەنوسـتین و تەورداسـەکانمان لەتەنیشـت تەختەخەوەکانمانـەوە دادەنـان، هاوکاتیـش مێردەکانمـان تـا ڕۆژ دەبـۆوە، لەبـەر پەنجەرەکانـدا ئێشـکیان دەگـرت. جاروبـار بە دەنگێک ڕادەچڵەکاین و خەبەرمـان دەبۆوە، بەڵام هیچ نەبوو – دەمانگـوت دەشـێ لـە جێگەیـەک لـەم جیهانـەدا قۆخێـک لـە درەختێـک بووبێتـەوە – جاروباریش بەدرێژاییـی شـەو، بەبێ بچڕان خـەو دەیبردینەوە و کاتـێ بەیانـی وەئـاگا دەبووینـەوە، مێردەکانمـان دەبینـی پرخەپـرخ لەسـەر کورسـییەکانیان دەتلیسـان، هەوڵمـان دەدا بـە پارێزەوە خەبەریـان بکەینـەوە، چونکـە تفەنگەکانیـان هێشـتا لەسـەر ئەژنۆیـان بـوو. هەنـدێ جـار مێردەکانمـان سـەگی پاسـەوانییان دەکڕین و ناویـان دەنـان دیـک یـان هـاڕی یاخـود سـپوت، ئیـدی زیاتـر لـە ئێمـە بـەو سـەگانەوە هۆگـر دەبوون. ئێمـەش بیرمـان دەکردەوە، ئاخـۆ دەبێ چەنـد هەڵـە بووبیـن کـە ملمـان بـۆ هاتـن بـۆ وڵاتێکی ئەوەنـدە توندوتیژ و دژەمیـوان داوە. دەمانگـوت: *بڵێـی چ میللەتێکـی تـر هەبـێ لـە ئەمەریکاییـیەکان بەربەریتـر؟*

یەکێکمـان هەمیشـە گلەوگازنـدەی لـەوان دەکـرد و ئاواتـی بـە مردنیـان دەخواسـت. یەکێکمـان گلەوگازنـدەی لـێ دەکـردن و مردنـی خـۆی بـە ئـاوات دەخواسـت. هەندێکـی ترمـان وا خۆمـان ڕاهێنابـوو، کـە بژیـن بەبـێ ئـەوەی

هەر هیچ بیریشیان لێ بکەینەوە. خۆمان هاویشتبووە ناو ئیشەکانمانەوە و خواخوامان بوو گیاکەڵەیەک زیاتر دەر کێشین. ئاوێنەکانمان وەلا نابوون. چیتر قژمان دانەدەهێنا. چیدی سووراووسپیاومان نەدەکرد. یەکێکمان دەیگوت: کاتێ پۆدرە دەدەم لە کەپووم، دەڵێی زوقمە بە چیایەکەوە. بودامان لەبیر خۆمان بردبووەوە. خودامان لەبیری خۆمان بردبووەوە. بەستەڵەکێکمان لە ناوەوەمانرا دروست دەکرد کە تا ئێستا نەتواوەتەوە. یەکێکمان دەیگوت: *دەترسم ڕۆحم مردبێ.* چیدی نامەمان بۆ دایکانمان نەدەنووسین. کێشمان دابەزیو و لەڕولاواز بووبووین. چیدی بێ نوێژ نەدەبووین. چیدی خەونمان نەدەبینی. چیدی بیری کەس و بیری هیچمان نەدەکرد، تەنها ئیشمان دەکرد، ئەوە هەموو شتێک بوو. ڕۆژی سێ جار خواردنمان دەقلپاندە خۆمانەوە، بەبێ ئەوەی یەک تاقە وشە لەگەڵ مێردەکانماندا بڵێین، تا بتوانین هەرچی زووترە پەلە بکەین و بۆ کێڵگەکان بگەڕێینەوە. *من بۆ خۆم نەمدەتوانی ئەو خایلەیە لە سەرم دەر بکەم، کە دەقیقەیەک زووتر، واتە هەڵکەندنی گیاکەڵەیەک زیاتر.* هەموو شەوێک لنگمان بۆ مێردەکانمان دادەچەقاند، کە هێند شەکەت بووین، زۆر جاران بەر لەوەی ئەوان ئیشی خۆیان تەواو بکەن، ئێمە خەو بردبووینەوە. هەفتەی جارێک جلەکانیانمان لە حەوزی جلکشتندا بە ئاوی لەکوڵ دەشت. چێشتمان بۆ لێدەنان. گسکمان بۆ دەدان. یارمەتیمان لە داربڕیندا دەدان. بەڵام ئەوە ئێمە نەبووین کە چێشتمان لێدەنا و گسکمان دەدا و دارمان دەبڕی، بەڵکوو کەسێکی تر بوو. زۆر جاران مێردەکانمان هەر هیچ سەرنجی ئەوەیان نەدەدا، کە ئێمە دیار نەماوین.

هەندێکمان لە گوندەوە بۆ پەراوێزی شارەکان گواستبوومانەوە و تەواو بەو جێگەیانە ئاشنا بووبووین. لە خانووی کارمەندان لە ئاپارتمانی گەورەدا، لە ئاسێرتون و بێرکلی. لە سەروو تێلیگراف، لەسەر چیاکە دەژیاین. یان بۆ پیاوێکی وەک جیوردانو ئیشمان دەکرد، کە نەشتەرگەرێکی

بەنێوبانگی قەفەسـەی سـینگ بـوو لـە (گولدکوسـتی ئالامیـدا). لـە کاتێکـدا مێردەکانمـان چیمەنەکـەی دوکتـۆر جیوردانویـان دەبـڕی و تەلانەکانـی دوکتـۆر جیوردانویـان ڕێـک دەکـرد و گەڵاکانـی دوکتـۆر جیوردانویـان دەڕنـی، ئێمە لـە ماڵـەوە لـەلای خاتـوو جیوردانو بووین، کـە قژێکـی قاوەییـی شـەپۆلداری پێوە و خۆیشـی کەسێکی میهرەبـان و داوای لـێ دەکردین بـە ڕۆسـێ بانگـی بکەیـن. ئێمـەش زیوەکانـی (ڕۆسـێ)مان پۆلـیش دەکـردن و ئەرزەکـەی ڕۆسـێمان گسـک دەدا و ئاگامـان لـە سـێ منداڵەکـەی ڕۆسـێ: ڕیچـارد، جیم و سیۆ دەبـوو. هەمـوو ئێوارەیـەک، بـە زوبانێکـی جیـاواز لـە زوبانەکـەی خۆمـان لایلایەمـان بـۆ دەکـردن: *نێمـورێ... نێمـورێ*. ئێمـە قـەت ئەوەمـان لـە خۆمـان ڕانەدەبینی. من کەوتمە *ئـەوەی ڕێـک وەک منداڵـی خـۆم ئـاگام لـەو کوڕانـە* بێت. بـەڵام ئـەوە لوسـیا، دایکـە پیرەکـەی د. جیوردانـۆ بوو، کـە زیاتر ئاگامـان لێـی دەبوو. لوسیا تەنانـەت لـە ئێمـەش تەنیاتر بـوو، تـا ڕادەیـەک وەک ئێمـەش کورتەبـالا بـوو، کاتێکیش ترسـی لێمـان شـکا، ئیدی دەسـتبەردارمان نەدەبوو، کاتێـک شـتمان دەتەکانـد و زەویمـان دەسـڕی، لـەم ژوورەوە بـۆ ئـەو ژوور دوامـان دەکـەوت و ڕیزڕیز قسـانی دەکـرد. *Molto bene, Perfetto! Basta cosi.* سـالانێکی زۆر دوای مردنـی، یادەوەریـی ئـەو بـۆ وڵاتـە کۆنەکـەی، وەک ئـەوەی یادەوەریـی خۆمـان بێـت، لـە زەینمانـدا مابـووەوە: *موزێـرالا، پومـودورێ، لاگـو دێ کومـو، پیازان* لـە ناوەڕاسـتی شـار، کـە هەمـوو ڕۆژێـک دەڕۆیشـت و لەگـەڵ خوشـکەکانیدا بـازاڕی دەکـرد. دەیگـوت: *ئیتالیـا، ئیتالیـا، ئـای چەنـدە تامـەزرۆم بـۆ دواییـن جـار بتبینمـەوە*.

ئـەوە ژنەکانـی ئـەوان بـوون فێـری ئـەو شـتانەیان کردین، کـە بـۆ ئێمەمانان گرینگترین شـت بـوون بیانزانیـن: چـۆن سـۆپایەک دادەگیرسـێندرێ. چـۆن جێگەیەکـی نوسـتن ڕادەخـرێ. چـۆن دەرگایـەک دەکرێتـەوە، کاتـێ زەنـگ لێـی نەدابـێ. چـۆن تەوقـە دەکـرێ. چـۆن بەلوعەیەکـی ئـاو، شـتۆکەیەک، کـە زوربەمـان بەدرێژاییـی ژیانمـان نەمانبینیبـێ، بـەکار دێنـێ. چـۆن

ژمارەی تەلەفونێک لێدەدرێ. چۆن لە تەلەفۆندا، لە کاتێکدا کە تووڕە و غەمگینیشین، خۆمان شادمان پیشان دەدەین. چۆن هێلکەورۆنێک دەکەین. چۆن پەتاتەیەک پاک دەکەین. چۆن سفرەیەک ڕادەخەین. چۆن بە شەش سەعات، پێنج جۆر چێشتی ژەمی فراڤین بۆ دوازدە کەس لێدەنێین. چۆن جگەرەیەک دادەگیرسێنین. چۆن بازنە بە دووکەڵی جگەرە دەکەین. چۆن قژمان لوول دەکەین، بە جۆرێک، کە ڕێک لە قژی ماری پیکفورد بچێت. چۆن پەڵەی سووراوێک لەسەر کراسە سپییە لەبەردڵانەکەی مێردەکەمان لا دەبەین، ئەگەرچییش سووراوەکە هی ژنێکی ترە. چۆن لەسەر جادە تەنوورەکەمان هەڵدەکەین، بە جۆرێک، کە بە شێوەیەکی زۆر گونجاو ڕووت، قوولەپێمان دەر بخەین. *مەبەستەکە تەنها سەرنجڕاکێشانە، نەک وروژاندن.* چۆن لەگەڵ مێردێکدا قسان دەکەین. چۆن لەگەڵ مێردێکدا شەڕ دەکەین. چۆن مێردێک فریو دەدەین. چۆن هەڵسوکەوت دەکەین، تا بەر بە مێردەکەمان بگرین، کە ئێجگار زۆر خۆیمان لێ دوور نەخاتەوە. *لێی مەپرسە لەکوێ بووە یان کەی بۆماڵەوە دێتەوە و سەرنج بدە ئاخۆ وەزعی لە جێگەی نوستنیدا باشە.*

ئێمە خۆشمان دەویستن. ئێمە ڕقمان لێیان دەبۆوە. حەزمان دەکرد وەک ئەوان بین. ئەوان زۆر کەڵەگەت بوون، زۆر جوان بوون، پێستیان زۆر سوورسپی. پەلوپۆی درێژ و بەعیشوەیان، ددانی بەدرەوشەی سپییان، ڕووخساری بێڕەنگ و پرشنگداریان، کە هەرحەوت خەوشەکەی جوانیی ڕووخسارییانی حەشار دابوو، ڕەفتاری سەیر، بەڵام بزوێنەریان، کە قەت لە کەیفخۆشکردنمان نەدەکەوتن، خۆشحاڵییان بە ئەی وەن سۆس و پێڵاوی پاژنەبەرزی نووکبارێک، شێوازی ئارەزوومەندیان بۆ ڕۆیشتن لەسەر قامکی پێ، حەز و خۆشەویستییان بۆ کۆبوونەوە لە ساڵۆنەکانی یەکتردا و بە گرووپی پڕ لە دەنگەدەنگەوە و هەر هەموو بەیەکەوە بۆ ماوەی چەند سەعاتێک قسەکردن. بیرمان دەکردەوە ئاخۆ

بۆچی قەت بەسەریاندا نایەت دانیشن؟ پێدەچوو جیهان بە ماڵی خۆیان بزانن. پێدەچوو زۆر دڵنیا بن. ئەوان خاوەن متمانەبەخۆبوونێک بوون، کە ئێمە نەمانبوو. ئەوان خاوەن قژێکی باشتریش بوون. خاوەن ڕەنگی زۆر زۆر. ئەفسووسمان دەخوارد، کە ناتوانین زیاتر لەوان بچین.

وا ڕاهاتبووین شەوانێکی درەنگ لە ژووره تەنگەبەر و بێ پەنجەرەکانمان، لە حەوشەی دواوەی خانووە گەورە و بەهەیبەتەکانیاندا لاساییان بکەینەوە. بە مێردەکانمان دەگوت: تۆ ببەرە جەناب و من دەوری خانم دەبینم. هەندێ جار وەڵامیان دەدایەوە: "ئێستا تۆ جەناب بە و من دەبمە خانم." هەوڵمان دەدا ئەوە بەرجەستە بکەین، کە ئەوان چ دەکەن و چ دەڵێن. کێ لە سەری سەرەوەیە، کێ لە خواری خوارەوەیە. ئاخۆ جەناب بەرز دەقیژێنێ؟ ئەی خانم دەقیژێنێ؟ ئاخۆ بەیانیان بە پەلوپۆی پێچخواردووەوە لەخەو هەڵدەسن؟ جاری تر بێجووڵە لە تاریکیدا ڕادەکشاین و باسی ئەوەمان بۆ یەکتری دەکرد، کە ڕۆژەکەمان چۆن بەسەر بردووە. *من فەرشەکانم تەکاند. من بەرگەدۆشەکەکانم کولاند. من گیاکەڵە نەفرەتییەکەی بەشی خوارەوەی چیمەنەکەم بە چەقۆی باخەکەم هەڵکەند.* کە تەواو دەبووین، بەتانییەکانمان بەسەر خۆماندا ڕادەکێشان و چاوانمان لێک دەنان و خەونمان بە ڕۆژانێکی باشترەوە دەبینین. خەونمان دەبینی، کە خاوەنخانوویەکی جوان و سپیین لە جادەیەکی درێژی سایەداردا، بە باخچەیەکەوە، کە هەمیشە نوقمی گوڵە. بانیۆیەک، کە تەنها بەچەند دەقیقەیەک پڕ دەبێت لە ئاوی گەرم. خزمەتکارێک، کە هەموو بەیانییەک بەرچاییمان لەسەر سینییەکی خڕی زیو بۆ دێنێ و بە دەست هەموو ژوورەکانی گسک دەدا. کارەکەرێک. جلکشۆرێک. خزمەتکارێکی چینیی لە پاڵتۆیەکی سپیی درێژدا، کە هەر لە زەنگ بدەین، خێرا پەیدا دەبێ و فەرمانی پێ دەدەین: "چارلی، بێزەحمەت چایەکەمم بۆ بهێنە ژوورەوە!"

ئـەوان نـاوی نوێیـان لـێ دەنایـن. بـە هێلیـن و لیلـی بانگیـان دەکردیـن. بـە مارگەرێت بانگیـان دەکردیـن. بـە پیارل بانگیـان دەکردیـن. سـەیریان لـە جەسـتەی بچـووک و قژی درێژ و بریقـەدار و ڕەشـمان دەهـات. ستایشـیان دەکردین، کـە ئەوەنـدە خۆمـان لـە ئیشـدا دەڕەتاند. دەیانگـوت: خۆ ئەو کچە تا ئیشـەکە تـەواو نـەکا، دەسـت هەڵناگرێت. لـە بەرچـاوی هاوسـێکانیاندا خۆیـان پێوە هەڵدەکێشـاین. لـە بـەردەم هاوڕێکانیاندا، خۆیـان پێمانـەوە بـا دەدا. لافـی ئەوەیـان لێدەدا، کـە زۆر باشـتر لەوانـی تـر خۆشـیان دەوێیـن. دەیانگـوت: بنیـادەم ئیتـر یارمەتیی لـەوە باشـتر بـە چـاو نابینـێ. کاتـێ غەمبـار دەبـوون و کـەس نەبـوو قسـانیان لەگەڵـدا بـکا، ئـەوا ئـەوان قووڵتریـن و تاریکتریـن نهێنیی خۆیـان لـەلا بەرهەڵـدا دەکردیـن. دەیانگـوت: هەمـوو ئـەوەی بـە مێردەکـەم گوتـووە، درۆیـە. کاتـێ مێردەکانیـان بـە ئیـش سـەفەریان دەکـرد، داوایـان لـە ئێمـە دەکـرد کـە نەبـا ژنەکانیـان هەسـت بـە تەنیایـی بکـەن، لـە ژووری نووسـتنەکەیان بنویـن. کاتـێ لـە نیوەشـەودا بانگیـان دەکردیـن، بەدەنگیانـەوە دەچوویـن و تـا بەیانـی لـەوێ لەلایـان ڕادەکشـاین. پێمـان دەگوتـن: "ئـێ. ئـێ. " و " بەقوربـان، مەگـری!" کاتـێ جگـە لـە مێردەکانیـان، عاشـقی پیاوێکـی تـر دەبـوون و لـە نیـوەڕۆدا دەچـوون بیانبینـن، ئێمـە ئاگامـان لـە منداڵەکانیـان دەبـوو. لێیـان دەپرسـین: "ئـەرێ جـوان وەپێـش چـاو دێـم؟ "یـان:" ئـەرێ تەنوورەکـەم زۆر تەسـک نییـە؟" گـەردی نەبینـراوی تۆزمـان لـە بلوسـەکانیان دەسـڕی. شـاڵەکانیانمان بـۆ گـرێ دەدان. یاخیتریـن بسـکی لوولیانمـان بـۆ ڕێـک دەکردنـەوە، تـا بـاش وەپێـش چـاو بـێ. بەبـێ چ قسـەیەک تاڵـی سـپیی پرچیانمـان بـژار دەکـردن. پێمـان دەگوتـن: "خانـم، جوانـن!" وامـان دەگـوت و پاشـان بەڕێمـان دەکـردن. کاتـێ مێردەکانیـان لـە کاتـە ئاسـاییەکەی شـەواندا بـۆ ماڵـەوە دەگەڕانـەوە، ئێمـە وا خۆمـان دەنوانـد، هیـچ شـتێک نازانیـن.

یەکێکیـان بەتەنیـا لـە ماڵێکـی داڕووخـاوی کارمەندانـی بـاڵا لـە سـەرەوە، لـە نـوب هیللـی سـان فرانسیسـکۆ دەژیـا و دوازدە سـاڵ بـوو پێـی لـە مـاڵ

نەبردبووە دەرەوە. یەکێکیان کۆنتێسەیەکی خەڵکی درەیسدن بوو، کە قەت لە ژیانیدا شتێکی بەرز نەکردبووەوە، کە لە چەتاڵ قورستر بووبێت. یەکێکیان لە چنگی بولشەویکەکان لە ڕووسیا هەڵاتبوو و هەموو شەوێک خەونی دەبینی گەڕاوەتەوە ماڵی باوکی لە ئۆدێسا. دەیگوت: *ئێمە هەموو شتێکمان لەدەست دا*. یەکێکیان بەر لە ئێمە تەنها ئیشی بە ڕەشپێستەکان کردبوو. یەکێکیان بەختی لەگەڵ چینییەکاندا نەبووبوو. دەیگوت: *بنیادەم دەبێ بەردەوام چاوێکی لەسەریان بێت*. یەکێکیان کاتێ ئەرزەکەمان بۆ دەسڕی، ناچاری دەکردین لەبری ئەوەی ئەردسڕ بەکار بهێنین، لەسەر هەرچوار پەل بۆی بسڕین. یەکێکیان پەڕۆکۆنێکی بە دەستەوە دەگرت و هەوڵی دەدا یارمەتیمان بدا، بەڵام ئیشەکەی لێ تێک دەداین. یەکێکیان فراڤینی بەتامی لە دەفری فەخفوری جواندا بۆ دادەناین و گەرچی ئێمە پەرۆش بووین لەسەر ئیشەکەمان بەردەوام بین، کەچی ئەو هەوڵی دەدا لەسەر مێزەکە لەگەڵی دانیشین. یەکێکیان تا نیوەڕۆ جلکی شەوی نەدەگۆڕی. زوربەیان ژانەسەریان لەگەڵدا بوو. زوربەیان غەمگین بوون. زۆریان دەیانخواردەوە. یەکێکیان هەموو پاشنیوەڕۆیەکی ڕۆژانی هەینی دەیبردین بۆ بازاڕی سیتی ئۆف پاریس لە ناوەندی شار و پێی دەگوتین پارچەیەک جلکی نوێ بۆ خۆمان هەڵگرین. دەیگوت: *حەزتان لە کامەیە؟* یەکێکیان فەرهەنگێک و دوو دەسەسڕی ئاوریشمی دەداینێ و لە یەکەمین کۆرسی فێربوونی ئینگلیزیدا ناونووسی دەکردین. دەیگوت: *شۆفێرەکەم لە خوارەوە چاوەڕێت دەکا*. ئەوانی تریان هەوڵیان دەدا خۆیان ئینگلیزیمان فێر بکەن: *ئەمە یەک سەتڵ. ئەمە یەک زەویسڕ. ئەمە یەک کسک*. یەکێکیان قەت ناوەکانمانی بیر نەدەکەوتنەوە. یەکێکیان هەموو بەیانییەک لە موبەقەکە هاوڕێیانە سڵاوی لێ دەکردین، بەڵام کاتێ لەسەر جادە بەلاماندا تێدەپەڕی، هەر وەک نەماننناسێ وەها بوو، یەکێکیان لە ماوەی ئەو سیازدە ساڵەدا کە ئیشمان بۆ دەکرد، بە هەزار حاڵ یەک تاقە وشە

قسەی لەگەڵدا کردبووین، بەڵام کاتێ مرد، سەروەتێکی بە میرات بۆ جێ هێشتین.

زیاتر حەزمان لەوە بوو، کە ئەوان لە سالۆن یان لە فراقینکردن لە یانە دەبوون و مێردەکانیان هێشتا لە دایرە و منداڵەکانیان هێشتا لە قوتابخانە بۆ ماڵەوە نەگەڕابوونەوە. ئەوە کاتێک بوو، کە کەس چاوی لە سەرمان نەبوو. کەس قسەی لەگەڵ نەدەکردین، کەس. کاتێ ئێمە مۆبلەکانیانمان دەسڕین، بە دزەدز لەدوامانەوە نەدەهاتن تا بزانن ئاخۆ پەڵەیەکمان بەسەردا تێنەپەڕیوە. هەموو ماڵەکە چۆڵ، بێدەنگ و خۆمانە بوو. پەردەکانمان هەڵدەدانەوە، پەنجەرەکانمان دەکردنەوە، لە کاتێکدا کە بە ژوورەکاندا دەڕۆیشتین و تۆزی سەر شتەکانیانمان دەتاکاند و دەسڕین، هەوای پاکمان هەڵدەمژت. تاقە شتێک کە دەیانبینی، بریقە بوو. ئەوسا هەستمان دەکرد ئارامترین. هەستمان دەکرد کەمتر دەترسین. بۆ یەکەمین جار لە ژیانماندا هەستمان دەکرد خۆمانین.

هەندێکمان دزیمان لێ دەکردن. یەکەم جار شتی بچووک، کە پێمان وا نەبوو ئەوان بەدوایاندا بگەڕێن. چەتاڵێکی زیو لێرە و خوێدانێک لەوێ. تاکوتەرا قووم کۆنیاک. کوپێکی بە-گوڵ-نەخشێنراوی چا، کە بەلامانەوە گرینگ بوو هەمان بێت. ژێرپیاڵەیەکی جوانی بە-گوڵ-نەخشێنراو. گوڵدانێکی فەخفوری، لە هەمان تۆنی ڕەنگی سەوزی بوداکەی دایکم، کە لە نەفریت بوو. یەکێکمان دەیگوت: *من هەر زۆر سووک و هاسان حەزم لە شتی جوانە.* چنگێک پارەی وردە لەسەر ڕەفەی موبەق، کە چەند ڕۆژێک بوو هەر لەوێدا بوو. هەندێکی ترمان وەسوەسەی دزی لێی دابوون، بەڵام دەستیان پاراستبوو. هەڵبەت لەسەر خووڕەوشتمان پاداشت دەکراین. من تاقە کچەکارەکەر بووم، کە خانمەکەم ڕێگەی دابووم بچمە سەرەوە بۆ ژووری نوستنەکەی بۆ لای. هەموو زنجییەکان دەبوو لە خوارەوە لە موبەق بمێننەوە.

هەندێکیـان بەبـێ چ ئاگادارکردنەوەیـەک دەریـان دەکردیـن و هیـچ نەماندەزانـی کـە ئاخـۆ دەبـێ چ هەڵەیەکمـان کردبـێ. مێردەکانمـان بـەردەوام پێیـان دەگوتیـن: "تـۆ زۆر جوانیـت." ئەگەرچـی بەلامانـەوە زەحمـەت بـوو بـاوەڕ بکەیـن جوانیـن. هەندێکمـان هێنـد دەسـتوپێ سـپی بوویـن، کـە دەمانزانـی ناتوانیـن لـە هەفتەیـەک زیاتـر بـڕ بکەیـن. کـە فراڤینمـان بـۆ دادەنـان، ئەوسـا دەمانزانـی بیرمـان چـووە گۆشـتەکەیان بـۆ لێبنێیـن. هەمـوو جارێـک شـۆربای شەشـپەڕەی پرپۆڵەکەیانمـان دەسـووتاند. جوانتریـن پەرداخـە کریسـتاڵەکانیانمان لـە دەسـت بەردەبوونـەوە و دەشـکان. بـە هەڵـە پەنیرەکانیانمـان فـڕێ دەدان. هەوڵمـان دەدا پاکانـە بـۆ ئـەوە بهێنینـەوە و دەمانگـوت: "وامـان زانـی بۆگەنـی کـردووە." وەڵامیـان دەدایـنـەوە: "خـۆی بۆنـی وایـە." هەندێکمـان بـۆی زەحمـەت بـوو لـە ئینگلیزییەکەیـان حاڵـی بێـت، کـە هـەر هیـچ لـەو ئینگلیزییـە نەدەچـوو کـە ئێمـە لـە کتێبەکانمانـەوە فێـری بووبوویـن. دەمانگـوت "بەڵـێ،" کاتـێ پرسـیاریان لـێ دەکردیـن کـە ئاخـۆ ناتوانیـن جلکـە شـۆراوەکانیان قـەد بکەیـن. دەمانگـوت "نـەء!" کاتـێ داوایـان لـێ دەکردیـن ئەرزەکـە بسـڕین. کاتێکیـش پرسـیاریان لـێ دەکردیـن ئاخـۆ گـوارە ئاڵتوونەکانیانمـان بینیـوە، ئێمـە زەردەخەنەمـان دەهاتـێ و دەمانگوت: "ئـێ ئـێ، بەڕاسـت؟" هەندێکـی ترمـان بـۆ هەرشـتێک پرسـیارمان لـێ کرابـا، تەنهـا بـە "ئمممممـم" وەڵامـان دەدانـەوە. هەندێکمـان مێردەکانمـان درۆیـان بـۆ کردبـوون سـەبارەت بـە توانـا و ئامادەگیمـان بـۆ چێشـتلێنان. پێیـان گوتبـوون: *ژنەکـەم پسـپۆڕە و هـەر وێنـەی نییـە لـە لێنانـی مریشـکی تۆکرانـی و شـۆربای خەسـتی پەتاتـە،* بـەڵام زووبـەزوو دەر دەکـەوت تەنهـا لـە لێنانـی برنجـدا پسـپۆڕین. هەندێکمـان لەنێـو موڵـک و ماڵـی خۆمانـدا گـەورە بووبوویـن، کارەکـەر و خزمەتکارمـان هەبـووە و کـەس ئەمـری بەسـەردا نەکردبوویـن. هەندێکمـان زۆر بـاش لەگـەڵ منداڵەکانیانـدا، کـە پێمـان وا بـوو شـەڕانگێز و دەنگزلـن، هەڵمـان نەدەکـرد. هەندێکمـان ناڕەزایەتیمـان دەر

دەبڕی بەوەی کە سەبارەت بە ئێمە، کاتێ وایان دەزانی لە ژوورەکەدا نەماوین، بە منداڵەکانیان دەگوت: *"ئەگەر سەعی نەکەیت و زیرەک نەبیت، ئەوا ناچارت دەکەم ڕێک وەک لیلی ئەرز بسڕیت."*

زوربەیان هەر هیچ گوێیان پێ نەدەداین. کە پێویستیان پێمان دەبوو لەوێ بووین، بەڵام کە پێویستیان پێمان نەدەبوو، گورج دیار نەدەماین. دەخزاینە دواوە و بێدەنگ زەوییەکانیانمان دەسڕین، بریقەمان لە کورسی و مێز و قەنەفەکانیان دەهێنان، منداڵەکانیانمان دەشت، بەشگەلێک لە ماڵەکانیانمان، کە جگە لە ئێمە کەسی تر بۆی نەبوو بیانبینێت، گسک دەدان. زۆر بەدەگمەن دەدواین. کەممان دەخوارد. ئێمە دڵارا بووین. ئازا بووین. قەت نەدەبووینە مایەی کێشە و لێدەگەڕاین چیمان لێ دەکەن، لێمان بکەن. لێدەگەڕاین هەرکاتێ لێمان قایلن، ستایشمان بکەن. لێدەگەڕاین کاتێ تووڕەن، بەسەرماندا بقیژێنن. لێدەگەڕاین شتگەلێکمان بدەنێ، کە نە حەزمان لێیان و نە پێویستیشمان پێیان بوو، دەمانگوت: *ئەگەر ئەو بلوسەکونەی لێ وەرنەگرم، ئەوا ڕەنگە بە کەسێکی خۆبەشتزانم تێبگا.* بە پرسیار بۆژۆمان نەدەکردن، قەت بەرپەرچمان نەدەدانەوە، یان گلەوگازندەمان نەبوو. قەت داوای مووچەی زۆرمان نەدەکرد. لەبەر ئەوەی زوربەمان کچانی سادە و ساکاری گوندی بووین، کە هیچ بە ئینگلیزی قسەمان نەدەکرد و دەمانزانی لە ئەمەریکا چ چارەیەکی ترمان نییە ئەوە نەبێ، کە بە فلچە دەستشۆیی بشۆین و ئەرز بسڕین.

لە نامەکانماندا بۆ دایکانمان، قەت ناویانمان نەدەهێنان. لە نامەکانماندا بۆ خوشک و هاوڕێکانمان، قەت ناویانمان نەدەهێنان. ئاخر ئیشکردن وەک کارەکەر لە ژاپۆن لە نزمترین لیستی ئەو ئیشانەدایە، کە ژنان دەیکەن. لە نامەکانماندا دەماننووسی: *کێڵگەکەمان جێ هێشتووە و بۆ خانوویەکی خۆش لە شار گواستوومانەتەوە. لەوێ مێردەکەم ئیشی لای خێزانێکی خانەدان دۆزیوەتەوە. قەڵەو بووم. کەشاومەتەوە. باڵام کردووە، ئێستا*

*جلکی ژێرەوە لەبەر دەکەم. ستیان دەبەستم و گۆرەوی لەپێ دەکەم. سوخمەیەک دەبەستم لە لۆکە. من هەموو ڕۆژێک تا سەعات ٩ دەنووم و پاشنیوەڕوانیش لە دەرەوە، لەگەڵ پشیلەکەمدا بەسەر دەبەم. دەموچاوم گۆشتن بووە. سمت و کەفەلم پانتر بووە. هەنگاوەکانم کورتتر بوون. خەریکم خۆم فێری خوێندنەوە دەکەم. دەچم بۆ وانەی فێربوونی پیانۆ. هەر تەواو شارەزای هونەری چێشتلێنانی ئەمەریکایی بووم و تازەکی لە پێشبڕکێیەکدا خەڵاتی یەکەمم لە دروستکردنی پای لیمۆدا وەرگرتووە. من دەزانم تۆ ئێرەت پێ خۆش دەبێ. جادەکان پان و بەرین و پاکن و بنیادەم پێویستی بەوە نییە کاتێ دەچێتە چیمەنەوە، پێڵاو دابکەنێ. زۆر جاران بیر لە تۆ دەکەمەوە و هەر بتوانم دەسبەجێ پارەت بۆ دەنێرم.*

جاروبار ڕووی دەدا کە مێردی یەکێکیان داوای لێ دەکردین لە ژووری کارەکەی قسەمان لەگەڵ بکا، لە کاتێکدا ژنەکەی لە دەرەوە بازاڕی دەکرد و ئێمەش نەماندەزانی ئاخۆ چۆن بتوانین بڵێین نەء. کاتێ دەچووین، لێی دەپرسین: هەموو شت باشە؟ بەزۆری سەرمان دادەخست و لە ئەرزەکەمان دەنۆڕی و دەمانگوت: "هەڵبەت، بێگومان، هەموو شت نایابە." ئەگەرچی ئەوەش ڕاست نەبوو، بەڵام کاتێ نەختێک سووکەدەستێکی لە شانمانەوە دەدا و لێی دەپرسین ئاخۆ دڵنیاین هەموو شت باشە، ئێمە هەموو جار ڕوومان وەرنەدەگێڕا. ئینجا پێی دەگوتین:" پێویست ناکا کەس بەمە بزانێت!" یان دەیگوت: "ژنەکەم وا زوو نایەتەوە." کاتێکیش بەسەر پێپلیکانەکەدا بۆ ژووری نوستنەکەی دەبردین و ڕێک لەسەر جێگەخەوەکە پاڵی دەخستین – ڕێک ئەو جێگەخەوەی کە هەمان ئەو بەیانییە ڕامان خستبوو – هۆن-هۆن دەگریاین، لەبەر ئەوەی دەمێک بوو کەس ئاوها لە ئامێزی نەگرتبووین.

هەندێکیان داوایان لێ دەکردین چەند وشەیەک بە ژاپۆنی بڵێین، تەنها بۆ ئەوەی گوێیان لە ئاوازی دەنگمان بێت. دەیانگوت: *گرینگ نییە چ دەڵێن.*

هەندێکیان داوایان لێ دەکردین جوانترین کیمۆنۆ ئاوریشمییەکانمان لەبەر بکەین و هێور-هێور پەنجە بە بڕبڕەی پشتیاندا بهێنین. هەندێکیان داوایان لێ دەکردین بە کەمەربەندە ئاوریشمییە گوڵگوڵییەکانمان بیانبەستینەوە و بە هەموو ئەو ناوانە بانگیان بکەین، کە بە دەمماندا دێن و دەحەپەساین کاتێ دەمانزانی ناویان چییە و چەند بەهاسانی ئەوەمان زانیوە. ئاخر چونکە لەوەوبەر قەت ناوەکانیانمان بە دەنگی بەرز گۆ نەکردبوو. هەندێکیان داوایان لێ دەکردین ناوە ڕاستەقینەکانی خۆمانیان پێ بڵێین. ناوێک، کە ئەوان پێشان بە چرپە دەیانگوت و دەیانگوتەوە، تا وای لێ دەهات خۆیشمان نەماندەزانی ناومان چییە. *میدۆری. میدوری. میدوری.* هەندێکیان بۆیان باس دەکردین، کە ئێمە چەند جوانین، ئەگەرچی خۆمان دەمانزانی هاکەزایی و ناشرینین. یەکێکمان دەیگوت: *لە ژاپۆن هیچ پیاوێک تەماشام ناکا.* هەندێکیان لێیان دەپرسین، کە ئێمە ئەوەمان پێ خۆشە یان ئاخۆ ئەوان لەگەڵمان خەراپن و ئایا ئێمە قایلین بەوەی ئەوان لەگەڵمان دەیکەن، ئێمەش دەمانگوت بەڵێ، لەبەر ئەوەی قایل بووین. یەکێکمان دەیگوت: *کاتێ لەگەڵ ئێوەدام، لانی کەم دەزانم دەژیم.* هەندێکیان درۆیان بۆ دەکردین. دەیانگوت: *من قەت پێشتر ئەمەم نەکردووە.* ئێمەش بە نۆرەی خۆمان درۆمان بۆ دەکردن. دەمانگوت: *ئێمەش.* هەندێکیان پارەیان دەداینێ، کە دەمانئاخنییە گۆرەوییەکانمانەوە و هەمان شەو بەبێ ئەوەی یەک وشە بڵێین، دەماندایە مێردەکانمان. هەندێکیان بەڵێنیان پێ دەداین لەبەر ئێمە واز لە ژنەکانیان بهێنن، ئەگەرچی دەمانزانی هەرگیز شتی وا ناکەن. هەندێکیان دەیانزانی لێیان دووگیانین. دەمانگوت: *مێردەکەم شەش مانگ زیاترە پەنجەی بەرم نەکەوتووە.* ئەوسا دەیانناردین و دەیانگوت: "دەبێ لەناوی ببەیت." دەیانگوت: "من پارەی هەموو تێچوونەکەی دەدەم." دەیانگوت: "دەسبەجێ ئیشێکت لە جێگەیەک بۆ دەدۆزمەوە."

یەکێکمان کەوتە هەڵەوە، ئەو پیاوەی خۆش ویست و هێشتا هەر شەو

و ڕۆژ بیری لێ دەکاتەوە. یەکێکمان هەر هەموو شتێکی بۆ مێردەکەی گێڕایەوە و ئەویش بە کلکەئەرزسرپێک کەوتە ویزەی و پاشان کروشکەی کرد و گریا. یەکێکمان هەموو شتێکی بۆ مێردەکەی گێڕایەوە، ئەویش تەلاقی دا و بۆ لای دایک و باوکی لە ژاپۆن هەناردەوە، کە ئێستا لەوێ ڕۆژانە دە سەعات لە ناگانو لە ئاوریشمچنییەکدا ئیش دەکا. یەکێکمان هەموو شتێکی بۆ مێردەکەی گێڕایەوە، ئەویش لێی بوورا و لە بەردەمیدا دانی بە دوو گوناهی خۆیدا نا. پێی گوت: *من ژنێکی ترم لەو سەرەوە لە کولوسا هەیە.* یەکێکمان هیچی بۆ کەس نەگێڕایەوە و هێدی-هێدی ئەقڵی لەدەست دا. یەکێکمان نامەی بۆ ماڵەوە نووسی و ڕاوێژی بە دایکی، کە هەمیشە دەیزانی دەبێ بنیادەم چ بکا، کرد، بەڵام دایکی قەت چ وەڵامێکی نەدایەوە. دەیگوت: *من دەبێ بەتەنیا ئەم کێشەیە تێپەڕێنم.* یەکێکمان قۆڵەکانی جلکە بووکێنییە ئاوریشمەکەی پڕ کردن لە بەرد و خۆی هەڵدایە زەریا، ئێمەش هێشتا ڕۆژانە دوعای بۆ دەکەین.

چەند کەسێکمان دواجار ملمان دا، کە لە هۆتێلە پەمەییەکانی ژوور هۆڵەکانی بلیارد و دوکانەکانی مەیفرۆشی، لە هەرە ناوچە قەبزەکانی شارەکانیاندا ئیشیان بۆ بکەین. لە پەنجەرەکانی نهۆمی دووەمی (خانووبەرەی تۆکیۆ)وە بانگمان دەکردن، کە لەوێ گەنجترینەکانمانی لێ بوون و تەمەنیان ئەوپەڕی دە ساڵان بوو. لە (خانووبەرەی یوکوهاما) بە باوەشێنە هەتاوییەکانمانەوە، کە لە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ دروست کرابوو، چاومان لێ دادەگرتن و بە نرخێکی باش هەموو ئەو شتانەمان دەدانێ، کە ژنەکانیان لە ماڵەوە حەزیان نەدەکرد بیاندەنێ. لە (خانووبەرەی ئالوها) بە دەنگێکی کچانەوە خۆمان بە ناوەکانی میستریس ساکی و خاوەن شکۆ میس گوڵەگێلاس پێ دەناساندن و کاتێکیش لێیان دەپرسین لەکوێوە هاتووین، ئێمە زەردەمان دەهاتێ و دەمانگوت: "ئۆهـ لە جێگەیەکی نزیک (کیوتو)وە." لە نیوئیدن نایت کلوب سەمامان لەگەڵ دەکردن و بۆ هەر

چارەکەساعاتێک لە کاتەکەمان، داوای پەنجا سەنتمان لێ دەکردن. خۆ ئەگەر بیانویستبا لەگەڵمان بۆ نهۆمی سەرەوە بێن، ئەوا پێمان دەگوتن کە ئەوە بۆ هەرجارێک پێنج دۆلار، یان تا بەیانی مانەوە لە ژوورەکەدا، بیست دۆلار دەکا. کاتێک ئیشی خۆیان لەگەڵماندا تەواو دەکرد، ئێمە پارەکانمان دەدایە بەڕێوەبەرەکانمان، کە بەدرێژاییی شەو قوماریان دەکرد و بە شێوەیەکی ڕێکوپێکیش بەرتیلیان دەدایە پۆلیس و نەشیاندەهێشت لەگەڵ هیچکەس لە هاوڕەگەزانی خۆماندا بنووین، دەیانگوت: *کچێکی جوانکیلەی وەک تۆ، هەزار دراوی زێڕ دێنێ.*

جاروبار کە لەگەڵیان دەنوستین، بیرمان لە مێردەکانمان، کە لێیان هەڵهاتبووین، دەکردەوە. لە خۆمان دەپرسی: *هەر بەڕاست، ئەو ئەوەندە شەڕانگێز بوو؟ هێند دڵڕەق؟ هێند زەوقسز بووە؟* جاروبار هەستمان دەکرد خەریکین دەکەوینە داوی عەشقی سەرکارەکانمانەوە، کە لە کاتی گەڕانەوەماندا لە کێڵگەوە بۆماڵەوە و لەژێر هەڕەشەی چەقۆدا، بە بارمتە دەیانگرتین. دەمانگوت: *ئاخر ئەو شتومەکمان دەداتێ. ئەو قسەمان لەگەڵ دەکا. ڕێگەمان دەدا بڕۆین و پیاسە بکەین.* جاروبار بە خۆمان دەگوت، دوای دووساڵێک ئیشکردن لە ئیوریکا هاوس، پارەوپوولێکی وامان دەبێ، کە بتوانین بلیتێکی بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆمان پێ بکڕین، بەڵام لە کۆتاییی ئەو ساڵەدا، جگە لە پەنجا سەنت و ئاتەشەکێکی* ترسناک، خاوەنی هیچ نەبووین. بۆ ساڵی داهاتوو بە خۆمان دەگوت: *ئێ، بەڵکوو ئەمە خوایە ساڵی داهاتوو بتوانین.* بەڵام تەنانەت جوانکیلەترینەکانمان دەیانزانی کە ڕۆژ و ڕۆژگارمان بەسەر دەچێ، لەبەر ئەوەی لەو ئیشەی ئێمەدا، کاتێ بنیادەم تەمەنی دەبێتە بیست ساڵ، ئیتر یان ئەوەتا دەمرێ، یاخود وەدەر دەنرێت.

---

* ئاتەشەک: سوزەنەک، نەخۆشییەک کە لە ڕێگەی سێکسەوە دووچاری کۆئەندامی زاووزێی ئافرەت دەبێ.

یەکێکیان کە نابێ ناوەکەی ئاشکرا بکەین، ئێمەی لەو قەحبەخانەیەی ئیشمان لێی دەکرد، کڕییەوە و لەگەڵ خۆیدا هێنایینی بۆ خانوویەکی گەورە، کە کەوتبووە جادەیەکی ئەمبەر و ئەوبەر بە-درەخت-چێنراو لە مونتیکیتو. گوڵەبامی لە تاقی پەنجەرەکاندا، مێز لە مەڕمەڕ، قەنەفەی چەرم، کاسەی شووشەی پڕ لە چەرەس بۆ ئەگەری هەبوونی میوان. سەگێکی سپیی لەدڵداشیرینیش هەبوو، کە بە(شیرو)، بە ناوی هەمان ئەو سەگەوە کە لە ژاپۆن بە جیمان هێشتبوو و ڕۆژی سێ جاران بەشادمانی لەگەڵیدا دەچووینە دەرێ، بانگمان دەکرد. هەر لەو خانووەدا یەخچاڵێکی کارەبایی هەبوو، گرامافونێک، ڕادیۆیەکی ماجیستیک. ترومبێلێکی تی فورد لەسەر ڕێگەکە، کە هەموو یەکشەموانێک دەمانخستە ئیش و پیاسەیەکمان پێ دەکرد. کارەکەرێکی لەڕولاواز بە ناوی کونسیولو، کە خەڵکی فیلیپین و کێکی هێلکە و پای نایابی دروست دەکردن و پێشبینیی هەر هەموو پێداویستییەکانمانی دەکرد. ئەگەر شادمان بووینایە، دەیزانی. ئەگەر غەمگین بووینایە، دەیزانی. دەیزانی ئەگەر شەوی پێشتر شەڕمان بووایە یان ئەگەر خۆش لێمان گوزەرا بووایە. بۆ هەر هەموو ئەوانە ئێمە تا ئەبەد سوپاسگوزاری مێردە تازەکانمان بووین، چونکە ئەگەر ئەوان نەبوویانە، ئەوا ئێمە هێشتا لەسەر جادە دەبووین. یەکێکمان دەیگوت: هەر کە *چاوم پێی کەوت، یەکسەر زانیم ئیدی ڕزگار بووم*. بەڵام جاروبار بیرمان لەو پیاوانە دەکردەوە، کە بەجێمان هێشتبوون. دەمانگوت بڵێی ڕۆژی دوای ئەوەی جێمان هێشتوون، هەموو شتەکانمانیان سووتاندبن؟ بڵێی نامەکانمانیان سووتاندبن؟ بڵێی ڕقیان لێمان بێ؟ بڵێی بیرمان بکەن؟ بڵێی چ زیندوو بین چ مردوو، گوێمان پێ بدەن؟ بڵێی ئێستاش وەک باخەوان لای خانەوادەی بارنهام لە سوتەر ستریت ئیش بکەن؟ بڵێی نێرگسەکەیانیان چاندبێ؟ بڵێی چیمەنەکەیانیان بڕیبێ؟ ئایا هێشتا هەموو ئێوارەیەک بەتەنیا شێو لە موبەقە گەورەکەی میسز بورنهام دەکەن،

یاخود دواجار بوونەتە هاوڕێی ئەو کارەکەرە زنجییەی کە میسز بورنهام لە هەموویان زیاتری خۆش دەویست؟ بڵێی ئێستاش شەوانە بەر لەوەی بنون، سێ لاپەڕە لە نامیلکەی زانیارینامە لەبارەی باخەوە بخوێننەوە؟ ئایا خەون بەوەوە دەبینن، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ببنە خزمەتکاری یەکەم؟ جاروبار عەسرێکی درەنگ، کاتێ کە خەریک بوو خۆر ئاوا دەبوو، فۆتۆ زەردهەڵگەڕاوەکانیانمان لە جانتاکانمان دەر دەهێنان و بۆ دواجار تەماشامان دەکردن. بەڵام هەرچی هەوڵمان دەدا، نەماندەتوانی قەناعەت بە خۆمان بهێنین، کە فرێیان بدەین.

هەندێکمان هێشتا سێیەم ڕۆژمان بوو لە ئەمەریکا، پشتمان بەسەر تەشتە بەزینک ڕووپۆشکراوەکانیاندا نووشتاندبۆوە و بێدەنگ جلک و پەڕۆوپاتاڵەکانیانمان دەشت: بەرگەپشتی و بەرگەدۆشەکی پەڵەپەڵاوی، دەسەسڕی پیس، ئێخەی چڵکن، جلی ژێرەوەی سپیی هێند جوان، کە ئێمە وامان دەزانی لە سەرەوە لە بەری دەکەن نەک لە ژێرەوە. ئێمە لە ژێرزەمینی جلکشۆریی گەڕەکە ژاپۆنییەکان، لە هەرە وێرانترین گەڕەکی شارەکانیان - سان فرانیسیکۆ، ساکرامێنتو، سانتا باربارا، ئێل. ئای — ئیشمان دەکرد و هەموو بەیانییەک بەر لە کازیوە، لەگەڵ مێردەکانماندا هەڵدەستاین و جلکمان دەشت و ئاومان دەکوڵاند و ئەرزمان دەسڕی. شەوانیش کاتێ گسکەکانمان دادەنان و لەسەر تەختەخەوەکانمان ڕادەکشاین، خەونمان دەبینی، کە هێشتا هەر شت دەشۆین. ساڵانێکی زۆر هەمان ئەو خەونانەمان دەبینین. تەنانەت ئەگەر ئەو هەموو ڕێگەیەشمان بەرەو ئەمەریکا نەبڕیبا تا لە کونجێکی بەپەردەجیاکراوە لەودیو (ڕویاڵ هاند لاوندرای)یەوە بژین، دەمانزانی ناتوانین بۆ ماڵەوە بگەڕێینەوە. ئاخر باوکانمان بۆیان دەنووسین: *ئەگەر بۆ ماڵەوە بگەڕێیتەوە، ئەوا هەموو خێزانەکە شەرمەزار دەکەیت. ئەگەر بۆ ماڵەوە بگەڕێیتەوە، ئەوا قەت خوشکە گەنجترەکانت شوو ناکەن. ئەگەر بۆ ماڵەوە بگەڕێیتەوە، ئەوا*

*هەرگیز هیچ پیاوێک نایەوێت*. ئەوسا ئێمەش لەو گەڕەکە ژاپۆنیانەدا، لەگەڵ مێردە تازەکانماندا دەماینەوە و بەر لە وادەی خۆی، پیر دەبووین.

زۆر دەگمەن لەو گەڕەکە ژاپۆنیانەدا ئەوانمان دەبینین. ئێمە هەرحەوت ڕۆژەکەی هەفتە لە باڕی (نانی نیوەڕۆ) و دوکانی ماکەرۆنەی مێردەکانمان، خواردنمان دادەنان و ڕەگوڕیشە و نەسەبی هەر هەموو مشتەرییەکانمان دەناسین: یاماموتو – سان، ناتسوهارا – سان، ئیتو – سان، کودامی – سان، ژوورەکانمان لە لۆقەنتە هەرزانەکانی مێردەکانماندا گسک دەدان، ڕۆژی دوو جاریش چێشتمان بۆ میوانەکانیان، کە ڕێک لە خۆمان دەچوون، لێدەنا. ئێمە سەوزەواتەکانمان لە فوجیوکا گروسێری، کە هەر هەموو ئەو شمەکانەی دەفرۆشت کە لە خەیاڵماندا بوو، لە ژاپۆن هەبوون: چای سەوز، سابوونی میتسوا، بخوور، مرەبای هەڵوژە، پەنیری تازەی ڕووەکی، گژوگیای ئاویی وشککراو دژی ملەخڕێ و هەڵامەت. عارەقی خۆماڵی ژاپۆنیمان بۆ مێردەکانمان لە هۆڵی بلیاردەکەی خوار قەحبەخانەکەی نێوان سووچی تایرد ستریت و مایندا دەکڕی، بەڵام ئاگادار بووین کە یەکەم جار پۆشینە سپییەکانمان لەبەر بکەین، تا کەس لەبەر دەروازەکەدا بە قەحبە تێمان نەگا. جلکەکانمان لە بازاڕی (یادا) لە یدیس شۆپ دەکڕین و پێڵاوەکانیشمان لە ئاساهی شو، کە لەوێ هەر بەڕاستی پێڵاوی نمرەی پێی ئێمە هەبوو. کرێمی ڕووخسارمان لە دەرمانخانەی تێنشودو دەکڕی. هەموو یەکشەمموانێک بۆ مەلەگە گشتییەکە دەچووین و لەگەڵ هاوسێ و هاوڕێکانماندا دەکەوتینە زەم و زەمکاری: *ئەرێ ڕاستە کیسایو نەیهێشتووە مێردەکەی لە دەرگەی حەوشەوە بێتە ژوورەوە؟ ڕاستە کە میکیکو هەر بەڕاستی ڕەدووی قومارچییەک لە (تویو کلوب) کەوتووە؟ ئەرێ ئەوە هاکیو چیی لە پرچی کردووە؟ هەر دەڵێی کونەجرجە*. کاتێ ددانمان بئێشایە، دەچووین بۆ یوشیناگاس دێنتال کلینیک، بۆ پشتئێشە و ئازاری ئەژنۆ بۆ لای دوکتۆر

هایانوی نۆژداری سوژنی دەچووین، کە هونەری مەسازی شیتاسوشی دەزانی. خۆ ئەگەر لە کاروباری دڵیشدا پێویستمان بە ئامۆژگاری بوایە: *ئاخۆ دەبێ جێی بهێڵم یان لەلای بمێنمەوە؟* ئەوا دەچووین بۆ لای میسز موراتا، ئەو ژنە دەستگرەوەیەی لە خانووە شینەکەی سێکۆند ستریت، لە ژوور (ئاساکاوا پاون)ەوە دەژیا، کە لەوێ لە موبەقەکەدا بە سەرێکی شۆڕ و دەستەوئەژنۆ لەلای دادەنیشتین و چاوەڕێمان دەکرد تا پەیامێکی لەلایەن خواوەندەکانەوە پێ بدرێت. دەیگوت: *ئەگەر ئێستا جێی بهێڵیت، ئەوا قەت کەسی ترت بە نسیب نابێت.* هەر هەموو ئەوە لە چوار گەڕەکی گەورەی شاردا ڕووی دەدا، کە ژاپۆنیتر بوو لەو گوندەی لە ژاپۆن جێمان هێشتبوو. من دەمگوت: *ئەگەر چاو بنووقێنم، تەنانەت نازانم لە وڵاتێکی بێگانەدا دەژیم.*

هەموو جارێک کە گەڕەکە ژاپۆنییەکانی خۆمان جێ دەهێشتن و دەچووینە سەر جادەی پانوپۆڕ و خاوێنی شارەکانیانەوە، هەوڵمان دەدا سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆمان ڕانەکێشین، وەک ئەوان جلکمان دەپۆشی، وەک ئەوان بە ڕێگەدا دەڕۆیشتن، ئاگامان لە خۆمان دەبوو، کە بەکۆمەڵ نەڕۆین. لە بەردەمیاندا خۆمان بچووک دەکردەوە. دەمانگوت: *ئەگەر شوێن و قەبارەی خۆمان بزانین، ئەوا ئەوان وازمان لێ دێنن.* هەموو شتێکمان دەکرد، تا جاڕزیان نەکەین. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان ژیانیان لێ قورس دەکردین. پیاوەکانیان دەیانکێشا بە پشتی مێردەکانماندا و هاواریان دەکرد: "ببوورە!" هاوکاتیش کڵاوەکانیان لەسەر دادەکەندن. منداڵەکانیان بەردیان تێ دەگرتین. بۆیەکانیان هەمیشە دوایین کەس دەهاتن بەلامانەوە. دەرکەوانەکانیان لە شانۆکانیاندا بۆ بانیژەکانی سەری سەرەوەیان دەبردین، لەسەر کورسییە هەرە خەراپەکان دایان دەنیشاندین و ئەو شوێنانەیان ناو نابوون بەهەشتی زنجییەکان. سەرتاشەکانیان قژیان نەدەتاشین. دەیانگوت: قژتان بۆ مقەستەکانی ئێمە زبرە. کاتێ لە

ترێنەکانیاندا زۆر لە نزیک ژنەکانیانەوە ڕادەوەستاین، خێرا پێیان دەگوتین لا بچین، ئێمەش پێمان دەگوتن: "ببوورە!" و زەردەخەنەمان بۆ دەکردن و دەچووینە ترێنێکی ترەوە. ئاخر مێردەکانمان فێریان کردبووین کە تاقە شتێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان بیکەین، ئەوەیە ڕووبەڕوویان نەبینەوە. بۆیە بەزۆری لە ماڵەوە، لە گەرەکە ژاپۆنییەکانی خۆماندا دەماینەوە، لەوێ و لەنێو هاوشێوەکانی خۆماندا، هەستمان بە دڵنیایی دەکرد. خۆمان فێر کردبوو لە دوورەوە لەگەڵیان بژین و تا پێمان بکرێ مەودایان لێ بگرین.

بەڵێنمان بە خۆمان دەدا، دەبێ ڕۆژێک جێیان بهێڵین. بەڵێنمان بە خۆمان دەدا، دەبێ خۆمان بڕەتێنین و پارەی پێویست کۆ بکەینەوە، تا خۆمان بگەیەنینە جێگەیەکی تر. ڕەنگبێ ئەرژەنتین یان مەکسیکۆ، ساو پاولو یان بەرازیل و هاربین، یاخود مانچورێت، کە مێردەکانمان بۆیان باس کردبووین ژاپۆنییەک لەوێ دەتوانێ وەک شازادە بژی. دەیانگوت: *پارساڵ براکەم ڕۆیشت بۆ ئەوێ و هەر زۆر نایاب لێی گوزەرا.* بەڵێنمان بە خۆمان دەدا، کە دەبێ لە سەرەوە دەست پێ بکەینەوە. مێزی میوەفرۆشیی خۆمان دابنێین. کۆمپانیای بازرگانیی خۆمان دابنێین. هۆتێلی دەرەجە یەکی خۆمان دابنێین. دەبێ باخێکی گێلاس بڕوێنین. بێستانی خورماڵو، هەزار هێکتار کێڵگەی زێڕینی بەپیت. دەبێ خۆمان فێری شتگەلێک بکەین. دەبێ شتێک بکەین. باخچەیەکی منداڵان دابنێین. پەرستگەیەک ڕۆبنێین. یەکەمین سەفەرمان بە قەتار بکەین. ساڵی جارێک و لە یادی هاوسەرگیریماندا، سووراوێک بکەین و بۆ خۆمان بچینە دەرەوە و نانێک بخۆین. لە جێگەیەکی *خۆش، بە سفرەی سپی و چلچراوە.* کاتێ پارەی تەواو پاشەکەوت دەکەین تا یارمەتیی دایکان و باوکانمان لەپێناو ژیانێکی ئاسوودەدا بدەین، ئەوسا کەلوپەلەکانمان دەپێچینەوە و سەفەر بۆ ژاپۆن، بۆ ماڵەوە دەکەینەوە. ئەوە دەکەوێتە پاییزەوە. باوکانمان لە

دەرەوەن لـە کێڵگـەکان و لـە شـەنکردنن. ئێمـە بـە پـێ بەنـاو بڕەدرخـت و دارتووەکانـدا دەڕۆیـن، بـەلای دارگوێـژە گەورەکـە و ئەسـتێرکی سەوسـەنی ئاوییـدا تێدەپەڕیـن، کـە جـاران بەهـاران سـەرەمێکوتەمان تێـدا دەگـرت. سـەگەکانمان بـە پڕتـاو بـەرەو پیرمـان دێـن. هاوسـێکانمان دەسـتمان بـۆ رادەوەشـێنن. دایکانمـان لـەلای چاڵاوەکـەوە و بـە قـۆڵ و باسـکی پێچراوەوە دانیشـتوون و برنـج بـۆ ژەمـی شـێو دەشـۆنەوە. کاتـێ دەمانبینـن، هەڵدەسـنە سـەر پـێ و زەق-زەق تەماشـامان دەکـەن. پێمـان دەڵێـن: *"کچـە بچکۆڵـە، ئـەری تـوو ئـەو خوایـە ئـەوە تـۆ لەکـوێ بوویـت؟"*

بـەلام تـا ئـەو کاتـە، دەبـێ قەیرێکـی تریش لە ئەمەریکا بمێنینەوە و ئیشیان بـۆ بکەیـن، ئاخـر چـۆن دەتوانـن بەبـێ ئێمـە دەرەقـەت بێـن؟ کـێ شـیلکەکانیان لـە بێسـتانەکە بـۆ دەڕنـێ؟ کـێ میوەکانیـان لـە درەختـەکان بـۆ لێدەکاتـەوە؟ کـێ گێزەرەکانیـان بـۆ دەشـواتەوە؟ کـێ تەوالێتەکانیـان بـە فڵچـە بـۆ خاوێـن دەکاتـەوە؟ کـێ جلکەکانیـان بـۆ دەدوورێتـەوە؟ کـێ کراسـەکانیان بـۆ ئوتـوو دەکا؟ کـێ لۆکـەی باڵشـتەکانیان بـۆ شـی دەکاتـەوە؟ کـێ سـەرچەفەکانیان بـۆ دەگـۆڕێت؟ کـێ بەرچـای بـۆ منداڵەکانیـان ئامـادە دەکا؟ کـێ پیرەکانیـان دەشـوا؟ کـێ گـوێ بـۆ حەکایەتەکانیـان ڕادەدێرێـت؟ کـێ نهێنییەکانیـان دەپارێزێـت؟ کـێ درۆکانیـان بـلاو دەکاتـەوە؟ کـێ بـە شـانوباڵیاندا هەڵدەدا؟ کـێ گۆرانییـان بـۆ دەڵـێ؟ کـێ سـەمایان بـۆ دەکا؟ کـێ بەسـەریاندا دەگـرێ؟ کـێ لاکـەی تـری ڕومەتیشـیان بـۆ ڕادەگـرێ؟ تـا ئـەو کاتـەی ڕۆژێـک لـە ڕۆژان – لەبـەر ئـەوەی ئێمـە شـەکەت بوویـن، لەبـەر ئـەوەی ئێمـە پیـر بوویـن، لەبـەر ئـەوەی لـە قـەرەی ئـەوە دەهاتیـن – لێیـان ببووریـن؟ ئەوسـا کراسـە کیمۆنۆکانمـان قـەد کـردن و خسـتماننە باوڵەکانمانـەوە و بـۆ مـاوەی چەندیـن سـاڵ دەرمـان نەهێنانـەوە.

# ساوا

ئێمە لە پەنجاوپێنج پلەی گەرمای هاوین و لەژێر داربەڕووەکاندا منداڵمان بوو. ئێمە لە هەرە ساردترین شەوەکانی ساڵ، لەبەر سۆپای داری کوختە یەکژووریيەکاندا منداڵمان بوو. ئێمە شەش مانگ دوای گەیشتنمان، لە دوورگە بە-با-کوتراوەکانی دێلتادا منداڵمان بوو، ساواکانیشمان گچەکە و شلوشۆڕ و دوای سێ ڕۆژان دەمردن. ئێمە دوای نۆ مانگ لە گەیشتنمان، منداڵمان بوو، ساواکانیش بێخەوش و قژێکی ڕەشی پڕیان پێوە بوو. لە ڕەزە تۆزوخۆڵاوییەکاندا، لە ئێلک گروڤ و فلورین منداڵمان بوو. لە بێستانە دوورەکاندا لە ئیمپریال ڤالی، تەنها بە یارمەتیی مێردە ڕاستینەکانمان، کە لە نامیلکەی ڕێنومایيی کەیبانووەوە فێری مامانی بووبوون، بەوەی دەبێ چی بکەن و چی نەکەن، منداڵمان بوو. *یەکەم شت دەبێ ئاو لە لەگەنێکدا بکوڵێنرێت*... لەبەر تیشکی چرایەکی نەوت و لەسەر سەرچەفێکی ئاوریشمیی کۆن، کە لە ژاپۆنەوە لە جانتاکەماندا پێمان بوو، منداڵمان بوو. *سەرچەفەکە هێشتا بۆنی دایکمانی پێوە بوو*. وەک ماکیو لە کادانێکدا، لە دەرەوەی ماکسوێل، ڕاکشاو لەسەر دۆشەکێکی ئەستوور لە قوڕچوم منداڵمان بوو. *حەز دەکەم نزیکی ئاژەڵان بم*. تەنیا تەنیا لە باغێکی سێودا لە (سێباستوپول) منداڵمان بوو، دوای ئەوەی لە بەیانییەکی نائاساییی گەرمی پاییزێکدا، لە سەرەوە لە چیاکە بەدوای داردا دەگەڕاین. *ناوکیم بە چەقۆکەم بڕی و لە باوەشمدا بۆ ماڵەوەم*

*هێنایەوە.* لە خێمەیەکدا، لە لیڤینگستون بە یارمەتیی، مامانێکی ژاپۆنیی منداڵمان بوو، کە لە نزیکترین شارەوە زیاتر لە سێ میلی بە عارەبانە بڕیبوو. لە شارانێکدا منداڵمان بوو، کە هیچ پزیشکێک قایل نەدەبوو بمانبینێ، خۆمان ناوکەپەتکی خۆمان شت. یەکێکمان دەیگوت: *دایکم بینیوە کە زۆر کەڕەت وای کردووە.* لە شارانێکدا منداڵمان بوو، کە تەنها یەک پزیشکیان تێدا و هەقدەستەکەیشیمان پێ نەدەدرا. بە یارمەتیی دوکتۆر ڕینگواڵت منداڵمان بوو، کە هەقدەستەکەی لێ وەرنەدەگرتین. دەیگوت: پارەکە بۆ خۆتان هەڵبگرن. لەنێو هاوشێوەکانی خۆماندا لە کلینیکی منداڵبوونی تاکاهاشی، لە (کلیمینت ستریت) لە سان فرانسیسکۆ منداڵمان بوو. لە نەخۆشخانەی کاوابارا، لە نورس فایفس ستریت لە سان جۆیس منداڵمان بوو. لەپشتی لۆرییە فۆردەکەی مێردەکانماندا، لە جادەیەکی پڕ لە تاسەدا لە (کاستروڤیل) منداڵمان بوو. *ساواکە بەر لە وادەی خۆی لەدایک بوو.* لەسەر ئەرزێکی گڵی بەڕۆژنامەپۆشراو، لە کوختێکدا لە فرێنچ کامپ منداڵمان بوو، ئەوانەش گەورەترین منداڵ بوون، کە مامانەکە بەدرێژاییی ژیانی بینیبوونی و کێشیان پێنج هەزار و حەوت سەد گرام بوو. بە یارمەتیی ژنی ماسیفرۆشەکە، میس کوندو، منداڵمان بوو، کە دایکمانی لە ژاپۆن دەناسی. دەیگوت: *دایکتان تا ڕادەیەک جوانترین کچی گوند بوو.* لەودیو پەردەیەکی دانتێلەوە، لە سەرتاشخانەکەی ئاداچیس لە گاردێنا منداڵمان بوو، لە کاتێکدا مێردەکانمان تەراشی هەفتانەیان بۆ ئاغای ئۆتا دەکرد. ئێمە دەستوبرد، لە باڵەخانەکەی ژووری (هایگو تێن سێنت) منداڵمان بوو؛ بە کۆڵەگەی تەختەخەوەکەوە بەسترابووینەوە و لە کاتێکدا نەفرەتمان لە مێردەکانمان دەکرد، منداڵمان بوو. *هاوارمان دەکرد ئەمە خەتای ئێوە بوو.* ئەوانیش سوێندیان دەخوارد، کە ئیدی چیتر دەستیان بەرمان ناکەوێت. سەعات پێنجی بەیانی لە ژووری ئووتووخانەکەی (ئێگل هاند لاوندتری) منداڵمان بوو و

*هێنایەوە*. لە خێمەیەکدا، لە لیڤینگستون بە یارمەتیی، مامانێکی ژاپۆنیی منداڵمان بوو، کە لە نزیکترین شارەوە زیاتر لە سێ میلی بە عارەبانە بڕیبوو. لە شارانێکدا منداڵمان بوو، کە هیچ پزیشکێک قایل نەدەبوو بمانبینێ، خۆمان ناوکەپەتکی خۆمان شت. یەکێکمان دەیگوت: *دایکم بینیوە کە زۆر کەڕەت وای کردووە*. لە شارانێکدا منداڵمان بوو، کە تەنها یەک پزیشکیان تێدا و هەقدەستەکەیشیمان پێ نەدەدرا. بە یارمەتیی دوکتۆر ڕینگواڵت منداڵمان بوو، کە هەقدەستەکەی لێ وەرنەدەگرتین. دەیگوت: پارەکە بۆ خۆتان هەڵبگرن. لەنێو هاوشێوەکانی خۆماندا لە کلینیکی منداڵبوونی تاکاهاشی، لە (کلیمینت ستریت) لە سان فرانسیسکۆ منداڵمان بوو. لە نەخۆشخانەی کاوابارا، لە نورس فایفس ستریت لە سان جۆیس منداڵمان بوو. لەپشتی لۆرییە فۆردەکەی مێردەکانماندا، لە جادەیەکی پڕ لە تاسەدا لە (کاستروڤیل) منداڵمان بوو. *ساواکە بەر لە وادەی خۆی لەدایک بوو*. لەسەر ئەرزێکی گڵی بەڕۆژنامەپۆشراو، لە کوختێکدا لە فرێنچ کامپ منداڵمان بوو، ئەوانەش گەورەترین منداڵ بوون، کە مامانەکە بەدرێژاییی ژیانی بینیبوونی و کێشیان پێنج هەزار و حەوت سەد گرام بوو. بە یارمەتیی ژنی ماسیفرۆشەکە، میس کوندو، منداڵمان بوو، کە دایکمانی لە ژاپۆن دەناسی. دەیگوت: *دایکتان تا ڕادەیەک جوانترین کچی گوند بوو*. لەودیو پەردەیەکی دانتێلەوە، لە سەرتاشخانەکەی ئاداچیس لە گاردینا منداڵمان بوو، لە کاتێکدا مێردەکانمان تەراشی هەفتانەیان بۆ ئاغای ئۆتا دەکرد. ئێمە دەستوبرد، لە باڵەخانەکەی ژوور (هایگو تێن سێنت) منداڵمان بوو؛ بە کۆڵەکەی تەختەخەوەکەوە بەسترابووینەوە و لە کاتێکدا نەفرەتمان لە مێردەکانمان دەکرد، منداڵمان بوو. *هاوارمان دەکرد ئەمە خەتای ئێوە بوو*. ئەوانیش سوێندیان دەخوارد، کە ئیدی چیتر دەستیان بەرمان ناکەوێت. سەعات پێنجی بەیانی لە ژووری ئووتووخانەکەی (ئێگل هاند لاوندتری) منداڵمان بوو و

هەمان شەویش مێردەکانمان لەسەر تەختەخەوەکانمان کەوتنەوە ماچ کردنمان. من بە مێردەکەم گوت: *"ناتوانیت چاوەڕێ بکەیت؟"* بێدەنگ وەک دایکانمان، کە قەت نەیانقیژاندبوو، یان نرکەونالەیان نەکردبوو، منداڵمان بوو. یەکێکمان دەیگوت: *دایکم تا ئەو ڕۆژەی مەستی بە بەرەژان کرد، هەر لە مەرەزەکەدا ئیشی دەکرد.* وەک (نوگیکو) بە گریانەوە منداڵمان بوو، کە تای لێ هات و تا سێ مانگ لەسەر تەختەنوێنەکەی نەهاتە خوارەوە. ئێمە سووک، بە دوو سەعات منداڵمان بوو، بەڵام سەرئێشەیەک گرتینی، کە تا پێنج ساڵ بەری نەداین. ئێمە شەش مانگ دوای ئەوەی مێردەکانمان جێیان هێشتین، منداڵمان بوو، وا ئێستایش حەزمان دەکرد هەرگیز منداڵەکانمان جێ نەهێشتبان. *یەکێکمان دەیگوت: دوای منداڵەکەم، ئیتر نەمتوانی دووگیان ببم.* بە نهێنی لە دارستان منداڵمان بوو، کە مێردەکانمان سوور دەیانزانی لەوان نین. لەسەر سەرچەفێکی گوڵگوڵیی ڕەنگبواردوو لە قەحبەخانەیەکدا، لە ئۆکلاند منداڵمان بوو، لە کاتێکدا گوێمان بۆ ئەو ئاخوئۆفانە ڕادێرابوو، کە لەودیو دیواری ژوورەکەی تەنیشتمانەوە دەهات. لە پانسیۆنێک لە پێتالوما، دوو هەفتە دوای ئەوەی لەماڵی (کارمیشال)ی قازی لە سەرەوە، لە (ڕەشان هیل) دەر چووبووین، منداڵمان بوو. دوای ئەوەی خواحافیزیمان کرد لە (میسز لیپینکوت)ی خانەخوێکەمان، کە حەزی نەدەکرد کارەکەرێکی دووگیان پێشوازی لە میوانەکانی بکات، منداڵمان بوو، دەیگوت: بەکورتی *و بەپوختی بڵێم، ئەوە بۆ ئێمە شتێکی جوان نییە.* بە یارمەتیی ژنی سەرکارەکەمان، (سینیۆرا سانتوس)، منداڵمان بوو، کە ڕانی دەگرتین و پێی دەگوتین هێز بدەینە بەر خۆمان. ئێمپوژ! ئێمپوژ! ئێمپوژ! لە کاتێکدا مێردەکانمان لە چاینا تاون قوماریان دەکرد، منداڵمان بوو، کاتێک بۆ بەیانی بە سەرخۆشی بۆ ماڵەوە گەڕانەوە، تا پێنج ڕۆژ قسەمان لەگەڵدا نەکردن. ئاخر *داهاتی هەر هەموو بەروبوومەکەیان بە تاقە شەوێک*

*دۆڕاندبوو*. ئێمە لە ساڵی مەیمووندا منداڵمان بوو. لە ساڵی کەڵەشێردا منداڵمان بوو. ئێمە لە ساڵانی سەگ و لە ساڵانی هەژدیها و لە ساڵانی جرجدا* منداڵمان بوو. وەک ئاوراکو، کە مانگ چوارده بوو، منداڵمان بوو. ئێمە ڕۆژێکی یەکشەممە لە کوختێکدا لە ئینسیتا، منداڵمان بوو، ڕۆژی دواتر ساواکانمان لە کۆڵ بەستن و بۆ بەرڕنین، بۆ بێستانەکان ڕۆیشتین. ئێمە هێندە منداڵمان بوو، کە هەر زوو ژماردنی ساڵی لەدایکبوونەکانیانمان لێ تێک چوو. ئێمە نوبۆو و شۆژیرو و ئایاکومان بوون. ئێمە (تامیرژی)یمان بوو، کە لەگەڵ براکانماندا دەتگوت سێوێکن و کراون بە دوو لەتەوە و بەختەوەرانە تەماشای ڕووخساریانمان دەکرد. دەمانگوت: ***ئۆهـ ئەمە ئێوەن!*** ئێمە (ئیکیچی)مان بوو، کە هەر ڕێک لە دراوسێکەمان دەچوو. ئیدی دوای ئەوە، چیدی مێردەکانمان حەزیان نەدەکرد لە نێوچاوانمان بنۆڕن. ئێمە (میسیزو)مان بوو، کە کاتێ لە دایکبوو، ناوکەپەتکی وەک تەسبیح لە ملییەوە ئاڵا و دەمانزانی ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێتە قەشەژن. *دەمانگوت ئەوە ئاماژەیەکە لە بوداوە*. ئێمە (دایسیکو)مان بوو، کە نەرمایی گوێچکەی درێژ و دەمانزانی ڕۆژێک لە ڕۆژان دەوڵەمەند دەبێ. ئێمە (ماسایا) مان بوو، کە بەو دواییانە، کاتێ تەمەنمان بووبووە چلوپێنج ساڵان، بوومان و ڕێک ئەو کاتە بوومان، کە هەر هەموو ئومێدێکی منداڵخستنەوەمان لەدەست دابوو. یەکێمان دەیگوت: وام زانیبوو دەمێکە دوایین هێلکەم تروکاوە. ئێمە (فوجیکو)مان بوو، کە پێدەچوو یەکەندەردوو دەنگی باوکی بناسێتەوە. *ئاخر کاتێ لە ڕەحممانندا بوون، باوکانیان هەموو شەوێک گۆرانییان بۆ دەکوتن*. ئێمە (یوکیکو)مان بوو، کە ناوەکەی واتە "بەفر" ئێمە هیروکو مان بوو، کە ڕانی قەڵەو و ملی کورت و ڕەنگبێ ئەگەر کوڕ بووایە، باشتر بوو. ئێمە (کامیچیو)مان بوو، کە ئەوەندە ناشرین بوو، دەترساین قەت نەتوانین مێردێکی بۆ

---

* چوار لە بورجەکانی ساڵژمێری چینی.

بدۆزینـەوە. *دەموچاوێکـی پێـوە بـوو، شـەوقی لـە تەپاڵـە بڕیبـوو.* ئێمـە منداڵگەلێکمـان بوون دەموچاوێکی وەهـا جوانیـان پێوە بوو، کە بـە ئەقڵماندا نەدەچـوو لـە ئێمـە بووبـن. ئێمـە منداڵگەلێکمـان خسـتنەوە، کـە هاوڵاتـی ئەمەریکایی بوون و ئێمـە هـەر بە ڕاسـتیی دەمانتوانـی بـە نـاوی ئەوانـەوە ئـەرز بـە کرێ بگریـن. ئێمـە منداڵگەلێکمـان خسـتنەوە کە کۆڵنجیـان هەبـوو. ئێمـە منداڵگەلێکمـان خسـتنەوە کـە پێوپلیـان گـۆج بـوو. ئێمـە منداڵگەلێکمـان خستنەوە کە نەخـۆش و شـینهەڵگەڕاو بـوون. ئێمـە بەبـێ دایکانمـان منداڵمان بـوو، کـە ڕێـک دەیانزانـی دەبـێ لـە کاتـی منداڵبوونـدا چـی بکرێـت. ئێمـە منداڵگەلێکمـان بـوو، کـە شـەش پەنجەیـان هەبـوو و کاتێـک مامانـەکان چەقۆکانیـان تیـژ دەکـردەوە، ڕوومـان وەرچەرخانـد. دەیانگـوت: *هەبـێ و نەبێ لـە کاتـی دووگیانییەکەدا قرژاڵت خواردووە.* ئێمـە یەکـەم شـەو لەگـەڵ مێردەکانمانـدا گیـرۆدەی ئاتەشـەک بووبوویـن و منداڵەکەشـمان بـە کوێـری لـە دایـک بـوو. ئێمـە دووانەمـان بـوو، ئـەوەش شـتێک بـوو، وەک بەدبەختـی تەماشـا دەکرا، مامانەکە داوای کـرد تەنهـا یـەک دانەیـان بهێڵێنـەوە. دەیگـوت: *تۆ خۆت بڕیار بدە، کامیان.* ئێمـە یازدە منداڵمـان لـە مـاوەی پازدە سـاڵدا بـوون، بەڵام تەنهـا حەوتیانمـان بـۆ مانـەوە. ئێمـە بـەر لـە تەمەنـی سـیوپێنج سـاڵی شـەش کـوڕ و سـێ کچمـان بـوون، شـەوێکیان پاڵێکمـان بـە مێردەکانمانـەوە نـا و بەئارامـی گوتمـان: "دە ئیتـر بـا بـەس بـێ!" نـۆ مانـگ دواتر (سـویکو)مان بوو، ناوەکـەی واتـە "دوایەمین" مێردەکانمـان دەیانگوت: "دەدەی، یەکێکـی تـرا" ئێمـە بـە هەرهـەژدە مانـگ جارێـک و بـە شـێوەیەکی ڕێکوپێـک، پێنـج کـچ و پێنـج کوڕمـان بـوون، پێنـج سـاڵ دواتـر، ڕۆژێکیـان (تویچی)مـان بـوو، ناوەکـەی واتـە "یازدە" دەیانگوت: *ئـەو واکونـی ئیسـتۆپە.* ئەگەرچـی ئـاوی سـاردمان بـە زگمانـدا ڕشـتبوو و چەندیـن جـار لـە بەرهەیوانەکـەوە بازمـان بـۆ خـوارەوە دابـوو، کەچـی هـەر منداڵمـان بـوو. یەکێمـان دەیگوت: *هـەر لەبـاری دەبـەم.* ئێمـە منداڵمـان بـوو، ئەگەرچـی ئـەو

دەرمانەشمان خواردبوو، کە مامانەکە پێی دابووین تا بەر لە منداڵبوون بگرین. یەکێکمان دەیگوت: *مێردەکەم تووشی هەوکردنی سینگ بووە و ئیشەکەشم وا دەخوازێ لە دەرەوە لە کێڵگە بم.* یەکەمین چوار ساڵی دوای هاوسەرگیریمان منداڵمان نەبوو، ئەوسا قوربانیمان بۆ ئیناری* کرد و شەش کوڕمان یەک لەدوای یەک بوون. ئەوەندە منداڵی زۆرمان بوو، کە ڕەحممان خەریک بوو بەر دەبۆوە و ناچار بووین پشتێنێکی تایبەتی ببەستین، تا ڕەحممان لەناو زگماندا ڕابگرین. ئێمە خەریک بوو منداڵمان دەبوو، بەلام منداڵەکە لەزگماندا کەوتبوو بە لادا و تاقە شتێک کە هاتە دەرەوە باسکێک بوو. ئێمە بە حاڵ منداڵمان بوو، بەلام سەری منداڵەکە زۆر گەورە و دوای سێ ڕۆژ لە نقەنق و هێزدانەبەرخۆمان، تەماشای مێردەکانمان کرد و گوتمان: "تکایە، لێم ببوورە!" وامان گوت و مردین. منداڵمان بوو، بەلام منداڵەکە ئەوەندە لاواز بوو، کە نەیدەتوانی بگری، شەو لە لانکێکدا لەبەر سۆپاکەدا جێمان هێشت. گوتمان ئەگەر تا بەیانی دەرەقەت بێ، ئەوا بەهێزە و دەژی. ئێمە منداڵمان بوو، بەلام منداڵەکە، کە هەم کچ و هەم کوڕیش بوو، دەستوبرد بە پەرۆ خنکاندمان. منداڵمان بوو، بەلام قەت شیرمان نەهات و دوای یەک هەفتە مرد. منداڵمان بوو، بەلام پێشتر منداڵەکە لە ڕەحمماندا مردبوو. هەڵمان گرت و ڕۆیشتین بە ڕووتی لە کێڵگەکە، لای جۆگەلەیەکەوە بە خاکمان سپارد، بەلام ئەوەندە جێگۆڕکێمان کرد، کە چیدی بیرمان نەدەکەوتەوە لەکوێ بە خاکمان سپاردووە.

* Inari: یەکێک لە خواوەندە بنەڕەتییەکانی میتۆلۆژیای شینتۆی ژاپۆنی. خواوەندی دووکیانی و برنج و کشتوکاڵ و ڕێوی و پیشەسازییە.

# منداڵ

بە پارێزەوە دامان نان، لە چاڵی لاڕێ و لە شێوەرد و لە قووڵینەی ئاردەدار؛ لەژێر درەختەکاندا دامان نان. لێگەڕاین بە ڕووتی لەسەر بەتانییەکان ڕاکشێین، لەسەر کومباری قورچوم لە قەراغی کێڵگەکاندا. لە سندوقی دارینی گەورەی سێودا دامان نان و هەرجارێ لە پاککردنی ڕیزەلۆبیایەک دەبووینەوە، شیرمان دەدان. کە پێڕەوکەبوون و دابین نەدەبوون، جاروبار بە کورسیمانەوە دەبەستنەوە. لە چلەی زستاناندا لە (ڕیدین) بە کۆڵمانەوە گرێمان دەدان و دەچووینە دەرەوە تا مێوەکان ببڕین، بەڵام بەیانیی وا هەبوو، ئەوەندە سارد بوو، کە گوێچکەیان دەیبەست و خوێنیان لێ دەهات. هاوینانێکی زوو لە ستۆکتۆن، لە نزیک چاڵی زێرابەکانەوە دامان دەنان، لە کاتێکدا ئێمە خەریکی پیازهەڵکەندن دەبووین و لە گونییەمان دەنان، دوایی دەکەوتینە لێکردنەوەی نۆبەرەی بەری هەڵوژە. کاتێ دوور دەکەوتینەوە لێیان، چیلکەمان دەدانێ یاریی پێ بکەن. جاروبار بانگمان دەکردن، تا بزانن هێشتا لەو ناوەین. پێمان دەگوتن: *سەگەکان تووڕە مەکەن. دەست لە هەنگەکانەوە مەدەن. دوور مەکەونەوە. ئاخر دوایی بابە تووڕە دەبێ.* بەڵام کاتێ هیلاک دەبوون و بەدواماندا دەگریان، ئێمە هەر لە ئیشەکەمان بەردەوام دەبووین، چونکە دەمانزانی ئەگەر ئیش نەکەین، ئەوا ناتوانین قەرزی کرێی زەوییەکە بدەین. هاوارمان دەکرد: *دایە ناتوانێ بێت.* پاش قەیرێک دەنگیان لاوازتر

و گریانەکەیان نەدەما. لە کۆتاییی ڕۆژ و لە کاتێکدا چ ڕۆشناییەک بە ئاسمانەوە نەدەما، لەو جێگەیەی لێی خەوتبوون، خەبەرمان دەکردنەوە و خۆڵمان لە قژیان دەتەکاند. پێمان دەگوتن: *ئیتر کاتی ئەوەیە بۆ ماڵەوە بگەڕێینەوە.*

هەندێکیان چێکڵدانەگچکە و سەرسەخت بوون و نەیاندەویست گوێ بۆ یەک وشە لەو وشانەی کە دەمانگوت، ڕادێرن. هەندێکیان لە بوداش ئارامتر و بێوەیتر بوون. دەتگوت بە زەردەخەنەوە لە دایک بووبوون. یەکێکیان باوکی لە هەرکەسێکی تر خۆشتر دەویست. یەکێکیان ڕقی لە ڕەنگی تۆخ بوو. یەکێکیان حەزی نەدەکرد بەبێ سەتڵە تەنەکەکەی بۆ هیچ کوێیەک بچێت. یەکێکیان لە تەمەنی سیازدە مانگییدا لەمیانەی ئەوەوە کە پەنجەی بۆ پەرداخێک شیر لەسەر تاقەکە ڕاکێشا، خۆی لە شیری خۆمان بڕییەوە و گوتی: "من حەزم لەوەیە." هەر زۆر لە تەمەنەکەی خۆی ئاقڵتر بوو. *دەستگرەوەکە پێی گوتین، ئەو بە ڕۆحی پیاوێکی پیرەوە لەدایک بووە.* وەک گەورەساڵان لەسەر مێزەکە نانیان دەخوارد. قەت نەدەگریان. قەت نووکەنووکیان نەدەکرد. قەت ئەو چیلکانەی خواردنیان پێ دەخوارد، لە برجەکانیاندا جێیان نەدەهێشت. بێ قرە بەدرێژاییی ڕۆژ بۆ خۆیان یارییان دەکرد، لە کاتێکدا ئێمە لەو نزیکانەوە لە کێڵگەکاندا ئیشمان دەکرد. دەیانتوانی بە سەعات دانیشن و بە قوڕ شت دروست بکەن. کاتێک هەوڵمان دەدا هەڵیان بگرین و بۆ ماڵەوەیان ببەینەوە، ئەوان سەریان ڕادەوەشاند و دەیانگوت: "زۆر قورسم." یان "دایکە، ئیسراحەت بکە!" کە هیلاک دەبووین، بۆمان نیگەران دەبوون. کە غەمبار دەبووین، بۆمان نیگەران دەبوون. بەبێ ئەوەی ئێمە هیچ شتێک بڵێین، ئەوان دەیانزانی ئەژنۆمان دێشێ یاخود لە سووڕی مانگانەداین. شەوانە، وەک تووتکەسەگ لە سەر ئەرزە دارین و بە-کا-پۆشراوەکە لەلای خۆمانەوە دەنوستن؛ لەوەتەی بۆ ئەمەریکا هاتبووین، ئەوە یەکەم

جار بوو کەسێکی تر لامانەوە ڕاکشێت، ترسمان لێ نەنیشێت.

ئێمە هەمیشە شتی لەبەردڵانی خۆمان هەبوون. دەشێ ئەوە (ئیچیرو)ی نۆبەرەمان بووبێ، کە وای لێ کردبین هەر زۆر کەمتر لەچاو جاراندا هەست بە تەنیایی بکەین. *یەکێکمان دەیگوت، مێردەکەم بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ قسەی لەگەڵدا نەکردم.* یان دەشێ ئەوە کوڕی دووەممان، (یویچی) بووبێت، کە لە چوار ساڵیدا خۆی فێری خوێندنەوەی ئینگلیزی کرد. دایکی دەیگوت: *بلیمەتێکە بۆ خۆی.* یان دەشێ ساونوکو بووبێت، کە هەمیشە پەلەپەل دەستی دەگرتین و دەیبردین تا شتێکمان پێ بڵێ، بەڵام بیری دەچۆوە ویستوویەتی چیمان پێ بڵێ. ئێمەش پێمان دەگوت: دەی قەیدی ناکا، دوایی بیرت دەکەوێتەوە. بەڵام قەت قەت بیری نەدەکەوتەوە. هەندێکمان کچەکانمان پێ باشتر بوون، کە هێمن و میهرەبان بوون، هەندێکیشمان کوڕەکانمان پێ باشتر بوون، هەمان شێوەی دایکانمان، کە بەر لە ئێمە کوڕەکانیان پێ باشتر بووە. ئاخر ئەوان قازانجی زۆرتر لە باخەکە بەدەست دەهێنن. خواردنی زیاترمان لە خوشکەکانیان پێ دەدان. کە شەڕیان دەکرد، لەسەریانمان دەکردنەوە. جلکی جوانترمان لەبەر دەکردن. بە هەزار کوڵلەمەرگی شتێک پارەمان خڕ دەکردەوە و هەر کە تایەکیان لێ دەهات، بۆ لای دوکتۆرمان دەبردن، ئەوە لە کاتێکدا لە ماڵەوە خۆمان کچەکانمان چارەسەر دەکردن. ***پلاستەرێکی خەرتەلەم خستە سەر سینگی و لای خودای مەناسەدان و مەلامەت دوعام بۆ کرد.*** ئاخر دەمانزانی کچەکانمان هەمان ئەو ساتەی کە شوو دەکەن، ئیدی دەسبەردارمان دەبن و جێمان دێڵن، بەڵام کاتێ پیر دەبین، کوڕەکانمان ئاگایان لێمان دەبێ.

بەزۆری مێردەکانمان باکیان بە هیچ نەبوو. قەت دایبییەکیان نەدەگۆڕی. قەت قاپێکی پیسیان نەدەشت. قەت دەستیان نەدەدایە گسکێک. ئێواران کە لە کێڵگەوە بۆ ماڵەوە دەگەڕاینەوە، چەندێک ماندوو

و شــەکەت بووینایــە، بـۆ خۆیـان دادەنیشــتن و ڕۆژنامەیـان دەخوێنـدەوە، ئێمـەش شێومان بۆ منداڵـەکان لێدەنا و تا درەنگانێکی شـەو، قاپمـان دەشت و دونیایـەک جلکمـان دەدووریییـەوە. مێردەکانمـان لێنەدەگـەڕان قـەت ئێمـە لەپێش ئەوانـەوە بنویـن. قـەت نەیاندەهێشـت دوای خۆرهەڵاتـن هەسـتین. دەیانگـوت دەبێتـە نموونەیەکـی خـەراپ بۆ منداڵـەکان. قـەت تەنانـەت پێنج دەقیقـە پشووشـیان پـێ نەدەدایـن. مێردەکانمـان پیاوانێکـی بێدەنـگ و بـە-هەتاو-سـووتەمەرۆ بوون، تەپەتـەپ بـە بەدلـە قوڕاوییەکانیانـەوە بۆماڵـەوە دەهاتنـەوە و دەچوونـە دەرەوە و لەبـارەی گەشـەی ڕەگـی چـرۆ، نرخـی لۆبیـای سـەوز، سـەبارەت بـەوەی بڵێـی ئەمسـاڵ بتوانیـن لـە زەوییەکـە چەنـد سـەبەتە کـەرەوز بەرهـەم بهێنیـن، دەیانبۆڵانـد. بەدەگمـەن لەگـەڵ منداڵەکانیانـدا دەدوان و وا پێدەچـوو بەحـاڵ بیریـان بێتـەوە ناویـان چییـە. *دەیانگـوت بـە کـوڕی ژمـارە سـێ بڵـێ، لاقـی بـەدوای خۆیـدا ڕانەکێشـێت.* ئەگـەر لەسـەر مێـزی نانخـواردن بیووایەتـە شـەڕ، دەسـتیان بەیەکـدا دەدا و هاواریـان دەکـرد: "بەسـە!" منداڵەکانیـش بـە نـۆرەی خۆیـان هـەر هیـچ حەزیـان نەدەکرد قسـە لەگـەڵ باوکانیاندا بکـەن. هـەر کـە یەکێکیـان شـتێکی دەبـوو بیڵـێ، بـە ئێمـەی دەگـوت پێیـان بڵێیـن. *دەیانگـوت: بـە باوکـم بڵـێ پێویسـتم بـە دراوێکـە. بـە باوکـم بڵـێ یەکێـک لـە ئەسـپەکان شـتێکییەتی. بـە باوکـم بڵـێ کاتـێ ڕیشـی تاشـیوە، شـوێنێکی بیـر چـووە. لـە باوکـم بپرسـە چۆنـە ئاوهـا پیـرە.*

هەرچـی زووتـر توانیمـان منداڵەکانمـان لـە کێڵگەکانـدا بخەینـە بـەر ئیش. لەگەڵمانـدا لـە (سـان مارتیـن) شـلیکیان کـۆ دەکـردەوە. لـە لـوس ئۆسـوس بەزالیایـان لەگـەڵ لێدەکردینـەوە. لـە هوگسـون و (دیـل ڕای)، لـە کاتێکـدا ئێمـە ترێمـان دەڕنـی و لەسـەر سـینیی تەختـە دامـان دەنـا تا لەبـەر هەتـاودا وشـک ببێتـەوە، ئـەوان لەدوامانـەوە دزەیـان دەکـردە ڕەزەکانـەوە. بـە سـەتڵ ئاویـان دەر دەهێنـا. فلچەکانیـان پـاک دەکردنـەوە. گزۆگیاکانیـان دەماڵـی.

داریـان دەبڕییـەوە. لـەو گەرمـا هەڵپڕوکێنـەرەی هاوینـی ئیمپریـال ڤالـی و بـەر لـەوەی ئێسکەپەیکەریان بەپێـی پێویسـت گەشـەی کردبـێ، ئەرزیـان دەکێلا. هەندێکیـان خاوخلیچـک و خەواڵـوو دەجـووڵان و بـە هەڵـە شـەتڵی قەرنابیتیـان بـە هەلاوگێڕاوی دەڕواند. هەندێکی تریـان خێراتـر لـە خێراتریـن هێزی بـە کرێگرتـەی کار، تەماتەیـان بژار دەکرد. زۆربەیان نووکەنووکیان دەکـرد، زگیـان دەئێشـا، ژانەسـەریان لەگـەڵ بـوو. چاوانیـان شـێتانە بـە تەپوتۆز دەبرژایـەوە. هەندێکیـان هەمـوو بەیانییـەک جزمەیـان لەپـێ دەکرد، بەبـێ ئـەوەی بـۆ ئیش بانـگ بکرێـن. یەکێکیـان مەقەسـتێکی لەبەردلانـی ڕووەکبڕینـی هەبوو، کـە هەمـوو ئێوارەیـەک دوای نانخواردن لـە کادانەکـە تیـژی دەکـردەوە و نەیدەهێشـت جگـە لـە خـۆی، کەسـی تـر پەنجـەی بـۆ ببات. یەکێکیـان نەیدەتوانـی مێشـومەگەز لـە خەیاڵـی وەدەر نێت. دەیگوت: *لـە هەمـوو شـوێنێکن.* یەکێکیـان ڕۆژێکیـان لـە ناوەڕاسـتی کێڵگەیەکـی پیـازدا دانیشـت و گوتـی، حـەزی دەکـرد قـەت لەدایـک نەبووایـە. ئێمـەش دەمانویسـت بزانیـن ئاخـۆ شـتێکی باشـمان کردووە کە ئەوانمـان هێناونەتـە ئـەم دونیایـەوە. ئاخـر قـەت پارەی تەواومـان پـێ نەبـووە کە بتوانیـن تاقە یارییەکـی منداڵانیـان بـۆ بکڕیـن.

بـەلام لەگـەڵ ئەوەشـدا، بـە سـەعات وەک کارژۆڵـە لـە دەرەوە لـە کێڵگەکاندا یارییان دەکـرد. شمشـێریان لـە دارمێوی شـکاو دروسـت دەکرد و لەژێـر درەختەکانـدا شـەڕەشـیریان دەکـرد. کۆلارەیـان لـە ڕۆژنامـە و داربالسـە* دروسـت دەکـرد و چەقۆیـان لـە پەتەکانـی دەبەسـت و کـە بـا هەڵـی دەکرد، شـەڕەکۆلارەیان دەکـرد. بوکیـان لـە تـەل و قامیـش دروسـت دەکـرد و لـە دارسـتانەکەدا بـە چۆپسـتیک** شـتی خەراپیـان لـەو بووکانـە دەکـرد. کاتـێ مانـگ تریفـەی دەدا، گەمـەی (سـێبەر، سـێبەر ڕاودەنـێ)یان لـە

* Balsaträ: درەختێکی ڕەق و سووکەڵەیە و کەڵەکی لێ دروست دەکرێت.

** ätpinner: ئەو دوو چیلکەیەی کە ژاپۆنییەکان خواردنی پێ دەخۆن.

حەوشـە دەکرد، ڕێـک وەک ئـەوەی ئێمـە لـە ماڵـەوە، لـە ژاپـۆن دەمانکرد. ئـەوان گەمـەی (شـەق-لـە-قووتوودان) و (مومبلیتـی - پیـگ) یان بـە قەڵەمبڕ و گەمـەی (جـان کیـن پو)یـان دەکـرد. ئـەوان پێشـبڕکێی ئەوەیـان دەکـرد، کـە کامیـان شـەوی پێش چوونمـان بـۆ بـازاڕ، دەتوانـێ زۆرتریـن سـندوق دروسـت بـکا و کامیـان دەتوانـێ زۆرتریـن کات بـە دارگوێزەکـەوە خـۆی شـۆڕ بکاتـەوە، بەبـێ ئـەوەی بـەری بـدات. کاغەزەکانیـان قـەد دەکـردن و دەیانکردنە فڕۆکە و تەیر و هەڵیان دەفڕاندن و تەماشایان دەکردن. هێلانەی قەلەباچکـە و کاژی مـار و توێکڵـی قالۆنچـە و گزگڵـی سـنەوبەر و بۆریـی ژەنگاویـی ئاسـنیان لـە خـوار ناوچـەی هێڵـی ئاسـنەکەوە کـۆ دەکردنـەوە. خۆیـان فێری نـاوی کەوکەبـەکان کردبـوو. دەسـتی یەکتریـان دەخوێندەوە. *یەکێکیـان بـەوی تریانـی دەگـوت: ئـەم هێڵـی ژیانـە، بـە شـێوەیەکی نائاسـایی کورتـە.* پێشـبینییان بـۆ یـەک دەکـرد. ئەمیـان بەویانـی دەگـوت: *ڕۆژێـک لـە ڕۆژان بـە قەتـار سـەفەرێکی درێـژ دەکەیـت.* دوای شـێوکردن، بـە چـرا نەوتییەکانیانـەوە دەچوونـە کادانەکـە و گەمـەی (دایـە و بابـە لـە سـەرەوە لـە بەرهەیوانەکەن)یـان دەکـرد. *یەکیـان بەویانـی دەگـوت، ئێسـتا لـە زگـی خـۆت بـدە و وا بنوێنـە خەریکیت دەمریت.* شـەوانی هاوینیش کاتـێ پلـەی گەرمـا دەگەیشـتە سـیوپێنج، بەتانییەکانیان لـە دەرەوە، لەژێر دارقوخەکـەدا ڕادەخسـتن و خەونیـان بـە سـەیرانێکەوە لـە خـوارەوە، لـە گـوێ ڕووبارەکـە دەبینـی، خەونیـان بـە لاسـتیکێکی نوێـی خەتکوژانـەوەوە، بـە کتێبێـک، تۆپێـک، بوکەشووشـەیەکی فەخفووریـی بـە چاوانێکـی درەوشـاوەی شـینی مەیلـەو وەنەوشـەییەوە دەبینـی. خەونیـان بـە ڕۆژێکـەوە دەبینـی، کـە لـە ماڵـەوە دەر بچـن، خەونیـان بـە جیهانـە گەورەکـەی دەرەوە دەبینـی.

ئـەوان بیسـتبوویان لـە دەرەوەی مـاڵ، منداڵانـی سـەیر و ڕەنگپەڕیو هەن، کـە تـەواو لەنـاو ماڵدا گـەورە بوون و هیـچ شـتێک لەبـارەی کێڵگـە و جۆگەلەکانـەوە نازانـن. بیسـتبوویان هەندێـک لـەو منداڵانـە، تەنانـەت هەرگیـز

درەختێکیشیان نەبینیوە. دەیانگوت: دایکی ئەو منداڵانە ناهێڵن منداڵەکانیان بچەنە دەرێ و لەبەر هەتاودا یاری بکەن. بیستبوویان لە دەرەوەی ماڵەکانیان، خانووی سپیی شکۆدار هەن، بە ئاوێنەی ئاڵتوونی و دەرگەی کریستاڵ و تەوالێتی فەخفوورییەوە، کە ئەگەر بنیادەم زنجیرێک ڕاکێشێت، ئەوا ئاو بە کونجەکەیدا دەڕوا. *هەر هیچ بۆنیان لێ نایەت*. بیستبوویان لە دەرەوەی حەوشەکانەوە دۆشەکگەلێک هەن، کە پەڕی ڕەقی میتاڵیان تێ ئاخنراوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک هەور نەرمن (خوشکی "گورو" وەک کارەکەر لە شار ئیش دەکا و کاتێ گەڕاوەتەوە، گوتوویەتی تەختەخەوەکان ئەوەندە نەرم بوون، کە ناچار بووە لەسەر ئەرزەکە بنوێ.) ئەوان بیستبوویان دوور لە ماڵەکانیانەوە، دایکانێک هەن هەموو بەیانییەک بەرچایی لە نوێنەکانیاندا دەکەن، باوکانێک کە بەدرێژاییی ڕۆژ لەسەر کورسیی تێئاخنراو دادەنیشن و بە تەلەفونێک قیژەقیژ داوای شت دەکەن - بەرامبەر ئەوە هەقدەست وەردەگرن. منداڵەکان بیستبوویان کە لە دەرەوەی ماڵەکانیان، بۆ هەرکوێیەک بچن، هەر غەریبن، ئەگەر بنیادەم بە هەڵە سوار پاسێکی هەڵە ببێت، ئەوا دەشێ قەت هەمدیس ماڵەوەی بۆ نەدۆزرێتەوە.

ئەوان سەرەمێکوتە و پووشکەبەقوونەیان لە خوارەوە لای جۆگەکەوە دەگرت و دەیانکردنە قووتووی شووشەوە. کە مریشکمان سەر دەبڕین، تەماشایان دەکرد. ئەو جێگەیانەیان لە سەرەوە، لە چیاکە دەدۆزینەوە، کە تازەکی کەڵەکێوییەکانی لێ نوستبوون و لەسەر لانە خڕەکانیان لەنێو تۆپەڵە گژوگیا بە-ئەرزەوە-پانبووەوەکەدا ڕادەکشان. کلکی مارمێلکەکانیان دەبڕی، تا بزانن بە چەندێک کلکیان لێ دەڕوێتەوە. *هەر هیچ لێیان نەدەڕوایەوە*. ئەو زەڕنەقووتانەیان دەبردنەوە ماڵەوە، کە لەسەر درەختەکان دەکەوتنە خوارەوە و بە چیلکەی ددان، پرپۆڵەی شیرینی برنجیان دەرخوارد دەدان، بەڵام کاتێ بۆ سبەی بەیانی لە خەو

هەڵدەسان، دەیانبینی مردار بوونەتەوە. ئێمە قسەمان بۆ دەکردن، کە سروشت باکی بەوە نییە. لەسەر حەسارەکە دادەنیشتن و تەماشایان دەکرد چۆن جووتیاری کێڵگەیەکی ئەو نزیکانە، مانگاکەی هێناوەتە پێشەوە، تا بە کەڵەکەی بگەیەنێ. پشیلەیەکی دایکەیان دەبینی، کە بێچووەکانی خۆی دەخوارد. ئێمە بۆمان ڕوون دەکردنەوە شتی *وا ڕوو دەدا*. ئەوان دەیانبیست چۆن ئێمە شەوانێکی درەنگ مێردەکانمان سوارمان دەبوون و ئەگەرچی دەمێک بوو جوانیمان بزر کردبوو، کەچی دەستیان لە بەرۆکمان بەر نەدەدا. گوێمان لێ بوو پێیان دەگوتین: چ گرینگ نییە لە تاریکییدا چۆن دەنوێنیت. هەموو شەوێک لەگەڵماندا، لە دەرەوە، لە بەرمیلی گەورەی داردا، کە بە ئاگر گەرم دەکرا، خۆیان دەشت و تا چەناگەیان ڕۆ دەبردە ئاوە لەکوڵەکەوە و سەریان بۆ دواوە دەچەمانەوە. چاوانیان لێک دەنا. خۆیان بەدوای دەستماندا درێژ دەکرد. پرسیاریان لێ دەکردین: *بنیادەم چۆن بزانێ مردووە؟ بیر بکەوە، ئەگەر باڵندە نەبووایە؟ بیر بکەوە، ئەگەر خاڵی سوور بەسەر جەستەی مرۆڤەوە هەبووایە، بەڵام هەر هیچ ئازاری نەهاتایە؟ ئایا ڕاستە چینییەکان هەر بەڕاستی قاچوقوولی بەراز دەخۆن؟*

ئەوان شتگەلێکیان هەبوون، کە دڵنیاییان پێ دەبەخشین. سەرەسۆدەیەکی سوور. هەڵماتێک. پۆستکارتێک، وێنەی دوو خانمی شۆخی ڕووسی تێدا بوو، کە بە گوێ ڕووباری سۆنگهاوادا پیاسەیان دەکرد و خاڵۆیەکیان بۆی هەناردبوون، کە لە مانچورێت باروبنەی خستبوو. ئەوان پەڕگەلی سپیی بەختیان هەبوو، کە هەمیشە لە گیرفانەکانیاندا بوو، هەروەها بەردگەل، کە لە پەڕۆی نەرمەوە پێچرابوون و لە چەکمەجەی مێزەکاندا دەریان هێنابوون و بە دەستیانەوە بوو – تەنها ساتێکی کەم، تا ئەو هەستە ناخۆشەیان تێدەپەڕی. ئەوان وشەگەلی نهێنییان هەبوون، هەر کە ترس دای دەگرتن، لەبەر خۆیانەوە دەیانگوت. ئەوان

درەختگەلی خۆیان هەبوون، کە هەر حەزیان بکردایە تەنیا بن، پیایاندا هەڵدەزنان. *دەیانگوت: بێزەحمەت هەر هەمووتان لێرە برۆن.* ئەوان خوشکانی خۆشەویستی خۆیان هەبوون، کە دەسبەجێ لە باوەشیاندا خەویان لێ دەکەوت. ئەوان برای بەتەمەنتریان هەبوون، کە ڕقیان لێیان و حەزیان نەدەکرد لە ژوورێکدا بەتەنها لەگەڵیاندا جێیان بهێڵین. دەیانگوت: *دەمانکوژن!* ئەوان سەگەلێکیان هەبوون، کە هەمیشە لەگەڵیاندا بوون و شتگەلێکیان بۆ دەگێڕانەوە، کە بۆ کەسی تریان نەدەگێڕانەوە. *دەیانگوت: پاپەکەی باوکم شکاندووە و لەژێر درەختێکدا لە چاڵم ناوە.* ئەوان یاسا و ڕێسای خۆیان هەبوون. لەوانە: قەت مەنو و سەرینەکەت ڕووەو باکوور بێت (هوشینکۆ بە سەرینی ڕووە و باکوورەوە نوستووە، نیوەشەو هەناسەی لەبەر براوە و مردووە). ئەوان ڕیتواڵی خۆیان هەبوو: *بنیادەم دەبێ هەمیشە خوێ بکا بەو شوێنەدا، کە گەڕۆکێکی لێ بووە.* ئەوان قەناعەتگەلی خۆیان هەبوون: *ئەگەر جاڵجاڵۆکەیەکت لە بەیانیاندا بینی، ئەوە نیشانەی بەختە. ئەگەر دوای نانخواردن بنویت، ئەوا دەبیتە مانگا. ئەگەر زەمیلەیەک بنێیتە سەر سەرت، ئەوا چیدی گەورە نابیت. گوڵێکی تەنها: واتە مردن.*

ئێمە حەکایەتمان لەبارەی چۆلەکەی زمانقرتاو و قوڵینگی شوکرانەبژێر و ئەو بێچووە کۆترانەوە بۆ دەگێڕانەوە، کە هەمیشە لێدەگەڕێن دایکان و باوکانیان لەسەر بەرزترین پەلک بنیشن. هەوڵمان دەدا فێریان بکەین چۆن ڕەفتار بکەن. دەمانگوت: *قەت بە چیلکەی نانخواردنەکەتان ئیشارەت مەکەن. قەت چیلکەی نانخواردنەکەتان مەمژن. قەت دوایین پارووی خواردنەکەتان لە قاپەکەدا مەخۆن.* کە بەرامبەر خەڵکی تر میهرەبان دەبوون، ستایشمان دەکردن، بەڵام پێمان دەگوتن قەت بەرامبەر کارە باشەکانتان چاوەڕێی هیچ جۆرە پاداشتێک مەبن. هەر کە هەوڵیان دەدا لە دژمان بوەستن، لەگەڵیاندا بەشەڕ دەهاتین. فێرمان دەکردن قەت هیچ

سوالآنەیەک وەرنەگرن. فێرمان دەکردن قەت خۆیان هەڵنەکێشن. هەموو ئەو شتانەمان فێر دەکردن، کە خۆمان دەمانزانین: سەروەت و سامان لە سەنتێکەوە دەست پێ دەکا. باشترە تووشی گێچەڵ بێیت، وەک لەوەی خەراپ مامەڵە بکەیت. پێویستە هەر هەموو ئەو شتانە بدەیتەوە، کە پێت دەدرێن. وەک ئەمەریکاییەکان بە دەنگی زل قسە مەکەن. خۆتان لە چینییەکان دوور بخەنەوە؛ ئەوان ئێمەیان خۆش ناوێن. ئاگاتان لە کۆرییەکان بێت، ئەوان ڕقیان لێمانە. خۆتان لە فیلیپینییەکان بپارێزن؛ ئەوان لە کۆرییەکان خەراپترن. قەت ژن لە خەڵکی ئوکیناوا مەهێنن؛ ئەوانە ژاپۆنیی ڕەسەن نین.

بەتایبەتی بەزۆری زوو زوو لە گوند لەدەستمان دەچوون. بە مەلاریا و سووریژە. بە ملەخڕێ. بە کۆکەڕەشە. بە هەوکردنی سەیر، کە لە شەودا دەتەنییەوە و دەبووە گانگرین. یەکێکیان ڕەشەجاڵۆکەیەکی ژەهراوی لە دەرەوە پێوەی داو تای لێ هات. یەکێکیان هێسترە ڕەساسییە نازدارەکەمان جووتەی لە زگی دا. یەکێکیان دیار نەما، لە کاتێکدا ئێمە قۆخمان لە هۆدەی بەستەبەندیدا بژار دەکرد، ئەگەرچی ژێر بەردبەبەرد و درەختبەدرەختی بەدوادا گەڕاین، بەڵام ڕەشە ڕاهات و قەت نەماندۆزییەوە، ئیدی پاش ئەوە هەرگیز ئەو کەسەی جاران نەماین. *ئارەزووی ژیانمان لەدەست دا*. یەکێکیان کاتێ ڕێواسمان بۆ بازاڕ دەبرد، لە لۆرییەکەوە کەوتە خوارەوە، پاشان چووە دۆخێکی بێهۆشییەوە، کە قەت لێی وەئاگا نەهاتەوە. یەکێکیان لەلایەن هەرمێرنێکەوە لە بێستانێکی ئەو نزیکانەدا بە بارمتە گیرا. پیاوێک بە بارمتەی گرتبوو، کە چەندین جار دەستمان بە ڕوویەوە نابوو. ئای ئەگەر پێم گوتبا باشە. یەکێکیان بەسەختی سووتا، کاتێک ئامێری بادەدروستکردنەکە لەودیو کادانەکەوە تەقیبۆوە و تەنها یەک ڕۆژ ژیا. *دوایین قسەی کە پێی گوتم ئەمە بوو: دایکە، بیرت نەچێ تەماشای ئاسمان بکەیت!* ژمارەیەکیان

خنکان. یەکێکیان لە ڕووباری کالڤێرا دا؛ یەکێکیان لە ناچیمینتو؛ یەکێکیان لە کەناڵێکی ئاودێریدا؛ یەکێکیان لە لەگەنێکی خۆشووشتندا، کە دەمانزانی نەدەبوو شەو لە دەرەوە بەجێی بهێڵین. لە مانگی ئابی هەموو ساڵێکدا، لە ئاهەنگی مردووەکاندا، چرای سپیی کاغەزمان لەسەر گۆڕەکانیان دادەگیرساندن و بەخێرهاتنەوەی گەڕانەوەی ڕۆحیانمان بۆ تاقە ڕۆژێک دەکرد. لە کۆتاییی ڕۆژدا و کاتێک وەختی ئەوە دەهات جێمان بهێڵن، چرا کاغەزییەکانمان دەخستنە ڕووبارەکەوە، تا هەمدیس خاترجەم ماڵەوە بدۆزنەوە. لەبەر ئەوەی ئێستا ئەوان بوداگەل بوون، کە لە نیشتمانی بەختەوەراندا دەژیان.

هەندێکمان منداڵمان نەدەبوو، ئەوەش لە هەموو قەدەرەکان ناخۆشتر بوو. لەبەر ئەوەی بەبێ میراتگرێک، کە دەکرا ناوی بنەماڵەکەمان بەزیندوویتی ڕابگرێ، چیدی ڕۆحی باووباپیرانمان لە بووندا نەدەما. یەکێکمان دەیگوت: *ئەمە وەک ئەوە وایە، کە من هەر وا لە هەواتنە ئەو هەموو ڕێگەیەم بەرەو ئەمەریکا بڕیبێ.* جاروبار هەوڵمان دەدا بۆ لای چارەسەرکارێک بچین و ئەویش پێی دەگوتین ڕەحممان بە هەڵە دروستبووە و ناتوانن هیچمان بۆ بکەن. دەیانگوت: *تازە خواوەندەکان بڕیاریان لە چارەنووستان داوە.* وایان پێ دەگوتین و پاشان بەڕێیان دەکردین. یان ڕاوێژمان بە دوکتۆر ئیشیدای نۆژداری سوژنی دەکرد، ئەویش سەرنجێکی دەداین و دەیگوت: "یانگی زۆرتان هەیە." وای دەگوت و گژوگیای پێ دەداین، تا هێز بداتە (یین*) و خوێنمان. سێ مانگ دواتر،

* 陰 Yin، 陽 yang: چەمکێکی سێنتراڵە لە فەلسەفەی چینییدا، کە ئاماژەیە بۆ کردنی شتەکان. یین و یانگ دوو توخمی گەردوونن. یین: توخمە ڕەش، ژنانە و ناچالاکەکەیە. ئاماژەی زەوی و مانگ، ڕەش و سارد و شێدار، بەڵام هەروەها چیا و ئێسکەپەیکەریشە. دەگوترێ پلنگ ئەو بوونەوەرەیە، کە لەهەر شتێکی تر زیاتر "یین"ی تێدا بەرجەستە دەبێ. "یانگ"یش توخمە پیاوانە و سپی و چالاکەکەیە. ئاماژەی ئاسمان و خۆر و ڕووناکی و گەرمی و وشکییە. دەگوترێ هەژدیها ئەو بوونەوەرەیە، کە لە هەر

منداڵێکی ترمان لەبار دەچوو. هەندێ جار مێردەکانمان بۆ ماڵەوە، بۆ ژاپۆنیان دەناردینەوە و لەوێ قسەوقسەڵۆکەکان تا ئەودوای ژیانمان، هەر بە قونمانەوە دەبوون و لێمان نەدەبوونەوە. دراوسێکان چپەچپ دەیانگوت: "تەلاقدراو!" یان دەیانگوت: "بیستوومانە وەک کوولەکەی درێژ، وشکە!" هەندێک جار پرچمان دەبڕی و دەمانبەخشییە خواوەندی پیت. ئاخر تەنها ئەو بوو دووگیانی دەکردین، بەڵام هەموو جارێک دەکەوتینە سووڕی مانگانەوە. ئەگەرچی مێردەکانمان پێیان دەگوتین چ بەلایانەوە گرینگ نییە ببنە باوک یان نا – پێیان دەگوتین تاقە شتێک ئومێدی پێ بخوازن، ئەوەیە کە لەپاڵماندا پیر ببن – بەڵام نەماندەتوانی بیر لەو منداڵانە نەکەینەوە، کە قەت قەت نەماندەبوون. *هەموو ئێوارەیەک گوێم لێیان دەبوو، کە لەسەر درەختەکان، لەودیو پەنجەرەکەمەوە یارییان دەکرد.* یەکێکمان وای دەگوت.

منداڵەکان لە گەڕەکە ژاپۆنی نشینەکاندا لەگەڵماندا دەژیان، هەر-هەشت نۆ کەسێک لە ژوورێکدا، لەودیو دوکانی سەرتاشین و مەلەگە و لەباڵەخانەی بچووکی بۆیەنەکراودا، کە هێند تاریک بوون، ناچار بووین بەدرێژایی ڕۆژ گڵۆپیان تێدا هەڵبکەین. ئەوان لە ڕێستۆرانەکانماندا گێزەریان بۆ پاک دەکردین. سێویان لەسەر تەختەی میوەکانمان بۆ کۆمەڵ دەکردین. خۆیان هەڵدەدایە سەر پاسکیلەکانیان و کیسەخۆراکیان بۆ دەرگەی موبەقی مشتەرییەکانمان دەگواستەوە. لە ژێرزەمینەکانی جلکشۆرییدا جلکی ڕەنگاوڕەنگیان لە سپی جیا دەکردەوە و خێرا خۆیان فێر دەکرد، کە پەڵەی سووری شەراب لە پەڵەی خوێن جیا بکەنەوە. زەوی پانسیۆنەکانمانیان گسک دەدان. خاولییەکانیان دەگۆڕین.

بوونەوەیکی تر زیاتر بەرجەستەکەری "یانگ"ە. بە گوێرەی ئەو چەمکە، بازنەی دەرەوە "هەموو شت" دەگرێتەوە، بەڵام سپی و ڕەش لەنێو بازنەکەدا، یەکانگیربوونی دوو وزەی دژ بە یەک دەگرێتەوە، وزەی ڕەشی "یین" و وزەی سپیی "یانگ" ئەو دوو وزەیەی کە دروستبوونی هەموو شتێک لە ژیاندا پێکدێنن. و.ک.

سەرچەفەکانیان دەگۆڕین. جێگەخەوەکەیان رادەخست. دەرگەیان لەسەر شتگەلێک دەکردنەوە، کە قەت نەدەبوو بیانبینیبان. *وام زانی راکشاوە و نوێژ دەکا، بەلام مردبوو.* هەموو ئێوارەیەک نانی ئێوارەیان بۆ بێوەژنە پیرەکەی چوار A، خاتوو کاوامورای خەلکی ناگاساکی دەبرد، کە وەک کارەکەر لە هۆتێلی درێکسیل ئیشی کردبوو و چ منداڵیشی نەبوو. دەیگوت: مێردەکەم قومارچی بووە و بە تاقە چلوپێنج سێنتەوە جێی هێشتم. ئەوان قوماری " گۆ"یان لە لوبین لەگەل میستەر موریتای ڕەبەندا دەکرد، کە لە سی ساڵ لەوەوبەرەوە لە (ئیمپرێس هاند لاوندرای) بووبووە ئووتووچی و تا ئەمڕۆش هەر وەک ئووتووچی کاری دەکرد. هەر هەموو شتێک بەخێرایی تێدەپەڕی. دوای باوکانیان لە بێستانێکەوە بۆ بێستانێکی تر دەکەوتن و خۆیان فێر دەکرد پەرژین بقرتێنن و گیا ببڕن. تا ئێمە لە گسکدانی ماڵەکانی ئەوبەر شەقامەکە دەبووینەوە، ئەوان لە پارکەکەدا لەسەر سەکۆی دارین دادەنیشتن. پێمان دەگوتن: *لەگەڵ خەلکی غەریبەدا قسە مەکەن. لە قوتابخانە زیرەک بن. بەسەبر بن. هەرچییەک دەکەن، وەک ئێمە مەبن.*

لە قوتابخانە، لەدوای دواوە و بە جلکە- لە-ماڵ-دووڕاوەکانیانەوە لەگەڵ مەکسیکییەکاندا دادەنیشتن و بە دەنگێکی شەرمن و لاڵەپەتە دەپەیڤین. قەت دەستیان هەڵنەدەبڕی. قەت زەردەخەنەیان نەدەکرد. لە پشووەکاندا لە قوژبنێکی حەوشەی قوتابخانەدا کروشکەیان دەکرد و لەناو خۆیاندا بەو زوبانە نهێنییە، لە جێگەی شەرمەزارییەکەیان چپەچپیان دەکرد. لە کافتریاکاندا هەمیشە لەدوای دواوەی ڕیزی نانی نیوەڕۆدا ڕادەوەستان. هەندێکیان – نۆبەرەکانمان – هەر هیچ ئینگلیزییان نەدەزانی و کە داوایان لێ دەکرا شتێک بە ئینگلیزی بڵێن، ئەژنۆیان دەکەوتە لەرزین. کاتێ مامۆستاکەیان لە یەکێکیانی دەپرسی ناوت چییە، وەڵامی دەدایەوە: "شەش" ئەوسا قاقای پێکەنین تا چەند ڕۆژێک لە گوێیدا

دەنگی دەدایەوە. یەکێکی تریان گوتبووی ناوی "مێز"ە و ئیدی ئەو ناوەی تا کۆتاییی ژیانی پێوە لکا. زوربەیان دەستەودامێنمان دەبوون، کە بۆ قوتابخانەیان نەنێرینەوە، بەڵام بۆ ماوەی تەنها چەند هەفتەیەک خۆیان فێری هەر هەموو ناوی ئاژەڵان بە ئینگلیزی کرد و دەیانتوانی بە دەنگی بەرز ناوی هەموو تابلۆی شەقامەکان، کە کاتێک لە خوارەوە لە ناوەندی شار دەبووین و بازاڕمان دەکرد، بخوێننەوە – دەیانگوت ئەو جادەیەی کۆڵەگەی بڕەداری بەرزی لێیە، ناوی (ستەیت ستریت)ە و ئەو جادەیەش کە سەرتاشە سەیروسەمەرەکانی لێن، ناوی (گروف)ە، ئەو پردەش کە میستەر ئیتامی خۆی لێوە هەڵدا، کاتێ پشکی بازاڕ داڕووخا، ناوی پردی (لاست چانس)ە – و بۆ هەرکوێیەک دەچوون، دەیانتوانی داوای ئەو شتە بکەن، کە دەیانویست. *خواردنەوەیەکی چوکولات، سوپاس.*

یەک لەدوای یەک ئەو وشە کۆنانە لە سەریان چوونە دەرەوە، کە ئێمە فێرمان کردبوون. ناوی گوڵیان بە ژاپۆنی بیر چووەوە. ناوی ڕەنگەکانیان بیر چووەوە. ناوی خواوەندی ڕێوی و خواوەندی بروسکە و خواوەندی هەژارییان بیر چووەوە، ئەو ناوانەیان بیر چوونەوە، کە ئێمە قەت قەت نەمانتوانیبوو دەسبەرداریان ببین. دەمانگوت: *چەندێک لەم وڵاتەدا بژین، ئەوانە لێناکەڕێن زەوی بکڕین.* ناوی میزوگامی، خواوەندی ئاویان بیر چووبۆوە، کە پەیامی بە ڕووبار و جۆگەلەکانمان دەدا و ئێمەشی هان دەدا چاڵاوەکانمان بە پاکوخاوێنی ڕابگرین. ناوی ڕووناکیی بەفر و سیسرک و شەوانە ڕەڤینیان بیر چووبووەوە. بیریان چووبۆوە دەبێ لەبەر میحرابەکەدا چی بە باووباپیرە مردووەکانمان، کە شەو و ڕۆژ ئێشکیان بەدیارەوە گرتبووین، بڵێن. بیریان چووبووەوە چۆن شت دەژمێرن. دوعاکانمانیان بیر چووبوونەوە. هەر هەموو ڕۆژەکانیان تەرخان دەکردن بۆ ئەوەی لە زوبانە تازەکەیاندا بژین، ئەگەرچی ساڵانێکی زۆر بوو لە ئەمەریکا دەژیاین، کەچی هێشتا سەرمان بە بیستوشەش

پیتەکەی ئەو زوبانە گێژی دەخوارد. یەکێکمان دەیگوت: *تاقە شتێک فێری بووم، پیتی(X)بوو، تا بتوانم ناوی خۆم لە بانق بنووسم.* ئەوان چ زەحمەتییەکیان نەبوو کە (أ) و (ر)ەکانی خۆیان بنووسن. تەنانەت کە ڕۆژانی شەممەش هەناردمانن بۆ کڵێسای بوداییەکان تا ژاپۆنی بخوێنن، یەک تۆزقاڵ فێر نەبوون. یەکێکمان دەیگوت: *تاقە پاساوێک کە منداڵەکانم بچن بۆ ئەوێ، ئەوە بوو تا لەکۆڵ کارکردن لە دوکان ببنەوە.* بەڵام کاتێ گوێمان لێیان بوو بەدەم خەوەوە بە دەنگی بەرز دەدوان، ئەو وشانەی کە لە زاریان دەهاتنە دەرەوە، ژاپۆنی بوون. سوێند دەخۆین و دڵنیاین کە هەر بەڕاستیی وشەی ژاپۆنی بوون.

ئەوان ناوی تریان بۆ خۆیان هەڵدەبژارد، کە باو بوون و ئێمە لێمان نەنابوون. یەکێکیان ناوی خۆی نابوو دۆریس. یەکێکی تر ناوی خۆی نابوو پێگی. زۆریان ناوی خۆیان نابوو جۆرج. ئەوانی تر (سابورۆ)یان بە گولین بانگ دەکرد، لەبەر ئەوەی ڕێک لە چینی دەچوو. توهیتاچی بە هارلم بانگ دەکرا، لەبەر ئەوەی پێستی هەر زۆر ڕەش بوو. ئیتسوکو لە یەکەمین ڕۆژی قوتابخانەیدا، لەلایەن میستەر سلاتەری مامۆستایەوە، ناو نرا ئیستەر. دەیگوت: "ئەوە ناوی دایکی مامۆستاکەمە." ئێمەش وەڵاممان دایەوە: "هەروەها ناوی تۆیشە." سومیرا ناوی خۆی نا ڤیۆلیت. شیزوکو بووبووە سوگەر. ماکوتو بووبووە (ماک)ێکی ڕووت. شیگارو تاگاکی کاتێ تەمەنی نۆ ساڵان بوو، بە کڵێسای باپتیستەوە پەیوەست و ناوی خۆی بۆ پاول گۆڕی. ئێدیسون کوباياشی هەر لە منداڵییەوە تەمبەڵ و تەوەزەل بوو، بەڵام خاوەن زەینێکی فۆتۆگرافییانە بوو، ناوی هەموو ئەو کەسانەی دەزانین، کە جارێک لە جاران بینیبوونی. گراسی سوگیتا حەزی لە دۆندرمە نەبوو. دەیگوت زۆر ساردە. کیتی ماتسوتارۆ چاوەڕێی هیچ لە کەس و هیچیشی بە کەس نەدەدا. تینی هۆندای مەتر و نەوەد سانتیم درێژ و درێژترین ژاپۆنی بوو، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان

بینیبوومـان. مـوپ یاماسـاکی خـاوەن قژێکـی درێـژ و حـەزی دەکـرد وەک کـچ جلـک بپۆشـێ. لەفتـی هایاشـی لـە ئیمیرسـون جونیـور هایـگ ئەسـتێرە بوو. سـام نیچیمـورا بۆ تۆکیۆ هەنێردرایـەوە، تا ژاپۆنییەکـی تـەواو بخوێنێ و هـەر ڕێـک دوای شـەش سـاڵ و نیـو، بـۆ ئەمەریـکا گەڕایـەوە. لـەوێ ناچاریـان کردبـوو دووبـارە لـە پۆلـی یەکەوە تێ هەڵبچێتـەوە. دایسـی تـاکادا ئـاکاری بـاش و حـەزی دەکـرد شـت بـە گـروپـی چـوار کەسـی بـکا. بـاوکـی مابـەل ئوتـا سـێ جـاران نابـووت بووبـوو. خێزانەکـەی لیسـتـەر ناکانـو هـەر هەمـوو جلکەکانیـان لـە گـودویل دەکڕیـن. دایکـی تومـی تاکایامـا – هەمـووان ئەوەیـان دەزانـی – قەحبـە بـوو. ئـەو شـەش منداڵـی جیـاوازی لـە شـەش پیـاوی جیـاواز هەبـوون و دووانیشـیان جمـک بـوون.

تـا ڕادەیـەک خێـرا بۆمـان نەدەناسـرانەوە. ئـەوان لـە خۆمـان باڵابەرزتـر دەر چـوون. بـە جۆرێـک، کـە نەدەچـووە ئەقڵـەوە دەنگیـان زل بـوو. یەکێکمـان دەیگـوت: *هەسـت دەکـەم مـراوی بـووم و لـە هێلکـەی قـاز تـروکاوم.* حەزیـان دەکـرد زیاتـر لەگـەڵ خۆیانـدا بـن، وەک لەگـەڵ ئێمـەدا بـن، وایـان دەنوانـد یـەک وشـە لـە قسـەکانمان تێناگـەن. کچەکانمـان بـە هەنـگاوی گـەورە و درێـژ درێـژ، بـە شـێوەیەکی ئەمەریکاییانـە بـە ڕێگـەدا دەڕۆیشـتن و ناشایسـتانە خێـرا دەجـووڵان. جلکـی زۆر فشـیان دەپۆشـی. وەک ماییـن قونیـان بـا دەدا. هـەر کـە لـە قوتابخانـەوە بـۆماڵـەوە دەگەڕانـەوە، خێـرا وەک قـەرەج ناخونەکیـان لـە خـواردن دەدا و ڕێـک و ڕاسـت هەرچییـان بـە دەمـدا بهاتابـا، دەریـان دەپەڕانـد. بـۆ نموونـە، دەیانگـوت گوێـی میسـتـەر دامپسـی نووشـتاوەتەوە. کوڕەکانمـان زرتـحۆل دەر چـوون. پێچەقێنیـان دەکـرد، کـە هەمـوو بەیانییـەک لەباتـی شـۆربای لۆبیـا، گۆشـتی بـەراز و هێلکـە بخـۆن. نەیاندەویسـت چیلکـەی خـواردن بـەکار بهێنـن. بـە لیتـر شـیریان هەڵدەقوڕانـد. سـاسـیان بەسـەر برنجەکەیانـدا دەڕشـت. بـە ئینگلیزییەکـی ڕەوان، وەک ئـەوەی ڕادیۆکـە دەپەیڤـن، هەرجارێکیـش کـە ئێمەیـان دەبینـی لـە موبـەق

نوێژ بۆ خواوەندی موبەق دەکەین، بە ئاماژەی گاڵتەپێکردن چاویان لێ قیچ دەکردین و دەیانگوت: "بۆ خاتری خوا... دایکە!"

بەزۆری پێمان تەریق دەبوونەوە. بە کڵاوە پانە پووشەکانمان و جلکە پرواوەکانمان تەریق دەبوونەوە. تەریق دەبوونەوە لە بە ئەکسێنت قسەکردنە قورسەکانمان، لە "ئێفری سینگ ئۆ ڕای" تەکانمان تەریق دەبوونەوە. لە دەستوپلە قلیشاو و تلۆقکردووەکانمان، لە دەموچاومان تەریق دەبوونەوە، کە دوای ئەو هەموو ساڵانەی قۆخڕنین و ڕۆنانی کەپری مێو لەبەر هەتاودا، ڕەشداگەڕاو و هێڵی درێژکۆلەیان تێ بووبوو. ئەوان تامەزرۆی ئەو باوکانە بوون، کە بە جانتای ڕاستی و بە چاکەت و پانتۆڵ و بۆینباخەوە دەچوون بۆ ئیش و تەنها ڕۆژانی یەکشەممەوان چیمەنیان دەبڕی. ئەوان دایکانی تایبەت و باشتریان دەویست، کە لە دەرەوەڕا ڕەتاو نەنوێنن. پێیان دەگوتین: ئەرێ ناتوانن نەختێک سووراو و سپیاو بکەن؟ زەندەقیان لەو ڕۆژە باراناوییانە لە گوند دەچوو، کە ئێمە دەڕۆیشتین و بە پیکابە شەقوشڕەکانمان، لە قوتابخانە دەمانهێنانەوە. ئەوان قەت قەت فەرمووی هاوڕێکانیان بۆ ماڵە تەنگ و تاریکەکانمان، لە گەڕەکە ژاپۆنینشینەکاندا نەدەکرد. دەیانگوت: ئێمە وەک *سواڵکەر دەژین*. ئەوان حەزیان نەدەکرد لەگەڵ ئێمەدا، لە ڕۆژی لەدایکبوونی ئیمپراتۆری ژاپۆن لە پەرستگەکەدا ببینرێن. حەزیان نەدەکرد لە ساڵڕۆژی ئازادکردنی مێروو* لە کۆتاییی هاوین، لە ئاهەنگی پارکەکەدا لەگەڵمان بەشدار بن. ملیان نەدەدا لە پاییزە فیستیڤاڵی بەرامبەربوونی شەو و ڕۆژ، لە جادەکاندا لەگەڵماندا سەما بکەن. پێمان پێدەکەنین، کاتێ داوامان لێ دەکردن بەیانیان یەکەم شتێک بیکەن، ئەوەیە بۆمان بنوشتێنەوە، هەر ڕۆژێک تێدەپەڕی، پێدەچوو زیاتر و

* Insektsbefriardagen: فیستیڤاڵێکە ساڵانە لە ٢٨ی مانگی مای، لە ژاپۆن ساز دەدرێ. و.ک.

زیاتر لەدەستمان بچن.

هەندێکیان بە جۆرێکی سەیر دەبوونە خاوەن زەخیرەوشەی زوبانە نوێیەکە و دەبوونە باشترین قوتابیانی پۆلەکانیان. خەڵاتی باشترین نووسینی دارشتنیان لەبارەی گوڵە کێوییەکانی کالیفورنیاوە دەبردەوە. زۆرباشەیان لە سروشتناسیدا دەهێنا. لە لیستی مامۆستاکاندا، لە هەر قوتابییەکی تر زیاتر ئەستێرەی ئاڵتوونییان وەردەگرت. ئەوانی ترمان لە وەرزی درەودا لە تاقیکردنەوە دوا دەکەوتن و ناچار دەبوون ساڵێکی تر لە هەمان پۆلدا بمێننەوە. یەکێکیان لە تەمەنی چواردە ساڵیدا دووگیان بوو، هەنێردرایەوە تا لەگەڵ نەنکیدا لە کێڵگەیەکی کرمی ئاوریشم، لەوپەڕی خۆرئاوای ژاپۆندا بژی. *هەموو هەفتەیەک نامەی بۆ دەنووسیم و پرسیاری لێ دەکردم، کە ئاخۆ کەی دەتوانێ بۆماڵەوە بگەڕێتەوە.* یەکێکی تر خۆی کوشت. زۆریان قوتابخانەیان تەرک کرد. تاقمێکیان بووبوونە عەسابە. دەستە و تاقمی تایبەت بە خۆیان دروست دەکرد و یاسا و ڕێسای خۆیان دادەنا. لە یاساکانیاندا هاتبوو: نابێ نە ژن، نە کچ و نە هیچ چینییەکمان لەگەڵ بێ. ئێوارانێکی درەنگ بەو ناوەدا دەسووڕانەوە و بەدوای دەستە و تاقمە عەسابەکانی تردا دەگەڕان، تا شەڕیان پێ بفرۆشن و پیایاندا هەڵپژێن. دەیانگوت: دەی با چەند فیلیپینییەک بیراز بکەین. کاتێکیش کە ئەوەندە تەمبەڵ و تەپۆ دەبوون، نەیاندەتوانی دەڤەرەکە جێ بێڵن، ئەوا هەر لە گەڕەک دەمانەوە و شەڕی ناوخۆیان هەڵدەگیرساند. بە یەکدییان دەگوت، هەی ژاپۆنی لەعنەتی! هەندێکی تریان بە سەری نەوییەوە دەگەڕان و هەوڵیان دەدا نەبینرێن. بۆ هیچ ئاهەنگێک نەدەچوون، (بۆ هیچ ئاهەنگێک بانگ نەدەکران). هیچ ئامێرێکی موزیکیان نەدەژەند (هیچ ئامێرێکی موزیکیان نەبوو تا بیژەنن)، هیچ پۆستکارتێکی ڤالانتاینیان پێ نەدەگەیشت، (هیچ پۆستکارتێکی ڤالانتاینیان نەدەنارد). هیچ حەزیان لەوە نەبوو سەما بکەن (پێڵاوی گونجاویان نەبوو). وەک

تارمایی و بە خەیاڵی ڕۆیشتووەوە بەنێو ڕاڕەوەکاندا دزەیان دەکرد و کتێبەکانیان بە سینگیانەوە دەنووساند، وەک ئەوەی لە خەونێکدا وێڵ و سەرگەردان بووبن. ئەگەر کەسێک لە پاشەملە نازناوێکی لێ نابان، ئەوا گوێیان لێ نەدەبوو. ئەگەر کەسێک ڕووبەڕوو نازناوێکی لێ نابان، ئەوا تەنها سەری نەرێیان دەلەقاند و بە ڕێگەی خۆیاندا دەڕۆیشتن. ئەگەر کتێبی کۆنتری ماتماتیکیان بدرایەتێ، ئەوا شانیان هەڵدەتەکاند و بەئارامیەوە وەریان دەگرت. دەیانگوت: قەیدی ناکا، ئەگەرچی قەتیش حەزم لە ماتماتیک نەبووە. ئەگەر فۆتۆکانیان لە کتێبی ساڵدا، لەدوای دواوە بووایە، هیچ گوێیان پێ نەدەدا. لەژێر لێوەوە دەیانگوت: "ئەوە تەنها هەر خۆی وایە." یان دەیانگوت: "جا چییە؟" یاخود دەیانگوت: "هەر گوێشی مەدەرێ؟" لەبەر ئەوەی دەیانزانی هەرچییەک بکەن، هەرگیز بەتەواوەتی فەرموویان لێ ناکرێ. دەیانگوت: *ئێمە تەنها تاقمێک کەللەسەری بوداین.*

فێر بوون کام دایکانە بە میوانیمان بێن (میسز هانک، میسز ودراف، میسز ئەلفرید چاندلەر III) و لێنەگەڕێن کێ بە میوانیمان بێت (هەر هەموو دایکەکانی تر). فێر بوون لای کام سەرتاشانە قژیان چاک بکەن (سەرتاشە زنجییەکان) و خۆیان لە کام سەرتاشانە بەدوور بگرن (سەرتاشە مۆنەکانی بەشی باشووری گروفێ). فێر بوون شتگەلێک هەن، کە ئەوان قەت نایانبێت: کەپووی درێژتر، ڕووخسارێکی ڕووناکتر، لاقی درێژتر، کە لە دوورەوە ببینرێ. یەکێکیان دەیگوت: *هەموو بەیانییەک ڕامێنانی خۆدرێژکردن دەکەم، بەڵام لەوە دەچێ هیچ کەڵکی نەبێت.* فێر بوون کەی بۆیان هەیە بۆ مەلە بۆ *KFUM* بچن – ناسپیپێستەکان دووشەممان بۆیان هەیە – و کەی بۆیان هەیە بۆ تەماشاکردنی فیلم لە شانۆی پانتاگ، لە خوارەوە بۆ ناوەندی شار بچن (هەرگیز بۆیان نییە). فێر بوون کە هەمیشە دەبێ پێشتر تەلەفۆن بۆ

ڕێستۆرانت بکەن. *خواردنی ژاپۆنیتان دەوێ؟* فێر بوون بە ڕۆژ بەتەنیا نەچنە دەرێ و چی بکەن کاتێک تاریک دادێ و لە کۆڵانێکدا گیر دەخۆن. *تەنها پێیان بڵێ کاراتێ دەزانیت.* ئەگەر ئەوەش نەیخوارد، ئەوان فێر بوون بۆکس بوەشێنن. *ئەوان ڕێزی کەسێک دەگرن، کە بەهێز بێت.* فێر بوون کەرەستەی خۆپارێزی بەکار بهێنن. فێر بوون تووڕە خۆیان حەشار بدەن. *نا، بێگومان. ئەوە هەر هیچ نییە. فەرموو.* ئەوان فێر بوون قەت قەت ترسی خۆیان وەدیار نەخەن. فێر بوون بەشێک لە خەڵک بە بەختێکی گەورەترەوە لە خەڵکی تر لەدایک دەبن و لەم دونیایەدا شتەکان بەو چەشنە نین، کە هەمیشە بەگوێرەی حەز و خواستی بەشەر بن.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان خەونیان دەبینی. یەکێکیان سوێندی دەخوارد ڕۆژێک لە ڕۆژان شوو بە قەشەیەک دەکا و ئەوسا ناچار نابێ ڕۆژانی یەکشەمموان میوە بڕنێ. یەکێکی تر دەیویست پارەی پێویست پێکەوە بنێ، تا بیستانێکی پێ بکڕێ. یەکێک حەزی دەکرد وەک باوکی تەماتە بچێنێ. یەکێکی تر حەزی دەکرد ببێتە هەرشتێکی تر، جگە لە جووتیار. یەکێک دەیویست ڕەزێکی بۆ شەرابدروستکردن هەبێ. یەکێکی تر حەزی دەکرد مارکەی خۆی هەبێت. دەیگوت: *ناوی دەنێم بیستانی میوەی فوکودا.* یەکێک تەنها حەزی دەکرد لە کێڵگە دوور بکەوێتەوە. یەکێکی تر دەیویست بچێت بۆ کۆلێژ، گەرچی چ کەسێکی نەدەناسی، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان شاری جێ هێشتبێت. دەیگوت: *من دەزانم ئەوە شێتییە، بەلام...* یەکێک پێی خۆش بوو لە گوند بژی و قەت جێی نەهێڵێت. دەیگوت: *ئێرە باشترە. کەس نازانێ ئێمە چین.* یەکێکی تر زیاتر شتێکی دەویست، بەلام نەیدەتوانی ڕێک بڵێ کە ئەو شتە چییە. دەیگوت: *تەنها ئەمە بەس نییە.* یەکێک حەزی لە تەپڵێکی سوینگ کینگ بوو لەگەڵ سەنجێکی هی - هات. یەکێکی تر حەزی لە ئەسپێکی پەنی بەڵەکبەڵەک بوو. یەکێک دەیویست ببێتە ڕۆژنامەدابەشکەر. یەکێکی تر ژووری خۆی بە کێلونەوە دەویست.

دەیگوت: هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێ بێنە ژوورەوە، دەبێ یەکەم جار لە دەرگە بدەن. یەکێک حەزی دەکرد ببێتە نیگارکێش و لە پاریس بۆ خۆی لە هەورەبانێکدا بژی. یەکێکی تر حەزی دەکرد لە تەکنیکی سەلاجەدروستکردندا بخوێنێ. دەیگوت: کۆرسی خوێندن بە نامە هەیە. یەکێک حەزی دەکرد پرد ڕاکێشێ. یەکێکی تر حەزی دەکرد پیانۆ بژەنێ. یەکێک حەزی دەکرد لەبری ئەوەی کار بۆ خەڵک بکات، لە شارێکەیەکدا مێزی میوەفرۆشیی خۆی هەبێت. یەکێکی تر حەزی دەکرد ستێنۆگرافی لە ئەکادیمیای مێریت سێکرێتال بخوێنێ و ئیشێکی ناو نووسینگەیەکیشی دەست بکەوێ. دەیگوت: *ئەوسا خەونەکانم دێنە دی*. یەکێک دەیویست لە گۆڕەپانی بۆکسێنی پرۆفیشیونالدا ببێتە گرەیت تۆگویەکی* تر. یەکێکی تر دەیویست ببێتە سیناتۆر. یەکێک حەزی دەکرد ببێتە سەرتاش و دوکانی خۆی بکاتەوە. یەکێکی تر دووچاری شەپلەی منداڵان بووبوو، تاقە شتێک کە دەیویست، ئەوە بوو بتوانێ بەبێ سییە ئاسنەکەی هەناسە بدا. یەکێک حەزی دەکرد ببێتە شاوەستای بەرگدرووان. یەکێکی تر حەزی دەکرد ببێتە مامۆستا. یەکێک حەزی دەکرد ببێتە پزیشک. یەکێکی تر حەزی دەکرد ببێتە خوشکەکەی. یەکێک حەزی دەکرد ببێتە جەردە. یەکێکی تر حەزی دەکرد ببێتە ئەستێرە. ئەگەرچی دەمانبینی وا تاریکی نزیک دەبێتەوە، بەڵام هیچمان نەدەگوت و لێدەگەڕاین ئەوان لە خەونبینینی خۆیان بەردەوام بن.

* Great Togo: زۆرانبازێکی ئەمەریکاییی بە ڕەچەڵەک ژاپۆنی.

# خایین

لە دووەمین ڕۆژی جەنگەوە، پڕوپاگەندەکان دەبیستین.

پڕوپاگەندەکان لەبارەی لیستێکەوەن. خەڵکێک لە نیوەشەودا بۆ دوور ڕاپێچ دەکرێن. فەرمانبەرێکی بانق کە بەرەو ئیشەکەی چووە، چیدی هەرگیز بۆ ماڵەوە نەگەڕاوەتەوە. سەرتاشێک لە پشتووی ژەمی فراڤینیدا دیار نەماوە. دوو ماسیگر شوێنبزر بوون. لێرەولەوێ پانسیۆن تاڵان کراون. مامەڵەیەکی بازرگانی ڕاگیراوە. ڕۆژنامەیەک داخراوە. بەڵام هەموو ئەوانە لە جێگەیەک ڕوویان داوە؛ لە دۆڵ و شارە دوورەکان ڕوویان داوە، لە شاری گەورەدا ڕوویان داوە، کە ژنان هەموو لەوێ پێڵاوی پاژنەبەرزیان لەپێدایە و سووراو دەکەن و تا نیوەشەو دەرەقسن. بە خۆمان دەڵێین: "لێرە کەس حەقی بەسەر ئێمەوە نییە." ئێمە ژنانی سادە و ساکارین، کە بێقرە دەژین و سەری خۆمان کز کردووە. نابینە مایەی سەرئێشە بۆ مێردەکانمان.

بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک پەردەی پەنجەرەکانمان دادەدەینەوە و لە کونی ژوورەوە بەدیار گوێڕادێران لە هەواڵەکانی شەڕ لە ڕادیۆوە دادەنیشین. ناومان لەسەر سندوقی پۆستەکانمان لا دەبەین. پێڵاوەکانمان لە هەیوان دەهێنینە ژوورەوە. منداڵەکانمان بۆ قوتابخانە نانێرینەوە. شەوانە دەرگەکانمان کیلون دەدەین و بە چپە لەگەڵ یەکدیدا دەدوێین. بە دیقەتەوە پەنجەرەکانمان دادەخەین. مێردەکانمان زیاتر لە جاران

دەخۆنــەوە و لەســەر تەختەخەوەکانیــان دەتلیســێن. ســەگەکانمان لەبــەر پێماندا دەنوون. هیچ پیاوێک نایەت و لـە دەرگەمـان نـادا.

بـە پارێـزەوە لـە ماڵەکانمـان دێینـە دەر. مانگـی دیسـەمبەرە، کچـە گەورەکانمـان دەڕۆن، تـا وەک کارەکـەر لـە شـارە دوورەکاندا کار بکەن و ڕۆژەکان بێدەنـگ و بێجوولـە تێدەپەڕن. هـەر زوو دونیـا تاریـک دەکا. لـە گوند هەمـوو بەیانییـەک بـەر لـە کازیوە هەڵدەستین و دەچینە ڕەزەکانـەوە و مێو دەبڕین. گێزەر لـەو ئەرزە سـارد و شـێدارە هەڵدەکەنین. کـەرەوز لێدەکەینـەوە. برۆکلـی چەپـک دەکەیـن. چاڵـی قـووڵ لـە ئەرزەکـەدا هەڵدەکەنیـن تـا شـتەکانمان لـە بـاران بپارێزیـن. بـازەکان دزە دزە بەنـاو ڕیـزە داربایامەکانـدا دێـن و لـە بوولێڵـی ئێـوارەدا لـوورەی ڕەوەگورگـی شینەڵانی لـە سـەرەوە لەسـەر چیاکە دەبیستین، کە یەکتـر بانـگ دەکـەن. لـە گەڕەکـە ژاپۆنینشـینەکاندا هەمـوو شـەوێک لـە موبەقەکانـی یەکتـردا کـۆ دەبینـەوە و تازەتریـن هەواڵـەکان دەدەینـە یـەک. دەڵێـن لـە شـارەکەی ئەولامانـەوە هەڵکوتراوەتـە سـەر مـاڵان. دوای تاریکداهاتـن، شـارێک ئابڵووقـە دراوە؛ دە-دوازدە ماڵێـک تەحـەڕی کـراون؛ هێڵـی تەلەفـۆن بچـڕاون؛ مێـزی نووسـین هەڵگێڕدراونەتـەوە؛ دەسـت بەسـەر دوکومێنتـدا گیـراون؛ نـاوی زیاتـر لـە لیسـتەکەدا ڕەش کراونەتـەوە. کـە بردوویانـن، پێیـان گوتـوون: "قڵچـەی ددانشـتنیش لەگـەڵ خۆتـان بهێنـن!" ئیتـر ئـەوە و تـەواو، ئیـدی ببـڕای ببـڕای دەنگیـان نەمـاوە.

خەڵکێـک دەڵێـن پیـاوەکان خراونەتـە قەتارێکـەوە و بـۆ دوور، بـۆ ئەوبـەری چیـا، بۆ ساردترین ناوچەکانـی وڵات، ڕاپێـچ کراون. هەیـە دەڵـێ، ئـەو پیاوانـە هاوکاریـی دوژمنیـان کـردووە و لـە چەنـد ڕۆژی داهاتـوودا سنوورداش دەکرێن. هەیشـە دەڵـێ، ئەوانـە گوللەبـاران کراون. زوربەمـان بەرپەرچـی ئـەو پڕوپاگەندانـە دەدەینـەوە، کەچـی هـەر خۆشـمان بڵاویـان دەکەینـەوە — درندانـە، بەبـێ ڕەچاوکـردن و پێچەوانـەی خواسـتی خۆمـان

بڵاویـان دەکەینـەوە. هەیشـمانە نامانـەوێ بـە ڕۆژ باسـی ئـەو پیـاوە ونبووانەمـان بکەیـن، بـەڵام بـە شـەو دێنـە خەومـان. دوو-سـێ کەسـمان خـەون دەبینین، کـە خۆمـان ئـەو پیاوە ونبووانەیـن. یەکێکمـان – شـیزوکو، کـە لـە (کیارنـی ڕانـچ) موبـەق پاک دەکاتـەوە و دەیـەوێ هەمیشـە سـاز و ئامـادە بێـت – جانتایەکـی بچووکـی بـۆ مێردەکـەی پێچاوەتـەوە و لـە نزیـک دەرگەکەوە دای ناوە: فڵچـەی ددان، کرێمـی ڕیشتاشـین، سـابوونێک، کێکێکـی شـوکولات و – جۆرە لەبەردڵانەکەی وی – دەسـتێک جلکـی پـاک. ئـەوە ئـەو شـتانەن، کـە پێـی وایـە ئەگـەر نـاوی مێردەکـەی لـە لیسـتەکەدا بێـت و نـۆرەی بێـت و بێـن و بیبـەن، ئـەوا لـە زینداندا پێویسـتی پێیـان دەبێـت. هەمیشـە سووکەترسـێک، بـەڵام ترسـێکی کـرۆژەری هەیـە، کـە شـتێکی بیـر چووبێـت، شـتێکی بچـووک، بـەڵام شـتیکی زۆر گرینـگ، کـە لـە ئاییندەدا لـە فـلان ڕۆژ و لـە فیسـار دادگـەدا دەبێتـە بەڵگەیەکـی حاشاهەڵنەگر لەسـەر بێتاوانیی مێردەکـەی. لـە خـۆی دەپرسـێ: بـەڵام دەبێ ئـەو شـتە بچووکـە چـی بێ؟ کتێبێکـی پیـرۆز؟ چاویلکەیەکـی خوێندنـەوە؟ جـۆرە سـابوونێکی تـر؟ ڕەنگـە جۆرێکـی بۆنخۆشـتر؟ جۆرێکـی پیاوانەتـر؟ دەڵـێ: بیسـتوومە لـەو خـوارەوە، لـە دۆڵەکـە، قەشـەیەکی (شـینتویی*)یان لەبـەر ئـەوە دەسـگیر کـردووە، گوایـە شمشـاڵێکی گاڵتینـەی لە-حەیزەران-دروسـتکراوی پـێ بـووە.

ئێمـە ڕێـک چـی لەبـارەی ئـەو لیسـتەوە دەزانیـن؟ لیسـتێک، کـە هەمـان بەیانیی پەلامارەکـە، بـە پەلەپڕوزکـێ دروسـت کـراوە. لیسـتێک، کـە زیاتـر لـە سـاڵێک لەوەوبـەر دروسـت کـراوە. لیسـتێک، کـە زیاتـر لـە دە سـاڵە هەیـە. لیسـتێک، کـە بەسـەر سـێ کاتەگۆریدا دابـەش بـووە: کاتەگـۆری A، ناسـراو وەک خەتـەری تـەواو، کاتەگـۆری B، خەتەرێکـی چاوەڕوانکـراو،

* Shinto: دیانەتێکی دێرینە لە ژاپۆن. واتە ڕێی خودایان.

کاتەگۆری C، لایەنگری دەسەڵاتی میحوەر*. بێئەندازە هاسان، هەر ناوێک بۆی هەیە بکەوێتە ئەو لیستەوە. تەنها خەڵکێک لە ڕەگەزی ئێمە دەکەونە ئەو لیستەوە. ئەڵمانیایی و ئیتاڵیاییش لە لیستەکەدا هەن، بەڵام ناوەکانیان لە خواری خوارەوەن. ناوەکانی لیستەکە بە مەرەکەبێکی ئەبەدیی سوور نووسراون. لیستەکە بە ئامێری تایپ لەسەر پێناسی تۆمار نووسراوە. لیستەکە بوونی نییە. لیستەکە هەیە، بەڵام تەنها لە کەللەی بەڕێوەبەری هەواڵگریی سەربازی، کە بە زەینە بلیمەتەکەی ناسراوە، هەیە. لیستەکە تەنها وەهمێکە لە خەیاڵی خۆماندا. لیستەکە زیاتر لە پێنج سەد ناوی تێدایە. لیستەکە زیاتر لە پێنج هەزار ناوی تێدایە. لیستەکە بێکۆتاییە. هەرجارێک کەسێک دەسگیر دەکرێ، ناوی لە لیستەکەدا دەکوژێنرێتەوە. هەرجارێک ناوێک لە لیستەکەدا دەکوژێنرێتەوە، ناوێکی تری تێدا دەنووسرێ. هەموو ڕۆژێک، هەموو هەفتەیەک، هەموو سەعاتێک ناوی تر دەخرێتە سەر لیستەکە.

بەشێکمان نامەی نەناسراومان لە پۆستەوە بە دەست دەگا، کە ئاگادارمان دەکەنەوە مێردەکانمان لە ڕیزدان. بۆمان دەنووسن: ئەگەر لەبری ئێوە بام، شارم جێ دەهێشت. تیاماندایە دەڵێ، مێردەکانیان لە کێڵگەکاندا لەلایەن فیلیپینیگەلی شەڕەنگێزەوە هەڕەشەیان لێ کراوە. دەڵێن بە چەقۆی سەوزەبڕینەکانیانەوە هێرشیان بۆ بردوون. هیتومی، کە زیاتر لە دە ساڵە وەک کارەکەر لە گودسیت پرینس ئیش دەکا، بە ڕۆژی ڕووناک و لە ڕێگەیدا بەرەو شار، دەمانچەی لێ دەر هێنراوە و ڕێگەی پێ گیراوە. میتسوکو ئێوارەیەکیان بەر لە شێوخواردن، دەچێتە

---

* Axelmakter: هاوپەیمانێتییە سەربازییەکەی جەنگی دووەمی جیهانی نێوان وڵاتانی ئەڵمانیای نازی و ئیتاڵیای فاشی، کە دواتر ژاپۆن بە بۆردومانکردنی بەندەری بێرل هاربەری، ئەمەریکا و پاشانیش نەمسا و ڕۆمانیا و بولگاریا و هەنگاریایان چوونە پاڵ. شەڕەکە بە سەرکەوتنی وڵاتانی هاوپەیمان: یەکێتی سۆڤێت و بەریتانیا و فەرەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆتایی هات. و.ک.

دەرەوە تـا هێلکـەی مریشـکەکانی کـۆ بکاتـەوە، دەبینـێ جلکەکانـی بـە تەنافەکـەوە دەسـووتێن. ئیتـر ئێمـە دەزانیـن ئـەوە تەنهـا سـەرەتایە.

لـە وادەی تاقە شـەوێکدا دەروجیرانەکانمـان بە چاوێکی تر تەماشـامان دەکـەن. دەشـێ ئـەوە بـەو کچـە بچووکـەی خـوار ڕێگەکـەدا بزانیـن، کـە چیدی لـە پەنجـەرەی خانـووە گوندییەکەیانـەوە دەسـتمان بۆ ڕاناوەشـێنێ. یان بـەو مشـتەرییە کریسـتیانە وەفادارە پیرەدا، کە کتوپڕ پـێ لـە دوکان و ڕێسـتۆرانەکانمان دەبـڕێ. یـان بـە میـس (تریمبـڵ)ی خانەخوێمانـەوە، کـە بەیانییەکیـان کاتـێ موبەقەکەیمـان بـۆ خاوێـن دەکـردەوە، دەمانباتـە لاوە و بـە گوێمانـدا دەچرپێنـێ: "دەزانـن جەنـگ بەڕێوەیـە؟" خانمانـی یانەکـە دەکەونـە بایکۆتکردنـی مێـزی میوەفرۆشـییەکانمان، لەبـەر ئـەوەی دەترسـن میوەکانمـان بـە زەرنیـخ ژەهـراوی کردبـن. کۆمپانیاکانـی بیمـە، بیمەکانمـان هەڵدەوەشـێننەوە. بانقـەکان، حیسـابە بانکییەکانمـان دادەخـەن. شیرفرۆشـەکە چیدی شیر ناهێنێتـە بەردەرگـەی ماڵەکانمـان، بـە چاوانێکی فرمێسـکتێزاوەوە دەڵێ: "ئـەوە فەرمانـی کۆمپانیاکەیە." منداڵان نیگایەکمـان دەکـەن و ئیـدی وەک ئـەوەی بـە بینینـی ئاژەڵێکـی کێـوی زارەتـرەک بـن، چنگڵەسـەرشـان ڕادەکـەن. کاتـێ خانمـە پیـرە بچووکـەکان مێردەکانمـان دەبینـن، تونـد تونـد جانتـا دەسـتییەکانیان بـە خۆیانـەوە دەنووسـێنن و وەک ئیفلیـج لەسـەر شۆسـتەکان ڕادەوەسـتن و دەزریکێنـن: "ئەوەتـان!" ئەگەرچـی مێردەکانمـان ئاگاداریـان کردبووینـەوە – *ئەوانـە دەترسـن* – کەچـی ئێمـە ئامـادە نەبوویـن لـە نـاکاوڕا خۆمـان وەک دوژمـن ببینینـەوە.

هەڵبـەت هـەر هەمـوو شـتەکان یەکـەم جـار لـە قسەوباسـی نـاو ڕۆژنامەکانـەوە دەسـت پـێ دەکـەن. ڕۆژنامـەکان دەنووسـن، گوایـە هـەزاران کـەس لـە پیاوەکانمـان لـە هەمـان ئـەو لەحزەیـەی بۆردومانـی بەندەرەکـە کراوە، بـە دیقەتێکی ڕاگوزەرییانـەوە کاردانەوەیـان نوانـدووە. ڕۆژنامـەکان دەنووسـن گوایـە ئێمـە بـە پیکابـە شەقوشـڕ و ترومبێلـە

خەرەکەشکاوەکانمانەوە دەرژێینە ڕێوبانەکانەوە. دەنووسن، گوایە ئێمە لە کێڵگەکانمانەوە بە مەشخەڵ ئاماژە بۆ فڕۆکەکانی دوژمن دەدەین. دەنووسن، هەفتەی بەر لە هێرشەکە زۆر لە منداڵەکانمان فشەیان بۆ هاوپۆلەکانیان کردووە کە، "شتێکی گەورە بەرێوەیە ڕوو بدا." دەنووسن، کاتێ مامۆستاکانیان دەچنە بنجوبنەوانی مەسەلەکە، گوایە ئەو منداڵانە دەڵێن کە دایکان و باوکانیان بە بۆنەی هەواڵی هێرشەکەوە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک ئاهەنگیان گێڕاوە. دەڵێن: هەلهەلەیان لێداوە و قریواندوویانە. دەنووسن، لە کاتی ڕوودانی هێرشی دووەمدا بۆ سەر وڵات، بەوپەڕی دڵنیاییەوە هەموو ئەوانەی ناویان لە لیستەکەدایە، دەکەونە ئاژاوەنانەوە، تا یارمەتیی دوژمن بدەن. دەنووسن، باغەوانەکەیان سەربازی هێزی پیادە بووە لە سوپایەکی گەورەی نهێنیدا. دەنووسن، ئەوانە هەزارەها پارچەچەکیان لە خوارەوە، لە ژێرزەمینی سەوزەواتەکانیانا حەشار داوە. دەنووسن، کوڕە خزمەتکارەکانیان سیخوڕی دەکەن. دەڵێن باخەوانەکانیان هەر هەموویان ئامێری شەپۆلی کورتیان لە سۆندەکانیاندا حەشار داوە و هەر کە سەعاتی سفر دێت، ئیدی دەکەونە خۆ و دەستبەکار دەبن: بەنداو دەڕوخێنن؛ بۆریی نەوت دەسووتێنن؛ پردەکان بۆمبباران دەکەن؛ ڕێوبانەکان دەتەقێننەوە؛ تونێلەکان دادەخەن و عەمباراوەکان ژەهراوی دەکەن. دەڵێن: ئەدی چی ڕێگەیان لێ دەگرێ کە یەکێکیان ڕێک بە پشتێنە تێئێنتی بەستراوەکەی نێوقەدییەوە، خۆی بە گۆڕەپانێکی قەرەباڵغدا بکا و خۆی بتەقێنێتەوە؟ هیچ شتێک.

دەکەوینە ئەوەی هەموو ئێوارەیەک کە تاریک دادێ، شتەکانمان بسووتێنین: پسووڵەی کۆنی پارەدەرهێنان لە بانق، دەفتەری یادداشتنامە، ئەڵتاریی بودای خێزان، چیلکەی نانخواردن. چرای کاغەزین، فۆتۆی خزمانمان لە گوند، کە شێلگیرانە بە جلکە لادێیییە

سەیروسەمەرەکانیانەوە ڕاوەستاون. من بینیم چۆن ڕووخساری براکەم ببووە خۆڵەمێش و بەرەو ئاسمان خولی دەخوارد. لە دەرەوەی ماڵەکانمان، لە باغی سێوەکانمان و لە چاڵی نێوان درەختەکاندا، ئاگر لە جلکی ئاوریشمیی بوکێنییەکانمان بەر دەدەین. لە جادەکانی پشتەوەی گەڕەکە ژاپۆنینشینەکاندا و لە تەنەکەی خۆڵەکاندا، بەنزین بە بوکەشووشە یادگارییەکانماندا دەکەین. خۆمان دەسبەرداری هەر هەموو ئەو شمەکانە دەکەین، کە بۆی هەیە پەیوەندیی مێردەکانمان بە دوژمنەوە بسەلمێنێ. نامەی خوشکەکانمان دەسووتێنین، کە تیایاندا نووسیویانە: کوڕە دراوسێکەی ماڵەکەی ئەولامانەوە، ژنی چەترچییەکەی هەڵگرتووە. نامەی باوکانمان دەسووتێنین، کە تیایاندا نووسیویانە: قەتار بووەتە کارەبایی و چیدی کاتێک بە تونێلێکدا تێدەپەڕین، هەموو دەموچاومان نابێتە سووتوو. نامەی دایکانمان دەسووتێنین، کە هەر لە یەکەمین ڕۆژی سەفەرەکەمانەوە بۆیان دەنووسین. هێشتا جێگەپێکانتان لە خوارەوە، بە قوڕی ڕووبارەکەوەیە. سەیرمان لێ دێت کە ئاخۆ بۆچی ماوەیەکی ئەوەندە درێژ، پێچەقێنانە بە خووەکانمانەوە نووساوین. بە خۆمان دەڵێین: خۆمان بووینە مایەی ئەوەی ڕقیان لێمان بێ.

شەوەکان تاریک و تاریکتر و سارد و ساردتر دەبن. ڕۆژانە دەبیستین پیاوی زیاتر ڕاپێچ دەکرێن. شمەک پەخشیارێک لە باشوور. مامۆستایەکی جۆدۆ. بازرگانێکی ئاوریشم. نمایندەیەکی بار لە شار، کە دوای فراڤینێکی درەنگ بەڕێوە بووە بۆ نووسینگەکەی بگەڕێتەوە، لە چوارڕاکە و لە کاتێکدا چاوەڕێی چرای سەوز بووە، دەسگیر کراوە. پیازچێنەرێک لە دێلتا، کە گومانی لێ کراوە پلانی تەقاندنەوەی بەنداوەکەی داڕشتبێ. قووتوویەکیان بە پووشەڵۆکەی تێئێنتیەوە لە کادانەکەیدا دۆزیوەتەوە. کارمەندێکی نووسینگەی سەفەر. مامۆستایەکی زوبان. کاهووچێنێک لە کەنار، کە گومان دەکرێ بە لایتە دەستییەکەی

ئامـاژەی بـۆ کەشـتییەکی دوژمـن لـە زەریـادا دابـێ.

ئیـدی مێردەکـەی چیۆمیـس بـە جلەکانـی بەرییـەوە دەنوێـت، ئـەوەش لەبـەر ئـەوەی کـە نەبـا شـەو بێـن و بیبـەن. بـە ژنەکـەی گوتـووە: شـەرمەزارانەترین شـت ئەوەیـە، کە بنیادەم بە بیجامـەوە دەسگیر بکرێت. (ئاخر مێردەکەی ئیکو بە بیجامـەوە دەسگیر کراوە). مێردەکەی ئاسـاکو بـە پێڵاوەکانییـەوە گرتوویەتـی. هەمـوو شـەوێک تـا بریقەیـان لـێ دێنـێ، دەیانسـڕێ و پاشـان لەبـەر لاقـی دواوەی تەختەخەوەکـەدا دایـان دەنـێ. مێردەکـەی یوریکـو، کـە فرۆشـیارێکی دێوەرەی شـمەکی هونەرییـە، سـاڵ دوازدەی مانـگ بـۆ ژنەکـەی هەمـوو شـتێکە، تەنهـا وەفـادار نییـە، کەچـی هەنووکـە تـا ژنەکـەی سـفت لـە پاڵیـدا ڕانەکشـێت، خـەوی لـێ ناکەوێـت. ژنەکـەی دەڵـێ: *هەڵبـەت تـازە کەمێـک بـۆ ئـەوە درەنگـە، بەڵام دەسـەڵاتم چییە؟ کە بنیادەم شـوو دەکا، بۆ هەتا هەتایە دەیکا.* مێردەکەی هاتسـومی هەمـوو شـەوێک، کاتـێ دەچێتـە نێـو جێگـە، لەبـەر خۆیـەوە وێردێکـی خێـرا بـۆ بـودا دەخوێنـێ. هەنـدێ شـەو لـە عیسـاش دەپاڕێتـەوە، لەبـەر خۆیـەوە دەڵـێ: کـێ ناڵـێ ئـەو تاقـە خـودا ڕاسـتەقینەکە نییـە؟ مێردەکـەی ماسـومی بەدەسـت مۆتەکـەوە لـە عەزابدایـە. لـە خەونیـدا دونیـا تاریـک؛ جـادەکان دیـار نەمـاون؛ زەریـا هەسـتاوە؛ ئاسـمان داچـووە؛ ئـەو لـە دوورگەیـەک جـێ هێڵـراوە؛ لـە بیابانێکدا سـەرگەردان بـووە، جزدانەکەی ون کـردووە و زۆر درەنـگ بـە قەتـاردا ڕاگەیشـتووە. ژنەکـەی لەنێـو حەشـاماتێکدا دەبینـێ، ڕادەوەسـتێ و بانگـی دەکا، بـەڵام ئـەو هـەر ئاوڕیشـی لـێ ناداتـەوە. پێـی دەڵـێ: غـەم و خەفـەت تاقـە شـتێک بـووە، کـە ئـەم پیـاوە پێـی بەخشـیوم.

یەکەمیـن لێزمـە بـاران و باڕێـزە، دوایـین گـەڵای درەختـەکان دەوەرێنـن و ڕۆژەکان خێـرا فێنـک دەبـن. وردەوردە سـێبەرەکان درێژتـر دەبـن. منداڵـە بچووکترینەکانمـان هەمـوو بەیانیانێـک بـۆ قوتابخانـە دەچـن و بـە حەکایەتگەلـەوە دەگەڕێنـەوە. کچێـک لـە پشـووەکەدا دراوێکـی بچـووک

قووت دەدا و خەریک دەبێ بمرێت. میستەر بارنت هەوڵ دەدا سمێڵ دانێتەوە. میسز تراچتێنتبێرگ میزاجی باش نەبووە. سوورِی مانگانەیەتی. رۆژە درێژەکان لەگەڵ مێرد و کورِە گەورەکانماندا لە بێستانەکاندا دەبەینە سەر و لەوێ پەلکی درەخت دەبرِین. بە درەختەکاندا رادەگەین، ئەو چڵانەیان دەبرِینەوە، کە بۆ هاوین یان پاییز بەر نادەن. چێشت بۆ ئەو ماڵانە لێدەنێین و گسکیان بۆ دەدەین، کە ساڵانێکە چێشتیان بۆ لێدەنێین و گسکیان بۆ دەدەین. هەموو ئەو شتانە دەکەین، کە هەمیشە دەیانکەین، بەڵام هیچ شتێک لە جاران ناچێت. ئۆناتسو دەڵێ: "بە یەک نەخت دەنگ دەترسم. بە تەقەلەدەرگەدان، بە زەنگی تەلەفۆن، بە وەرِینی سەگ. هەمیشە گوێم لای تەپەی پێیە." هەموو جارێک کە ترومبێلی رێبوارێک بەو دەوروبەرەدا دەرِوا، ئیدی دڵی وەتەپە دەکەوێ، چونکە دڵنیایە کە ئیدی نۆرە هاتووەتە سەر مێردەکەی. هەندێ جار لە ساتەوەختە زیاتر شپرزەکانیدا، پێی وایە پێشتر ئەوە رووی داوە و مێردەکەی راپێچ کراوە. ئەوسا هەست بە سووکەڵەیی دەکا، لەبەر ئەوەی چاوەرِوانی بەلایەوە لە هەرشتێکی تر قورسترە.

بۆ ماوەی سێ رۆژ بایەکی سارد لە چیاوە هەڵدەکا و نایخات. هەورێک لە تۆزوخۆڵ لە کێڵگەکانەوە بەرز دەبێتەوە و پەلکی رووتی درەختەکان قامچیی لە ئاسمانێکی بەتاڵی خۆڵەمێشی دەدا. کێڵەکان لە گۆرِستانەکانماندا دەکەون. دەرگەی حەوشەکانمان لە گرێژنە دەچن. ساپیتە تەنەکەکان دەلەرنەوە. سەگە خۆشەویستەکانمان تێدەتەقێن. چینییەکی جلکشۆر بێهۆش و خوێناوی، لە کەنار دەدۆزرێتەوە، لەوێ جێ هێڵراوە، تا بمرێ. *وایان زانیوە یەکێکە لە ئێمە.* ئاگر لە گەورِێکی دووری دۆڵێکی ناوەرِاستی وڵات بەر دەدرێ، بۆ ماوەی چەند رۆژێک، با بۆگەنی ئاژەڵی سووتاو لەگەڵ خۆیدا دێنێ.

شەوانە لە موبەقەکانمان لەگەڵ مێردەکانمان دادەنیشین و لە کاتێکدا

ئەوان سەریان بەسەر ڕۆژنامەدا شۆڕ دەکەنەوە و لە هەموو دێڕ و وشەیەک ورد دەبنەوە و بەدوای سەرەداوێکدا لەبارەی ئاییندەمانەوە دەگەڕێن، قسەوباس لەبارەی دوایین پڕوپاگەندەکانەوە دەکەین. دەڵێین: بیستوومانە گوایە دەمانخەنە ئۆردووگای کارەوە، تا دانەوێڵە بۆ سوپا بەرهەم بهێنین. ڕادیۆ دادەگیرسێنین و گوێ لە بەیاننامە لە بەرەی جەنگەوە ڕادەدێرین. هەڵبەت دەنگوباسەکان باش نین. دوژمن شەش کەشتیی جەنگی لەغەرقنەهاتووی تری ئێمەی غەرق کردووە. فڕۆکە جەنگییەکانی دوژمن لە فڕینی ئەزموونیدا، لە ئاسمانی ئێمەدا بینراون. ژێردەریاییەکانی دوژمن لە کەنارەکانمان نزیک و نزیکتر دەبنەوە. دوژمن پلانی هێرشێکی دەرەکی و ناوەکی بۆ سەر کەنارەکانمان دارشتووە و داوا لە هاوولاتییە بەئاگا و چاوتیژەکانمان دەکا، دەزگا بەرپرسەکان لە هەر تابوورێکی پێنج ئاگادار بکەنەوە، کە دەکرێ خۆی لەناوماندا مەلاس دابێ. بیرمان دەخەنەوە: ڕێی تێ دەچێ هەرکەسێک لەوان سیخوڕ بێت: خزمەتکارەکەت، باخەوانەکەت، گوڵفرۆشەکەت، کارەکەرەکەت.

سەعات سێی بەیانی، یەکێک لە جووتیارە هەرە ناسراوەکانمان لە جێگەی نوستنەکەی دەر دەهێنرێ و بە دەرگەی حەوشەدا ڕاپێچ دەکرێتە دەرەوە. ئەو لە یەکەمین ئەو پیاوانەیە، کە ئێمە دەیناسین و ڕاپێچ کراون. خەڵک دەڵێن ئەوان چاویان لەسەر جووتیارە کامڵەکانە. بۆ شەوی دواتر، جووتیارێک لە سپیگیل ڕانچ بە بەدلە قوڕاوییەکەیەوە و لە کاتێکدا بای باڵی سەگەکەی لای بەنداوەکەوە دەدا، دەبێ بە تەڵەکەوە و بۆماوەی سێ ڕۆژ و سێ شەو لە ژوورێکی ڕووناکی بێ پەنجەرەدا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێ و پاشان مەرەخەسیان کردووە بۆماڵەوە بگەڕێتەوە. بەڵام کاتێ ژنەکەی ترومبێلەکەی بەرەو خوار بۆ بنکەی پۆلیس دەهاژوێ تا بیهێنێتەوە، کەچی ئەم هەر هیچ نایناسێتەوە و

نازانێ کێیە. ژنەکەی دەڵێ: مێردەکەم وای دەزانی دەمەوێ فریوی بدەم و هەوڵ دەدەم قسەی لێ دەر بهێنم. ڕۆژی دواتر سێ ژن، کە ئێمە دەیانناسین، لە شارێکی دراوسێمانەوە دێن و دەڵێن ناوی مێردەکانی ئەوانیش لە لیستەکەدان. یەکێکیان دەڵێ: مێردەکەیان ناوەتە ترومبێلێکەوە و ئیتر دیار نەماوە. دوو ڕۆژ دواتر، یەکێک لە کێبەرکێکەرەکانمان – تاقە کەسێک لە چێنەرەکانی دۆڵەکە، کە لانی کەم نیوەی کشمیشەکانی وەک ئەوانی ئێمە شیرینن – لە موبەقەکەیدا لەسەر کورسییەک دەبەسرێتەوە و بۆ ماوەی چوار سەعات بەو شێوەیە دەهێڵرێتەوە، لە کاتێکدا سێ پیاو خەریکی تەحەڕیکردنی ماڵەکەی دەبن و پاشان ئازادی دەکەن. خەڵکی دەڵێن ژنەکەی پای و قاوەی بۆ پیاوەکان داناوە. هەمووان حەز دەکەن بزانن ئاخۆ ئەوە چ جۆرە پایەک بووە؟ ئاخۆ شیلک بووە؟ ڕێواس یان مەرەنگی لیمۆ بووە؟ هەروەها خەڵک دەیانەوێ بزانن ئاخۆ پیاوەکان حەزیان کردووە قاوەکانیان چۆن بێ؟ بە شەکرەوە بێت یان بێ شەکر؟

هەندێ شەو، پیاوەکانمان بۆ چەند سەعاتێک بە بێداری دەمێننەوە و دووبارە و سێبارە ڕابردووی خۆیان بەدوای نیشانەیەکدا، کە ئاخۆ ناوەکانیان لە لیستەکەدا نەبێت، هەڵگێڕوداگێڕ دەکەن. بەدڵنیاییەوە هەر دەبێ شتێک لەو قسانە بدۆزنەوە، کە گوتوویانە یان کردوویانە، بەدڵنیاییەوە هەر دەبێ شتێک لەو هەڵانە بدۆزنەوە، کە بەسەریاندا تێپەڕیوە، بەدڵنیاییەوە هەر دەبێ بە شتێک تاوانبار بن، ڕەنگبێ بە جۆرە تاوانێکی ناڕوون، کە تەنانەت ئەوان خۆشیان نازانن چییە. لە ئێمە دەپرسن: بەڵام بڵێی ئەو تاوانانە چی بن؟ بڵێی ئەو پێکە نەبێت، کە لە سەیرانەکەی هاوینی ساڵی ڕابردوودا لە خۆشیی نیشتمان هەڵمان داوە؟ یان کۆمێنتێک نەبێ کە لەبارەی نوتقەکەی ئەم دواییەی سەرۆکەوە لە دەممان دەرچووە؟ ئاخر سەرۆک ناوی بە شەلاتی هێنابووین. یان

بڵێی تاوانەکەیان بەهەڵەکۆمەککردنی ڕێکخراوێکی خێرخواز نەبێت؟ - ڕێکخراوێکی خێرخواز، کە پێوەندیی بە دوژمنەوە هەیە و ئەمان هیچ لەوە ئاگادار نەبوون؟ ئایا دەکرێ ئەوە بێت؟ یاخود کەسێک - کەسێک، کە بەدڵنیاییەوە ڕقی لێیانە - شیکاتێکی درۆیینەی لە دژیان بۆ دامودەزگاکان بەرز کردۆتەوە؟ ڕەنگبێ یەکێک لە مشتەرییەکان بێ لە کاپیتول لاوندری، کە ئێمە جارێک لە جاران بێ مەبەست قسەی ڕەقمان پێ گوتووە؟ (بەڵام ئایا هەموو شت هەڵەی خۆمان بووە؟) یاخود دەشێ ئەو کەسە هاوسێیەکی ناقایل بێت، کە زۆر جاران سەگەکەمان لە باخەکەیدا خونچەی گوڵەکانی شێلاوە؟ مێردەکانمان لێمان دەپرسن: ئایا نەدەکرا میهرەبانتر بووینایە؟ بڵێی کێڵگەکانیانمان بێخزمەت نەکردبن؟ بڵێی ئێمە زیاد لە پێویست کەمدوو نەبووبین؟ یان گوناهەکانمان بەئاشکرا لە ڕووخسارمان نەنووسرابن، بە جۆرێک، کە هەموو دونیا ببینن؟ یان هەر بەڕاستی بە هۆی ڕووخسارمانەوەیە، کە گوناهبارین؟ ئایا ڕووخسارمان بە جۆرێک لە جۆرەکان بووەتە مایەی بێزارییان؟ یان لەوەش خەراپتر: بووەتە مایەی ڕەنجاندنیان؟

لە یانوەریدا فەرمانمان پێ دەکرێ ناوی خۆمان لای دەزگا پەیوەندیدارەکان تۆمار بکەین و هەموو شتە قەدەغەکانمان تەسلیمی بنکەی پۆلیسی گەڕەکەکانمان بکەین: تفەنگ، بۆمب، تیئێنتی، کامێرا، دووربین، چەقۆ بە دەمی زیاتر لە پازدە سانتیمەتر درێژەوە، ئامێری ئاماژەدانی وەک لایتی گیرفان و مەشخەڵ، هەموو شتێک کە بکرێت یارمەتیی دوژمن لە هێرشبردندا بدا. پاشان سنووربەندییەکانی سەفەرکردن - هیچکام لە ئێمە بۆی نییە زیاتر لە پێنج کیلۆمەتر لە ماڵەوە دوور بکەوێتەوە - پاشان قەدەغەکردنی هاتووچۆ لە سەعات هەشتی شەوەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە زوربەمان هەر بەڕاستی ئەهلی شەو نین، بەڵام بۆ یەکەم جار لە ژیانماندا پەرۆشی ئەوە دەبین، کە

نیوەشەوان پیاسەیەک بکەین. *تەنها یەک جار، لەگەڵ مێردەکەم، بە بێستانی داربایەمەکەدا، تا بزانم پیاسەی شەوانە تامی چ دەدا.* بەڵام کاتێ سەعات دووی بەرەبەیان لە پەنجەرەکەوە لە دەرەوە دەنۆڕین و دەبینین هاوڕێ و هاوسێکانمان کادانەکانمان تاڵان دەکەن، لە ترسی ئەوەی نەبا خەبەری پۆلیسمان لێ بدەن، ناوێرین لاقمان ببەینە ئەودیو دەرگەی حەوشەکانمانەوە. لەبەر ئەوەی سوور دەزانین تەلەفۆنێک بەسە تا ناوێک بچێتە لیستەکەوە. کاتێ کوڕە گەورەکانمان دەکەونە ئەوەی تەواوی شەوانی شەممووان لە شار لە دەرەوە بمێننەوە، کە بەیانی بۆ ماڵەوە دێنەوە، لێیان ناپرسین دوێشەو لەکوێ بوون یان لەگەڵ کام کچدا بوون، یاخود چەندیان پێ خەرج کردوون، یان بۆچی باجیان بە ئێخەی کراسەکانیانەوە کردووە و لێی نووسراوە من چینییم. مێردەکانمان دەڵێن: "لێگەڕێ چەندێک دەتوانن خۆش بیگوزەرێنن." ئەوسا لە موبەق بە ڕێزەوە بەیانیباش لە کوڕەکانمان دەکەین و دەڵێین: هێلکە یان قاوە؟ وا دەڵێین و ئیدی لەگەڵ کاروباری ئاساییی ڕۆژانەماندا تێ هەڵدەچینەوە.

مێردەکانمان پێمان دەڵێن: "کاتێ دوور کەوتمەوە..." ئێمەش وەڵامیان دەدەینەوە: "ئەگەر دوور کەوتیتەوە...!" دەڵێن: "بیرتان نەچێ ئاو بدەنە سەهۆڵفرۆشەکە" و " کاتێ مشتەری دێتە بەر دەرگە، هەمیشە بە ناوی خۆی بەخێرهاتنی بکەن." مێردەکانمان پێمان دەڵێن بەڵگەنامەی لەدایکبوونی منداڵەکانمان لەکوێ هەڵگیراوە و کەی داوا لە (پیتێ) لە وەرشەکە بکەین، کە تایەی لۆرییەکەمان بۆ بگۆڕێت. دەڵێن: "ئەگەر پێویستتان بە پارە بوو، ئەوا تەراکتۆرەکە بفرۆشن." "گوڵخانەکە بفرۆشن." "شمەکی دوکانەکە بفرۆشن." بیرمان دەهێننەوە، کە ئێمە دەبێ ئاگامان لە ئاکار و ڕەفتارمان بێت – شانمان بۆ دواوە – و لێنەگەڕێین منداڵەکانمان کەمتەرخەمی لە کارەکانیاندا بنوێنن. دەڵێن:

"پەیوەندی بە میستەر هاوەر لە یەکێتی میوەچێنەرانەوە بکەن. ئەو کەسێکی گرینگە بیناسن و ڕەنگە بتوانێ یارمەتیتان بدا." دەڵێن: "باوەڕ بە هیچ قسەیەک مەکەن کە لەبارەی ئێمەوە دەیبیستن" و "متمانەتان بە کەس نەبێت." و "هیچ شتێک بۆ دەرودراوسێ مەگێڕنەوە." دەڵێن: "خەمی مشکی بنمیچەکەتان نەبێ. کاتێ خۆمان بۆ ماڵەوە دەگەڕێینەوە، چاریان دەکەین." بەبیرمان دێننەوە کە هەمیشە کاتێ دەچینە دەرەوە، پاسپۆرتە بیانییەکانمان لەگەڵ خۆماندا ببەین و خۆمان بەدوور بگرین لە هەر بەحس و جەدەلێک لەبارەی جەنگەوە. ئەگەر تکامان لێ کرا ڕای خۆمان بڵێین، ئەوا هەرچۆنێک بێ، دەبێ بە دەنگی بەرز و بە تۆنێکی ڕێک و ڕەوان هێرشەکە مەحکوم بکەین. پێمان دەڵێن: "داوای لێبووردن مەکەن." "تەنها بە ئینگلیزی قسە بکەن." "خووی خۆچەماندنەوە بە خۆتان تەرک بکەن."

لە ڕۆژنامە و ڕادیۆکاندا قسە لەبارەی سنووورداشکردنەوەی بەکۆمەڵەوە دەکرێت. *ئەنجومەنی نوێنەران تاووتوێی پێشنیارەکەی دەسەڵاتی بەرگری، سەبارەت بە کۆچبەران دەکا. پارێزگار سەرۆک هان دەدا کەناری زەریا لە هەر هەموو پەنابەرە دوژمنەکان چۆڵ بکا. دەڵێ بۆ (تویو) یان بگەڕێننەوە.* دەبیستین ئەوە پلەبەپلە ڕوو دەدا، لە ماوەی چەند هەفتەیەک یان ڕەنگە چەند مانگێکدا. کەسمان لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا ناچار ناکرێین بڕوات. ئێمە دەبێ بۆ دوور ڕەوانە بکرێین، بۆ جێگەیەک، کە خۆمان هەڵی دەبژێرین، جێگەیەک، دوور لە قووڵاییی وڵات، کە لەوێ نەتوانین هیچ زەرەرێک بدەین. ئێمە دەبێ تا شەڕ بەردەوام دەبێت، دەستبەسەر بین. تەنها ئەوانەمان کە کەمتر لە شازدە میل لە کەناری زەریاوە دوورن، دەبێ ڕابگوێزرێن. تەنها ئەوانەمان کە ناویان لە لیستەکەدا هەیە، ڕادەگوێزرێن. تەنها ئەوانەمان کە هاووڵاتی نین، ڕادەگوێزرێن. منداڵە گەورەکانمان ڕێگەیان

پێ دەدرێت بمێننەوە، تا چاویان لە کارگە و کێڵگەکانمان بێت. دەبێ دەست بەسەر کارگە و کێڵگەکانماندا بگیرێن و مەزاد بکرێن. *هەر لە ئێستەوە دەستیان پێوە بنێن.* ئێمە دەبێ لە منداڵە گەنجەکانمان جیا بکرێینەوە. ئێمە دەبێ بخەسێندرێین و لە یەکەمین دەرفەتی کردەگی و گونجاودا سنووورداش بکرێین.

هەوڵ دەدەین بیری ئەرێنی بکەینەوە. لە دڵی خۆماندا دەڵێین، ئەگەر تا بەر لە نیوەشەو لە ئووتووکردنی جلوبەرگی مێردەکانمان ببینەوە، ئەوا ناویان لە لیستەکەدا دەسڕدرێتەوە. ئەگەر سەنەدێکی دە دۆلاریی جەنگ بکڕین، ئەوا منداڵەکانمان لە ئەماندا دەبن. ئەگەر گۆرانیی تەشیرستن ڕێک و ڕەوان و بێهەڵە بچڕین، ئەوا چ لیستێک، چ جلکشتنێک، چ سەنەدی جەنگ و چ جەنگێک بوونیان نابێ. بەڵام وردەوردە کە تاریک دادێ، بەزۆری هەست بە ناڕەحەتی دەکەین، وەک ئەوەی شتێک هەبێ و بیرمان چووبێ بیکەین. دەڵێین بڵێی بیرمان نەچووبێ دەریچەی حەوزەکە دابخەین؟ بڵێی بیرمان نەچووبێ، تەباخەکە بکوژێنینەوە؟ بڵێی بیرمان نەچووبێ، دان بدەینە مریشکەکان؟ خۆراک بدەینە منداڵەکان؟ بڵێی بیرمان نەچووبێ، سێ جار لە کۆڵەگەی تەختەخەوەکە بدەین؟

لە فێبراوەریدا وردەوردە ڕۆژەکان گەرمتر دەبن و یەکەمین گوڵاڵەسوورەکان لە دامێنی چیادا بە ڕەنگی پرتەقاڵی پرشنگ دەدەن. ئێمە هێشتا وەک گروپ بەردەوام دەچینەوە یەک. مێردەکەی مینیکو بێسەروشوێنە. مێردەکەی تاکیکو بێسەروشوێنە. *گوللەیەک لە ئەرزەکەدا، لەودیو ئەمباری ئاوردووەکەی دۆزراوەتەوە.* مێردەکەی ئومیێ لەبەر ئەوەی پێنج دەقیقە دوای دەستپێکردنی وادەی قەدەغەکردنی هاتووچۆ چووەتە دەرەوە، لە ئۆتۆبان دەستگیر کراوە. مێردەکەی هانایو بە هۆکاری نادیار لەسەر مێزی نانی نیوەڕۆ دەستبەسەر کراوە. ژنەکەی

دەڵـێ: "خەراپترین شـتێک کـە شـووەکەی ڕۆژێـک لـە ڕۆژان کردبێتـی، ئەوەیـە ترومبێلـی بـە هەڵـە پـارک کـردووە و غەرامـەی بـۆ نووسـراوە" مێردەکـەی (شـیماکو)ش، کـە لـۆری بـۆ کۆمپانیـای (یونیـەن فریـوت) دەهـاژوێ و قەتاوقـەت هیـچ کەسـێک قسـەیەکی نارەزایەتـی لـێ نەبیسـتووە، لای ڕەفـەی شیرەکانەوە لـە سـۆپەرمارکێتەکەی گـەڕەک دەسـگیر کراوە، لەبـەر ئـەوەی گوایـە سـیخوڕی باڵـە ڕاسـتە سـەربازییەکەی دوژمنـە. یەکێـک دەڵـێ: "خـۆم هـەر دەمزانـی." یەکێکـی تـر دەڵـێ: "بـۆی هەیـە جـاری داهاتـوو نـۆرەی تـۆ بێـت."

چیزوکو گێڕایەوە، هەرە ناخۆشترین شت ئەوەیە، نەیزانیوە مێردەکەی لەکوێیـە. یەکەمیـن شـەو دوای دەسـگیرکردنی مێردەکـەی، زەندەقچووانـە لەخـەو ڕاپەڕیـوە، بیـری نەهاتووەتـەوە بۆچـی بەتەنیـا ڕاکشـاوە. دەسـتی ڕایـەڵ کـردووە و هەسـتی بـە جێگەخـەوە چۆڵەکەی لایـەوە کـردووە و لـە فیکـرەوە چـووە: *مـن خـەون دەبینـم، ئەمـە مۆتەکەیـە، بـەلام نـا، ڕاستییە.* بـەلام لەگـەڵ ئەوەشـدا هەسـتاوە، بـە ماڵەکـەدا هاتـووە و چـووە و هـاواری مێردەکـەی کـردووە و لـە دۆلاب و ژێـر سیسـەمەکاندا بەدوایـدا گـەڕاوە. گوتوویەتـی: *ئـەی ئەگـەر نەیدۆزمـەوە.* کاتێـک جانتـای سـەفەرەکەی بینیـوە، کـە لـەلای دەرگـەی حەوشـەوە دانـراوە، کێکێکـی شـوکولاتی دەر هێنـاوە و خاوەخـاو خواردوویەتـی. بـە خـۆی گوتـووە: جانتاکـەی بیـر چـووە. یومیکـو دوو جـاران مێردەکـەی لـە خەونـدا بینیـوە و پێـی گوتـووە، کـە زۆر بـاش دەرەقـەت هاتـووە. ژنەکـەی دەڵـێ: "تەنهـا سـەگەکەیەتی کـە زیاتـر بـۆی نیگەرانـە. بـە سـەعات لەسـەر نەعلەکانـی ڕادەکشـێ و هـەر کـە هـەوڵ دەدەم لەسـەر کورسـییەکەی دانیشـم، پێـم دەمرێنـێ." فوسـاکو دانـی بـەوەدا نـا، کـە هەرکاتێـک دەبیسـتێ کەسـێکی تـر، جگـە لـە مێردەکـەی، بێسەروشـوێن کـراوە، بـە نهێنـی هەسـت بـە ئاسـوودەیی دەکا. دەڵێـت: "بـەس نییـە ژنەکـەی ئـەوە و مـن نیـم." هەڵبـەت پاشـان بـۆ ئـەوە هـەر

زۆر شـەرمەزار دەبێ. كانوكو پێ لـەوە دەنێ، كە ئـەو هـەر هیچ بیری مێردەكـەی نـاكات. دەڵـێ: "ئاخـر ئـەو وەک پیـاو دەیڕەتانـدم و سـاڵانێكە هـەر خەریكی دووگیانكردنمـە." كیسـوكو دەڵێ، تا ئـەو جێگەیـەی دەزانـێ، نـاوی مێردەكـەی لـە لیسـتەكەدا نییـە. دەڵێ: "ئـەو جووتیـارە. گوڵـی خۆش دەوێ. هیـچ مەیلێكی ئازاردانـی كۆمەڵگـەی تێدا نییـە." نوبوكـو دەڵـێ: "بـا، كـێ چووزانێت." ئێمـە، ئەوانـی تـر، دەسـتمان لەسـەر دڵمـان و چاوەڕێیـن بڵێی پاشـان چـی چاوەڕێمـان بێ.

ئێسـتا هەسـت دەكەیـن قـەت ئەوەنـدە لـە مێردەكانمانـەوە نزیـک نەبوویـن. لـە كاتـی فراڤینـدا، باشـترین پلەگۆشـتیان بـۆ دادەنێیـن. وا دەنوێنین ئاگامـان لـێ نییـە كاتێ خواردنەكـە لـە دەمیـان دەوەرێت. جێپێی قوڕاوییەكانیان لەسـەر ئەرزەكـە دەسـڕین، بەبێ ئـەوەی هیچیـان بەچـاودا بدەیـن. شـەوان لەسـەر تەختەخەوەكـە ڕوویـان لـێ وەرناگێڕیـن. ئەگـەر بەسـەرماندا بقیژێنـن كـە حەمامەكەمـان بـەو جۆرە بـۆ ئامـادە نەكـردوون كـە ویسـتوویانە، یـان ئەگـەر شـێتگیر ببـن و شـتی ناخـۆش بڵێـن: *بیسـت سـاڵە لـە ئەمەریكایت و تاقە شتێک کە دەتوانیت بیڵێیت *Harro*ە؟* ئـەوا ئێمـە زوبانـی خۆمـان دەگریـن و هـەوڵ دەدەیـن تـووڕە نەبیـن. چونكـە بیـر بكـەوە، بزانـە چ دەبـێ ئەگـەر بـۆ سـبەی بەیانـی لەخـەو هەسـتین و ئـەوان لـە ماڵـەوە نەبـن؟ ئـەدی چـۆن خـواردن بـۆ منداڵەكانمـان دابیـن بكەیـن؟ چـۆن كرێـی خانووەكانمـان بدەیـن؟ *سـاتوكو ناچـار بـووە هـەر هەمـوو مۆبلەكانـی بفرۆشـێت.* ئەگـەر مێردەكانمـان بگیرێـن، ئـەدی كـێ نیـوەی شـەو مقەڵـی ئاگـر لـە دەرەوە دادەنـێ، تـا دارمێوەكان لـە زوقمـی نـاكاوی بەهـار بپارێزێت؟ ئـەدی كـێ قولاپـی شـكاوی تەراكتۆرەكـە چـاک دەكاتـەوە؟ كـێ پەیینەكـە تێكـەڵ دەكا؟ كـێ گاسـنەكە پۆلیـش دەكا؟ كـێ

---

* Harro: مەبەست لە (hello)ی ئینگلیزییە، ژاپۆنییەكان ناتوانن پیتی (L) وەک خۆی گۆ بكەن؛ بە (R) گۆی دەكەن. و.ک.

ئاراممان دەکاتەوە، کاتێک کەسێک لە بازاڕ بێئەدەبانە مامەڵەمان دەکا یان لە جادە بە ناوێکی نزم بانگمان دەکات؟ کێ دەمانگرێ و ڕامان دەوەشێنێ، کاتێ پێ بە ئەرزەکەدا دەکوتین و پێیان دەڵێین، کە ئیدی گەییوەتە سەر کەپوومان، کە لە خەیاڵی ئەوەداین جێتان بهێڵین، کە نیازمان وایە سوار یەکەمین کەشتی ببین و بگەڕێینەوە وڵاتەکەمان؟ پێیان بڵێین تاقە هۆکارێک کە ئێوە ئێمەتان کردە هاوسەری خۆتان، ئەوە بوو دەتانویست لە بێستانەکاندا بمانڕەتێنن.

ئێستا ئیدی ئێمە زیاتر و زیاتر خانەگومان دەبین لەوەی کە سیخوڕمان لە ناودایە. وا بڵاو بۆتەوە، مێردەکەی تێروکو سەرکارێکی لە کارگەی سێووشککردنەوە بە گرت داوە، کە جارێک لە جاران پەیوەندییەکی لەگەڵ ژنەکەیدا هەبووە. مێردەکەی فومینو لەلایەن شەریکە دوکانەکەی پێشوویەوە، کە ئێستا نائومێدانە پێویستی بە پارەیە، خەبەری لێ دراوە، گوایە دەسەڵاتی میحوەر بە کرێی گرتووە. (بیستوومانە دەڵێن هەر سیخوڕێک بیستوپێنج دۆلار بۆ لە زمانەوەدانی هەرکەسێک وەردەگرێ). مێردەکەی کونیکو خەبەری لێ دراوە، گوایە ئەندامی (بلاک دراگون سوسایتی)یە و ئەوەشی خەبەری لێ داوە، کەس نییە جگە لە کونیکو خۆی. دەڵێن: خەریک بووە لەبەر عەشیقەکەی، دەسبەرداری ژنەکەی ببێ. هاوسێکانی دەڵێن: ئەدی کابرای کوڕی، مێردەکەی ڕوڕیکو؟ بە نهێنی ئیشی دەکرد. پارەی لە دەوڵەت وەردەگرت، تا چاوێکی لەسەر ئەندامانی پەرستگە لۆکاڵییە بوداییەکە بێت. من خۆم بینیم ناوی سەر تابلۆکانی شوێنی ترومبێلڕاگرتنەکەی یادداشت دەکرد. چەند ڕۆژێک لەوەوبەر، لە چاڵێکی قەراغ ڕێگەکەدا دۆزراوەتەوە، کە خەراپ بیراز کراوە، ڕۆژی دواتر خۆی و خێزانەکەی دیار نەماون. دەرگەی حەوشەی ماڵەکەیان لەسەر پشت بووە، تازەکی پشیلەکانی خۆراک درابوون، قابلەمەیەکی پڕ لە ئاوی گەرم هێشتا

لەسەر تەباخەکە کولاوە. ئیدی ئاوها، ئەوان دیار نەمان. بەڵام دوای چەند ڕۆژێک پروپاگەندە گەییە گوێمان، کە لەکوێ گیرساونەتەوە. دەگوترێ: بەرەو خوار، لای باشوورەوە. بۆ شارەکەی هاوسێمان گواستوویانەتەوە. لە خانوویەکی خۆشدا دەژین و ترومبێلێکی هەر تەواو نفتونۆیان هەیە و سەرچاوەیەکی داراییشیان ئاشکرا نییە.

بەهار دێت. دارباڵامەکان دوایین پەڕی گوڵەکانیان دەوەرێنن و دارگێلاسەکان هەر ئێستا لەوەدان چرۆ بکەن. هەتاو لە میانەی پەلکی دارپرتەقاڵەکانەوە بەخوڕ دەیدا لە زەوی. چۆلەکەکان لەناو گژوگیاکەدا خشوهوڕیانە. ڕۆژ دوای ڕۆژ ژمارەیەکی زیاترمان بێسەروشوێن دەبن. هەوڵ دەدەین خۆمان مەژوڵ بکەین و سوپاسگوزاری شتە گچکەکان بین. بۆ نموونە: سەرلەقاندنێکی میهرەبانانەی جیرانێک؛ دەفرێک برنجی گەرم؛ پسوولەیەکی پارەی لە-کاتی-خۆیدا-دراو؛ خەواندنێکی دڵنیایانەی منداڵەکان. هەموو بەیانییەک لەخەو هەڵدەسین و جلکەکانی ئیش لەبەر دەکەین، دەکێڵین و دەچنین و دەجنین. لە ڕەزەکانماندا گژوگیا بژار دەکەین. کەدووەکان و پۆلکەکانمان ئاو دەدەین. هەفتەی ڕۆژێک، ڕۆژانی هەینی، قژمان شانە دەکەین و بۆ شار، بۆ بازارکردن دەڕۆین، بەڵام کە لەسەر جادە یەکتر دەبینین، چاکوچۆنی لەگەڵ یەکدا ناکەین. ئاخر دەترسین ڕەنگبێ وا بنوێنین شتی نهێنی ئاڵوگۆڕ دەکەین. لە گەڕەکە ژاپۆنینشینەکاندا بەدەگمەن لەدوای خۆرئاوابوون و بە هۆی بڕیاری قەدەغەکردنی هاتووچۆوە، سەردانی یەکدی دەکەین. دوای نوێژ بەنگ نابین. ئێستا هەر کە لەگەڵ کەسێکدا قسە دەکەم، پێویستە لە خۆم بپرسم: ئایا بڵێی ئەمە ئەو کەسە نەبێ، کە لە زمانمەوە دەدا؟ لە بەردەم منداڵە گەنجترەکانمانا ئاگامان لە دەممانە. ئاخر مێردەکەی چیکو لەلایەن کوڕە هەشت ساڵانەکەیەوە لە زمانەوە دراوە. هەندێکمان تەنانەت لە مێردەکانیشمان کەوتووینەتە گومانەوە. دەڵێین: بڵێی شتێکیان

لەبن سەردا نەبێ و ئێمە نەزانین؟

خێرا حەکایەت لەبارەی هەموو ئەو گروپانەوە دەبیستین، کە ڕاپێچ کراون. زیاتر لە سەدا نەوەدی مێردەکانمان لە شارێکی بچووکی کاهووچێنی دۆڵێکەوە بۆ باکوور ڕاگوێزراون. زیاد لە سەد کەس لە مێردەکانمان لە ناوچەکانی بەرگریی دەوروبەری فڕۆکەخانەکان دوور خراونەتەوە. بەرەو خوار لە باشووریش، لە وێرانەئاواییەکی ماسیگران لە کەنار زەریا، هەر هەموو ئەو کەسانەی بە خوێی چێشت پێمان دەگەنەوە، بەبێ چ ئاگادارکردنەوەیەک و لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا کۆ کراونەتەوە و بەکۆمەڵ دەستبەسەر کراون. دەست بەسەر دەفتەری حیساباتەکانیاندا گیراوە. بەلەمی ڕاوە ساردینەکانیان خراونەتە ژێر چاودێرییەوە، تۆڕی ماسیگرتنەکانیان هەلاهەلا کراون و فڕێ دراونەتە ناو زەریا. چونکە ئیخباری کراون، گوایا ئەوانە ماسیگری ڕاستەقینە نین، بەڵکوو ئەفسەری نهێنیین لە ئوستولی ئیمپراتۆریی دوژمندا. دەڵێن: جلکە سەربازییەکانیان کە لە کاغەزی نایلۆنەوە پێچرابوون، لەبنی ئەو سندوقانەدا دۆزراونەتەوە، کە چەشەی ماسیی تێدا بووە.

هەندێکمان دەچین بۆ بازاڕ و بەو خەیاڵەوەی کە وا خەریکە نۆرەمان لە لیستەکەدا دەگاتە سەر کیسەخەو و جانتای سەفەر بۆ منداڵەکانمان دەکڕین. هەندێکی ترمان وەک جاران لە ئیشوکاری خۆمان بەردەوام دەبین و هەوڵ دەدەین پارێزگاری بە ئارامیی خۆمانەوە بکەین. *پێت وا نییە ئووتووکردنی زیاتری ئەم ئێخەیە جوان بێ؟* بە خۆمان دەڵێین: هەرچی دەبێ با ببێ و چ خایلەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی خوداکان نییە. یەکێکمان واز لە قسەکردن دێنێ. یەکێکی ترمان بەیانییەک زوو دەڕوا تا ئاو بداتە ئەسپەکان، خۆی لە کادانەکەدا هەڵدەواسێ. فوبوکی ئەوەندە زەندەقی چووە، کاتێ دواجار فەرمانی ڕاگواستنەکە دێت، هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵدەکێشێ، ئاخر ئیدی چاوەڕوانییەکەی

کۆتایی هاتووە. ناباوەڕانە زەق زەق لە بڕیارەکە دەنۆڕێ و بەبێدەنگی سەر ڕادەوەشێنێ. دەپرسێ: "بەڵام ئاخر چ بەسەر شیلکەکانماندا دێت؟ دیارە سێ هەفتەی تر دەڕنرێن." ماچیکو دەڵێ بەنیاز نییە کۆڵ بدا، تەنها هەر ئەوەندە. "ئاخر تازە گرێبەستی کرێی ڕێستۆرانەکەیان نوێ کردۆتەوە." یومیکو دەڵێ چ ڕێگەچارەیەکی ترمان نییە جگە لەوەی بەو جۆرە بکەین، کە پێمان گوتراوە". دەڵێ: "ئەوە فەرمانی سەرۆکە. ئەدی ئێمە چۆن دەتوانین گومان لە سەرۆک بکەین؟" مێردەکەی تاکیکو دەیەوێ بزانێ زەوی لەوێ چۆنە. چەند ڕۆژمان هەتاو دەبێ؟ چەند ڕۆژمان باران دەبێ؟ کیکو تەنها دەست بەیەکدا دەدا و سەر دادەگرێ و تەماشای بەرپێی خۆی دەکا. بەکاوەخۆ دەڵێ: "هەموو شت تەواو." هارویو دەڵێ بەس نییە لانی کەم لێدەگەڕێن پێکەوە بڕۆین. هیساکو دەڵێ: "ئا، بەڵام چیمان کردووە؟" ئیسنو بە ڕوومەتی خۆیدا دەکێشێ و دەگرێ: "خۆزگە چەند ساڵێک لەمەوبەر لە مێردەکەم جیا ببوومایەتەوە و منداڵەکانم بۆ ژاپۆن بۆ لای دایکم بناردنایەتەوە."

یەکەم جار پێمان دەڵێن بۆ چیامان ڕادەگوێزن، بۆیە ئاگادار بین جلکی گەرم لەبەر بکەین، ئەوێ هەر زۆر زۆر ساردە. ئەوسا دەچین بۆ بازاڕ و دەرپێی خووری درێژی ژێرەوە و یەکەمین پاڵتۆی گەرمی زستانمان دەکڕین. پاشان دەبیستین بەرەو بیابانمان ڕادەگوێزن، کە لەوێ ماری ژەهراویی ڕەشی لێیە و مێشوولەکانی هێندەی زەرنەقووتەیەک دەبن. دەڵێن: لەوێ هیچ پزیشکێک نییە و دەڤەرەکە جمەی دێت لە دز. ئەوسا دەچین بۆ بازاڕ و قوفڵ و پاکەتی ڤیتامینات بۆ منداڵەکانمان دەکڕین، پاکەتی لەفاف و مەرهەم، پلاستەری پزیشکی، ڕۆنگەرچەک، یۆد، ئەسپیرین و لەفافی تۆڕی دەکڕین. دەبیستین دەبێ تەنها جانتایەک شت لەگەڵ خۆماندا ببەین، بۆیە کۆڵەپشت لە قوماش بۆ منداڵە ناوەنجییەکانمان دەدوورین و لەسەر هەریەکەیان ناویان دەچنین.

قەڵـەم و دەفتـەر، فلچـەی ددان، کـراس، زەرفـی کاغـەزی قاوەیـی پڕ لـە برنـج، کە لەبـەر هەتـاو و لەسـەر سینیی تەنەکە وشکمان کردوونەتـەوە، لـە کۆڵەپشـتەکانیان دەنێین. پێیـان دەڵێیـن: "ئەگەر لەیـەک دابڕایـن، ئـەوە تەنها بە شێوەیەکی کاتی دادەبڕێین" پێیان دەڵێین هیچ خەمیان نەبێت. باسی هەموو ئەو شتانەیان بۆ دەکەین، کە کاتێ بۆ ماڵەوە دەگەڕێینەوە، دەیانکەیـن. پێیـان دەڵێیـن کـە گەڕاینـەوە، هەمـوو ئێوارانێـک لـە بـەردەم ڕادیۆکـەدا فراڤین دەکەین. بـۆ سینەمایان لـە ناوەندی شـار دەبەیـن. بۆ سـێرکە دێوەرەکەیـان دەبەیـن و تەماشـای جمکـە پێکەوەلکاوەکـە و ئـەو خانمە دەکەیـن، کـە گچکەتریـن سـەری لـە دونیـادا هەیـە. ئـەو خانمـەی سـەری لـە هەڵوژەیـەک گەورەتـر نییـە!

چرۆی سـەوزی کاڵ لـە ڕەزەکانـدا، لـە پەلکی مێوەکان دەپشکوێن و لـە تـەواوی دۆڵەکـەدا دارقۆخ لەژێـر ئاسمانێکی شـینی ڕوونـدا شـکۆفە دەکا. هـەوری گوڵەخەرتەلـەی کێویلـە لـە گەلییەکانـدا بـە زەردێکـی بریقـەدار پرشـنگ دەدا. کڵاوکـوڕە لـە یاڵـەکان هەڵدەفڕنـە خـوارەوە. لـە شـاری دوور و گوندەکانـدا کـوڕ و کچـە گەورەکانمـان یـەک لـەدوای یـەک واز لـە ئیـش و قوتابخانەکانیـان دێنـن و بـۆ ماڵـەوە دەگەڕێنـەوە. یارمەتیمـان لـە دۆزینـەوەی کەسـانێکدا، کـە بتوانـن لـە گەڕەکـە ژاپۆنییەکانـدا ئاگایـان لـە وشکەشـۆییەکانمان بێـت، دەدەن. یارمەتیمـان دەدەن لـە دۆزینـەوەی کرێگرتـەی نـوێ بـۆ ڕێسـتۆرانەکانمان. یارمەتیمـان دەدەن لـە هەڵواسینی تابلـۆ لـە دوکانەکانماندا کە لێمـان نووسـیون: ئێسـتا بکڕە! پاشـەکەوت بکە! پێویسـتە هـەر هەمـوو شـمەکەکانی ئەمبارەکـە بفرۆشـرێن! بەدڵەکانیـان لەبـەر دەکـەن و بـۆ دواییـن جـار لـە درەو و کۆکردنـەوەی بەروبوومـدا یارمەتیمـان دەدەن، لەبـەر ئـەوەی فەرمانمـان پێ کـراوە تـا دوایین نەفـەس کێڵگەکانمـان بکێڵیـن. پێمـان دەڵێن ئـەوە بەرخۆدانـی ئێمەیـە لـە جەنگەکـەدا. دەرفەتێکـە تـا وەفادارێتـی خۆمـان بسـەلمێنین، ڕێگەیەکـە تـا مێـوە و

سـەوزەوات بـۆ بـەرەی ناوخـۆ دابیـن بکەیـن.

ئاسنەواڵەفرۆشـەکان بەکاوەخـۆ لۆرییەکانیان بەدرێژاییـی جـادە تەسکوتروسکەکانی گەڕەکەکانمانـدا لێدەخـوڕن و بانگهێشـتمان دەکـەن تـا شـمەکەکانمانیان پـێ بفرۆشـین. تەباخێکـی تـازە بـە دە دۆلار، کـە سـاڵی پـار بـە دوو سـەد کڕیومانـە. سـەلاجەیەک بـە پێنـج دۆلار. لەمپایـەک بـە پێنـج سـەنت. دەرودراوسـێکەلێک، کـە قـەت یـەک وشـەمان لەگـەڵ یەکدیـدا نەکـردووە، دێـن بـۆ لامـان بـۆ کێڵگـە و پرسـیارمان لـێ دەکـەن ئاخـۆ هیچمـان نییـە بمانـەوێ فڕێـی بدەیـن. ڕەنگبـێ گاسـنەکەمان؟ ئـەی ئـەو شـەنە؟ ئەو ئەسپی کێڵانـە؟ ئـەو گاسـنە گەورەیـە؟ ئـەو تەلانـی کویـن ئانـێ – ئـەو سـوورەگوڵەی باخچەکانمـان، کـە سـالانێکە چاویـان تـێ بڕیبـوو. خەڵکـی غەریبـە لـە دەرگـەی ماڵەکانمـان دەدەن، پیاوێـک لێمـان دەپرسـێ: "سـەگتان هەیـە؟" ڕوونـی دەکاتـەوە کوڕەکـەی هـەر زۆر حـەز دەکات توولەیەکـی هەبێـت. پیاوێکـی تـر دەڵـێ کـە بـە تاقیتەنیـا لـە ماڵەواگۆنێکـدا لـە نزیـک کارخانـەی کەشتیسـازییەکەدا دەژی و بـە خۆشـحاڵییەوە حـەز دەکا پشـیلەیەک بکڕێـت. دەڵـێ: "هەڵبـەت وەک دەزانـن، تەنیایـی زەحمەتـە." جاروبـار شـتەکانمان خێـرا بـە هەرچەندێـک بـێ، دەفرۆشـین، جـاری تـر هـەرە ئازیزتریـن گوڵـدان و قـۆری چاکانمـان لەدەسـت دەبنـەوە و هـەوڵ دەدەیـن زۆر خەفەتیـان بـۆ نەخۆیـن، لەبـەر ئـەوەی دایکانمـان هەمیشـە ئامۆژگارییـان کردوویـن: بنیـادەم نابـێ ئێجـگار زۆر بـە شـتی ئـەم دونیایـەوە بنووسـێت.

کاتـێ وادەی ڕاپێچکردنمـان نزیـک دەبێتـەوە، دواییـن قەرزەکانمـان دەدەینـەوە و سوپاسـی مشـتەرییە بەوەفاکانمـان دەکەیـن، کـە تـا کۆتایـی پاڵپشـتمان بـوون. سوپاسـی هێنریتـا، ژنەکـەی شـەریف بورکهـارد، کـە هەمـوو هەینییـەک پێنـج بەرچنـە شـیلک لـە مێـزی میوەفرۆشـییەکەمان دەکـڕێ و پەنجـا سەنتیشـمان وەک بەخشـیش دەداتـێ و دەڵـێ: فەرمـوو،

بیگرە و شتێکی جوانی بۆ خۆتان پێ بکڕن. سوپاسی تۆماس دوفی، ئەو خانەنشینە بێوەیە، کە هەموو ڕۆژێک سەعات دوازدە و نیو بۆ دوکانی ماکەڕۆنییەکەمان دێت و دەفرێک مریشک بە برنجی سوورەوەکراوەوە داوا دەکا. سوپاسی بەڕێوەبەرەکە لە لادیس ئاوکیسیلێری کلوب، (ڕۆسالیند ئەندرێس)، کە وشکەشۆییەکەی نەدایە کەسی تر. دەڵێ: هەر زۆر سووک و هاسان چینییەکان لە قەرەی ئەوە نایەن. بەردەوام دەبین لە ئیشکردن لە کێڵگەکانماندا و بەو جۆرە دەکەین، کە هەمیشە دەیکەین، بەڵام هەست ناکەین هیچ شتێک ڕاستەقینە بێت. سندوق بۆ ئەو بەروبوومانە دروست دەکەین، کە چیدی هەرگیز نەماندەڕنین. نقورچ لەو چرۆی مێوانە ناگرین، کە تا دوای ڕۆیشتنی ئێمە ناپشکوێن. زەوییەکەمان نەرم دەکەین و شەتڵی تەماتەکانمانی تێدا دەنێژین و تاوەکوو هاوینێکی درەنگ، کاتێ چیدی ئێمە لێرە نین، پێبگەن. ئێستا ڕۆژەکان درێژ و هەتاوین. شەوەکان فێنکن. ئەمبارەکانی ئاو پڕن. نرخی بەزالیای شیرین بەرزە. گیامارانە لە وەرزی بە هەرمێنی خۆی نزیک دەبێتەوە. شیلک بەسەر پەلکەکانەوەیە و بەو زووانە دارهوڵو لە بێستانەکاندا قورس دەبێ بە بەر. دەڵێین: هەفتەیەکی تر نابا بۆ خۆمان دەوڵەمەند دەبین. ئەگەرچی دەزانین بەو زووانە دەڕۆین، بەڵام بەردەوام ئاوات دەخوازین شتێک ڕوو بدات و نەڕۆین.

ڕەنگبێ کڵێسا بە ناوی ئێمەوە دەخاڵەتێک بکا، یان ژنی سەرۆک، یاخود ڕەنگە بەدحاڵیبوونێکی ترسناک ڕووی دابێ، بەوەی هەر بەڕاستی ئەوە کەسانێکی تر بن، کە بیر لە ڕاگواستنیان کرابێتەوە. یەکێک دەڵێ: "ڕەنگە ئەڵمانەکان بن!" یەکێکی تر دەڵێ: "یان ئیتاڵییەکان!" یەکێکی تریش دەڵێ: "بەڵام ئەی چینییەکان؟" خەڵکێکی ترمان بێدەنگ دەبین و خۆمان بۆ سەفەرەکە ئامادە دەکەین. جواب بۆ مامۆستای منداڵەکانمان دەنێرین و بە ئینگلیزییە سەروگوێلاک-شکاوەکانمان داوای لێبووردنیان

بۆ ئەو دیارنەمانە ناکاو و چاوەڕواننەکراوەی منداڵەکانمان لە قوتابخانە لێ دەکەین. ڕێنومایییگەل بۆ بەکرێگرتەکەی دوای خۆمان دەنووسین و بۆی ڕوون دەکەینەوە، کە چۆن بۆریی شکاوی دووکەڵی سەر ئاگردانەکە چاک بکاتەوە و چ لەگەڵ کونی ساپیتەکەدا بکا. هەر زۆر سووک و هاسان سەتڵێک بەکار بهێنێ. گوڵی لۆتس بۆ بودا لە دەرەوەی پەرستگەکانمان دادەنێین. بۆ دواپین جار سەردانی گۆڕستانەکانمان دەکەین و ئاو دەکەین بە بەردەکێلی گۆڕی ئەو کەسانەدا، کە ئەم دونیایەیان جێ هێشتوون. گۆڕی تێتساو، کوڕە گەنجەکەی یوهایی، کە گایەکی هار بە قۆچ کوشتی. گۆڕی کچی چایچییەکەی خەڵکی یوکوهاما، کە بەحاڵ ناوەکەیمان بیر دێتەوە. پێنج ڕۆژ دوای ئەوەی لە کەشتییەکە دابەزی، بە پەتای ئیسپانیایی مرد. بۆ دواپین جار لەگەڵ مێردەکانماندا، کە دان بە خۆیاندا ناگرن و دواپین گژوگیا هەڵدەکێشن، بە ڕیزەمێوەکانماندا دێین. پەلکە شۆڕەوەبووەکان بە داربایامەکانەوە ڕاگیر دەکەین. کرم لە کێڵگەی کاهووەکانماندا دەدزۆینەوە و بە دەست دەیانکەین بەژێر ئەرزە ڕەشە تازەکی نەرمکراوەکەوە. بە دواپین جلک لە جلکشۆرییەکانماندا ڕادەگەین، هەموو دەریچەی دوکانەکانمان دادەخەین، ئەرزەکانمان گسک دەدەین، جانتاکانمان دەپێچینەوە، منداڵەکانمان کۆ دەکەینەوە و لە هەموو گوندێک و لە هەموو دۆڵێک و هەموو شارێکەوە، بەدرێژاییی کەنار، بەڕێ دەکەوین.

گەڵای درەختەکان هێشتا هەر لەبەر بادا دەلەرنەوە. ڕووبارەکان هێشتا هەر خوڕەیان دێ. مێرووەکان وەک جاران لە گژوگیاکەدا دەسووڕێنەوە. قەلەڕەشەکان دەقاژێنن، ئاسمان دانارمێ. سەرۆک ڕای خۆی ناگۆڕێ. مریشکە ڕەشە لەبەردڵانەکەی میتسوکو یەک جار دەگارێنێ و هێلکەیەکی گەرم و قاوەیی دەکا. هەڵوژەیەکی سەوز پێشوەخت لە درەختێکەوە دەکەوێتە خوارەوە. سەگەکەنمان تۆپەکان بە

دەمیانەوە، ڕادەکەن و تامەزرۆی دوایین تۆپهەڵدانن، ئێمەش بۆ یەکەمین جار ناچار دەبین دەریان بکەین. دەڵێین: *دەی بۆ ماڵەوە!* دەرودراوسێ لە پەنجەرەکانیانەوە بە سەرەتاتکێوە تەماشامان دەکەن. ترومبێلەکان هۆڕنمان بۆ لێدەدەن. ڕێبواران زەق زەق تەماشامان دەکەن. کوڕێک بەسەر پاسکیلەوە دەستیمان بۆ ڕادەوەشێنێ. کاتێ تالانکەران لە دەرگەی حەوشەوە خۆیان بە ژووردا دەکەن، پشیلەیەکی زەندەقچوو لەژێر سیسەمی ماڵێکمانەوە فرتە دەکا. پەردەکان دەدڕێندرێن. شووشە و پەرداخ دەشکێندرێن. کاسەی بوکێنی فڕێ دەدرێتە سەر ئەرزەکە. ئێمەش دەزانین کە ئەوە سەرەتایە و ئیدی لەوەبەدوا سەرلەبەری شتەکانمان دیار نامێنن.

# دوایین ڕۆژ

هەندێکمان کە ڕاپێچ دەکرێین، دەگرین و هەندێکی ترمان گۆرانی دەڵێین. یەکێکمان دەست دەنێتە سەر زاری و قاقایەکی هیستریایانە لێدەدا. تاقمێکمان بەسەرخۆشی بەڕێ دەکەوین. تاقمێکی ترمان بەبێدەنگی و بە سەرێکی نەوی و شەرمەزار و خەجاڵەتبار بەڕێ دەکەوین. پیرەمێردێکی خەڵکی گیلوری لەسەر دەستەبەرەیەک بەڕێ دەکەوێ. پیرەمێردێکی تر – مێردی ناتسوکو، کە سەرتاشێکی خانەنشینی خەڵکی فلورینە – بە کڵاوێکی جەنگاوەرانی دێرینی ئەمەریکاییەوە بەڕێ دەکەوێ، کە تەواو بە سەریدا دایداوەتەوە و دەڵێ: "کەس لە جەنگدا نایباتەوە. هەر هەموو دەدۆڕێن." کە بەڕێ دەکەوین، زۆربەمان تەنها بە ئینگلیزی قسە دەکەین، تا ئەو حەشاماتە نەورووژێنین، کە کۆ بوونەتەوە و تەماشامان دەکەن. زۆربەمان هەموو شتمان لەدەست داون و بەبێ ئەوەی هەر هیچ بڵێین، بەڕێ دەکەوین. هەموومان بەو کاغەزی ناسینەوە سپیانەوە ڕاپێچ دەکرێین، کە بە ملیوانە و بەرۆکی پاڵتۆکانمانەوە کراون. ساوایەکی تازە لەدایکبووی خەڵکی سان لیاندرو، خەواڵوو و بە چاوانێکی نیوەلێکێندراوەوە، لە زەمیلەیەکی-بە-پەلکی داربی-چنراودا و بە ڕاژەنینەوە، بەڕێ دەکەوێ. دایکی ساواکە – نائومی، کچە گەورەکەی شیزوما – زەندەقچوو، بەڵام شیک و ڕێکپۆش، بە تەنوورەیەکی خوری و پێڵاوی ڕەشی پاژنەبەرزی چەرمی تیمساحەوە بەڕێ دەکەوێ و

لیکدالیکداش پرسیار دەکا: "ئەرێ پێتان وایە لەوێ شیر هەبێت؟" کوڕێکی خەڵکی ئۆکسنارد، بە پانتۆڵی کورتەوە و بەو خەیاڵەوە بەڕێ دەکەوێ، کە ئاخۆ بڵێی لەوێ جۆلانە هەبێت. هەندێکمان بەهەرە جوانترین جلکەکانمانەوە ڕاپێچ دەکرێین، هەندێکی ترمان بەو تاقە جلکانەوە کە هەمانە، ڕاپێچ دەکرێین. ژنێک بە فەرووی ڕێوییەوە بەڕێ دەکەوێ. خەڵک بە چرپە دەڵێن: ئەوە ژنی *پادشای کاهووە*. پیاوێک بە پێی پەتی بەڵام بە سەر و ڕیشی تاشراوەوە بەڕێ دەکەوێ و هەموو شتەکانی بەجوانی لە پارچەقوماشێکی سپییەوە دەپێچێ: تەسبیحێکی بودایی، کراسێکی پاک، دوو زاری بەخت، جووتێک گۆرەوی تازەکە دەکرێ کاتێ وەزع باش دەبێ ،لەپێی بکا. پیاوێکی خەڵکی سانتا باربارا بە جانتایەکی سەفەری چەرمی قاوەییەوە بەڕێ دەکەوێ، کە کاغەزی چەسپی بریسکەداری پێوە لکێندراوە و لێی نووسراوە: *پاریس* و *لەندەن* و *هۆتێل میترۆپۆل* و *بایروس*. ژنەکەی سێ هەنگاو لەدوایەوە دەڕوا و تەختەیەکی جلکشۆری و کتێبێکی ئەتەکێتی ئیمیلی پۆست، کە لە کتێبخانە خواستوویەتی، هەڵگرتووە. دەڵێ: تا هەفتەی داهاتوو کات بۆ بردنەوەی ماوە. خێزانگەلێکی خەڵکی ئۆئەکلاند بە گونییەی تۆکمەوە بەڕێ دەکەون، کە ڕۆژێک پێشتر لە (مۆنتگوامەری وارد) کڕیویانە. خێزانگەلێکی خەڵکی فریسنو بە کارتۆنی هەڵاوساوی مقەباوە بەڕێ دەکەون. (تاناکا)ی ژن و مێردی خەڵکی گاردێنا بەبێ ئەوەی کرێی خانووەکەیان بدەن، بەڕێ دەکەون. تاناکای ژن و مێرد، خەڵکی دیلانۆ، بەبێ ئەوەی باجەکەیان بدەن، بەڕێ دەکەون. کوبایاشی ژن و مێرد، خەڵکی بیولا، دوای ئەوەی تەباخەکەیان بە ئاوی پاک دەشۆن و زەویی ڕێستورانەکەیان بە فڵچە و ئاوی لەکوڵ دەسڕن، بەڕێ دەکەون. سوزوکی ژن و مێرد، خەڵکی لومپوک، توپەڵێکی بچووک خوێ لە بەردەرگەی حەوشەکەیاندا دادەنێن، تا ماڵەکەیان پاک بێت. (نیشیموتو)

ی ژن و مێرد، خەڵکی سان کارلوس، چەند دەفرێکی پڕ لە میوەی تازەی بێستانەکەیان لەسەر مێزی موبەقەکەیان بۆ ئەو کەسانە دادەنێن، کە دوای ئەمان بۆ ماڵەکە دەگوێزنەوە. ئیگاراشی ژن و مێرد، خەڵکی پریستون، لە دواپین لەحزەدا خۆیان کۆ دەکەنەوە و کە بەڕێ دەکەون، تێکەڵپێکەڵییەک لەدوای خۆیانەوە جێ دێڵن. زوربەی زۆرمان بەپەلە ڕاپێچ دەکرێین. زوربەمان بە شپرزەیی ڕاپێچ دەکرێین. هەندێکمان بە قێزلێهاتنەوەوە ڕاپێچ دەکرێین و چ ئارەزوویەکمان نابێ، کە قەت بگەڕێینەوە. یەکێکمان دوورگەی ڕۆبێرت لە دێلتا بە نوسخەیەک ئینجیلەوە جێ دێڵێ، کە توند توند بە خۆیەوە نووساندوویەتی و لەبەر خۆیەوە دەڵێ: *"ساکورا، ساکورا"* یەکێکمان کە خەڵکی شارە گەورەکەیە، بە یەکەمین پانتۆڵە درێژەکەیەوە بەڕێ دەکەوێ. دەڵێ: *دەڵێن گوایە لەوێ جێگە بۆ جلک نییە*. یەکێکمان دوای ئەوەی بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا قژی لە سالۆنی (تالک ئۆف زە تاون) دەبڕێ، بەڕێ دەکەوێ. دەڵێ: *ئەمە شتێکە، کە هەمیشە ویستوومە بیکەم*. یەکێکمان مەرەزەیەک لە ویلوس، بە موفەڕکێکی بودایییەوە لە گیرفانیدا جێ دێڵێ و هاوکاتیش بە هەمووان ڕادەگەیەنێ: دواجار هەموو شت دەچێتەوە شوێنی خۆی. دەڵێ: "خوداکان چاویان لێمان دەبێ." مێردەکەی بە جلکی قوڕاوییی ئیشەوە و لە کاتێکدا هەموو پارەی پاشەکەوتەکەیان دەپەستێنێتە نووکی جزمەکەیەوە، بەڕێ دەکەوێ و دەڵێ: "پەنجا سەنت!" وا دەڵێ و چاو دادەگرێ و زەردەخەنەی دێتێ. هەندێکمان بەبێ مێردەکانمان ڕاپێچ دەکرێین، چونکە ئەوان لە یەکەمین هەفتەکانی هەڵایسانی جەنگدا دەسگیر کراون. زوربەمان بەبێ منداڵەکانمان ڕاپێچ دەکرێین، کە ساڵانێک لەوەوبەر بۆ دوورمان هەناردبوون. *داوام لە دایک و باوکم کردووە چاویان لە دوو نوبەرەکەم بێت، تا بتوانم کاتی تەواو بدەمە کێڵگەکەم*. یەکێکمان وا دەڵێ. پیاوێک، (ئیست فێرست ستریت) لە لۆس

ئەنجلس بە سندوقێکی سپیی داری پڕ لە خۆڵەمیشی ژنەکەیەوە جێ دێڵێ، کە بە پەتێکی ئاوریشم کردوویەتیە ملی. دەڵێ: *بەدرێژاییی ڕۆژ قسەی لەگەڵ دەکا.* پیاوێک بە قووتوویەک شووکولاتەوە هایوارد جێ دێڵێ، کە لەو ژنومێردە چینییە وەری گرتبوو، کە دەستیان بەسەر گرێبەستی دوکانەکەیدا گرتووە. پیاوێک ڕەزێک لە دینوبا بە قۆچێک لە لاکەلەکەی (ئال پیترۆسیان)ی دراوسێیدا جێ دێڵێ، کە کرێی گاسنەکەی نەدابوویێ. دەڵێ: پیاو نابێ قەت متمانە بە ئەرمەن بکا. پیاوێک لەرزان و دەستبەتاڵ و بە قیژەقیژەوە، ساکرامینتو جێ دێڵێ و دەڵێ: "هەر هەموو شتەکان هی ئێوەن!" ئاسایو – جوانترینەکەمان – کە نیو ڕانچ لە (ڕێدوود) جێ دێڵێ، هەمان ئەو جانتایەی پێیە، کە لە داری خورمای هیندی دروست کراوە و پێش بیستوسێ ساڵ کاتێ بە کەشتییەکە دەگاتە ئێرە، پێی بووە. دەڵێ: هێشتا تازە و نفتونۆ دەنوێنێ. یاسوکو باڵەخانەکەی لە لۆنگ بەیچ بە نامەیەک لە پیاوێکەوە جێ دێڵێ، کە نامەی مێردەکەی نابێ، نامەکەی جوان جوان لەنێو شووشەیەک پۆدرەی بنی جانتا دەستییەکەیدا قەد کردووە. ماسایو ڕاپێچ دەکرێ، دوای ئەوەی خواحافیزی لە ماسامیچی کوڕی لە خەستەخانەی سان برونو دەکا، کە لەوێ لە کۆتاییی هەفتەدا بە نەخۆشیی گوێرەپە دەمرێ. هاناکو بە ترس و کۆکەکۆکەوە ڕاپێچ دەکرێ، بەڵام تاقە شتێک کە هەیەتی، هەڵامەتێکە. ماتسوکو بە ژانەسەرەوە ڕاپێچ دەکرێ. توشیکو بە لەرزوتاوە ڕاپێچ دەکرێ. شیکی بە خەوێکی قووڵەوە ڕاپێچ دەکرێ. میتسویو بە دڵتێکهەڵاتن و دووگیانبوونێکی ناچاوەڕوانکراوی یەکەم جاری ژیانییەوە، لە تەمەنی چلوهەشت ساڵیدا ڕاپێچ دەکرێ. نوبویێ ڕاپێچ دەکرێ و بیر لەوە دەکاتەوە، ئاخۆ هەمان ئەو بەیانییە دوای ئوتووکردنی چرچی بلووسەکەی، پلاکی ئوتووەکەی لە سویچەکە دەر هێناوە یان نا. بە مێردەکەی دەڵێ: *"من دەبێ بگەڕێمەوە!"* مێردەکەشی

بەبێ ئەوەی چ وەڵامێک بداتەوە، زەق زەق لەپێش خۆی دەنۆڕێ. تورا بە نەخۆشییەک لە ئەندامی زاووزێیدا ڕاپێچ دەکرێ، کە دوایین شەو لە ویلکەم هۆتێل گیرۆدەی بووە. ساچیکو بە سەعیکردن لە ئەی بی سی دییەکەیدا ڕاپێچ دەکرێ، وەک بڵێی ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی هەر تەواو ئاسایی بێت. فوتایێ، کە لەناوماندا باشترین کەسە خاوەن ئەمباری وشەسازی بێت، لاڵوپات و بە زوبانێکی بەستراوەوە ڕاپێچ دەکرێ. ئاتسوکو دوای ئەوەی خوداحافیزی لە درەخت بە درەختی بێستانەکەی دەکا، بە دڵێکی شکاوەوە ڕاپێچ دەکرێ. دەڵێ: *بە قەڵەم ڕواندوومن.* میۆشی بەدەم بیرکردنی ڕیو، ئەسپە گەورەکەیەوە ڕاپێچ دەکرێ. ساتسویو بەدەم چاوگێڕان بۆ دراوسێکانییەوە، بوب و فلورێنس ئێلدرەیگەوە ڕاپێچ دەکرێ، کە گفتیان داوە بێن و خواحافیزیی لێ بکەن. تسوگینو بە ویژدانێکی ئاسوودەوە ڕاپێچ دەکرێ، دوای ئەوەی بەسەر چاڵاوێکدا و بە هاوارهاوار دان بە نهێنییەکی دزێو و لە مێژەپارێزراودا دەنێ: من خۆم دەمی ساواکەم پڕ کردووە لە خۆڵەمێش و خنکاندوومە. کیونو کێڵگەکەی بەو قەناعەتەوە جێ دێڵێ، کە ئەمە سزای گوناهێکە لە ژیانێکی پێشوویدا کردوویەتی. دەڵێ: هەبێ و نەبێ لاقم بە جاڵجاڵۆکەیەکدا ناوە. سێتسوکو دوای ئەوەی هەر هەموو مریشکەکانی لە حەوشەی دواوە دەکوژێ، ماڵەکەی لە گریدلی جێ دێڵێ. چییا، گلێندال جێدێڵێ و هێشتا لە پرسەی (میسوزو)ی کچەگەورەیدایە، کە پێنج ساڵ لەوەوبەر خۆی فڕێ دابووە بن ترێنێک. سوتیکو، کە خۆی هیچ منداڵی نییە، بەو هەستەوە ڕاپێچ دەکرێ، کە ژیانی بە جۆرێک لە جۆرەکان تێپەڕیوە. شیزویو ئەمباری ژمارە ٨ لە ویب ئیسلاند بە گۆرانی گوتنەوە جێ دێڵێ، سوترایەک دەچڕێ، کە سیوچوار ساڵە بیری نەکەوتۆتەوە، کەچی هەمان ئەو ڕۆژە کەوتبووە سەر زاری. دەڵێ: باوکم بەردەوام هەموو بەیانییەک لەبەر ئەڵتارەکەدا دەیچڕی. کاتسونو دوکانی جلکشۆریی

مێردەکەی لە سان دیگو بە بلمەبلمەوە جێ دێڵێ و دەڵێ: "بێزەحمەت کەس دەتوانێ خەبەرم بکاتەوە." فومیکو لە پانسیۆنێکەوە لە کوارتلاند ڕاپێچ دەکرێ و داوای لێبووردن لە خەڵک بۆ هەر زەحمەتێک دەکا، کە خستبێتییە بەریان. مێردەکەی ڕاپێچ دەکرێ و تکای لێ دەکا کە بێ بەڕێوە و دەمی داخا. میسیو نازدارانە و بەبێ چ کینەیەک بەرامبەر هیچ کەسێک، ڕاپێچ دەکرێ. چیوکو کە هەمیشە تکامان لێ دەکا بە چارلوت بانگی بکەین، کە ڕاپێچ دەکرێ تکامان لێ دەکا کە لەمەولا بە چیوکو بانگی بکەین. دەڵێ: *من بۆ دواجار ڕای خۆم گۆڕی.* ئیۆ بە کاتژمێرێکی خەبەرکەرەوەوە ڕاپێچ دەکرێ، کە لە جێگەیەک لەناو جانتای سەفەرەکەیدا زەنگ لێدەدا، بەڵام ڕاناوەستێ بیکوژێنێتەوە. کیمیکو جانتا دەستییەکەی لەسەر مێزی موبەق لەبیر دەچێ، بەڵام تا زۆر درەنگ نەکا، پێی نازانێ. هاروکوو پەیکەرێکی بچووکی دەمبەخەندەی بودا لە کانزای زەرد، لە سەرەوە لە قوژبنێکی هەورەبانەکەدا جێ دێڵێ، کە تا ئەمڕۆ بودا هەر لەوێ دانیشتووە و هەر دەخەنێ. تاکاکو کیسەیەک برنج لەژێر تەختەی ئەرزیی ژووری موبەقەکەدا جێ دێڵێ، تا خێزانەکەی کە دەگەڕێنەوە، شتێکیان بۆ خواردن هەبێ. میسیایو جووتێک سۆڵی تەختەیی لە هەیوان جێ دێڵێ، تا وا دیار بێت هێشتا کەسێک لە ماڵەوەیە. ڕوکوو ئاوێنە زیوەکەی دایکی لای دراوسێکەیان، لویس هاستینگ جێ دێڵێ، کە گفتی داوە تا دێتەوە، بۆی بپارێزێت. گوتبووی: بەهەر شێوەیەک بتوانم، پارمەتیت دەدەم. ماتسویو بەو ملوانکە مرواریییەوە ڕاپێچ دەکرێ، کە (میسز بونتینگ)ی خانەخوێی پێی داوە، ماتسویو ماڵەکەی ئەوی لە واشنتون بۆ ماوەی بیستویەک ساڵی ڕەبەق بریقە لێ دەهێنا. دەڵێ: نیوەی ژیانم. سومیکو بە زەرفێکەوە ڕاپێچ دەکرێ، کە پڕە لە پارەی نەخت و (میستەر هاوێل)ی مێردی دووەمی، کە خەڵکی مونتیکتویە، پێی داوە. ئەو تازەکی سومیکوی

ئاگادار کردووە، ناتوانێ لە سەفەرەکەدا لەگەڵی بێت، سومیکوش ئەڵقەکەی بۆ گەڕاندۆتەوە. چیونو بە داڵغەی (جیرو)ی برابچووکییەوە کولما جێ دێڵێ، کە هاوینی ساڵی ١٩٠٩ بۆ تاراوگەی گەڕەکان لە دوورگەی ئۆشیما هەنێردراوە. دەڵێ: چیدی باسیمان نەدەکرد. ئایومی بەو خایلەیەوە ئەدینڤیل جێ دێڵێ، کە ئاخۆ بیری نەچووە کراسی سووری بەختەکەی بخاتە جانتاکەیەوە. دەڵێ: بەبێ ئەو کراسە، خۆم نیم. ناگاکو پڕ لە ئازاری قووڵی ویژدان بۆ هەموو ئەو شتانەی کە کردوونی، ئێل کیریتو جێ دێڵێ. دەڵێ: حەزم دەکرد بۆ دواجار سەردانی گوندەکەمانم کردبا و بخواردم لەسەر گۆڕی باوکم داگیرساندبا. (ئیڤیلین)ی کچی، بە تکالیکردنییەوە ڕاپێچ دەکرێ و دەڵێ: "دایکە، خێراکە، خێراکە، ئێمە درەنگ کەوتین." ژنێکی نائاساییانە جوان، کە هیچکام لە ئێمە نەیبینیوە، درەوشاوە و سەرلێشێواو ڕاپێچ دەکرێ، خەڵک دەڵێن مێردەکەی لە ژێرزەمینەکەیدا زیندانیی کردووە، تا هیچ پیاوێکی تر ڕووخساری نەبینێت. پیاوێکی خەڵکی سان ماتیو، بە سێتێکی گۆڵف و کارتۆنێک ویسکی (ئۆڵد پار)ەوە ڕاپێچ دەکرێ. کەسێک دەڵێ: بیستوومە ئەو پیاوە جاران خزمەتکاری شەخسیی چارلی چاپلن بووە. پیاوێک لە توێژی قەشان – قەشە شیباتا لە فێرست باپتیست چورچ – ڕاپێچ دەکرێ و بە پەرۆشەوە تکا لە هەمووان دەکا، کە ببوورن و لەبیر بکەن. پیاوێک، کاندای ئاشپەز - خەڵکی یابو نودیل- لە چاکەت و پانتۆڵێکی قاوەییی بریقەداردا، ڕاپێچ دەکرێ و بەپەرۆشەوە تکا لە قەشە شیباتا دەکا، دەمی داخا. پاڵەوانێکی نەتەوەییی خەڵکی (پیسموبیچ) لە ماسیگریدا، بە ئازیزترین قولاپی لە-خەیزەران-دروستکراو و کتێبێکی شیعرەکانی (ڕوبێرت فروست)ەوە ڕاپێچ دەکرێ. دەڵێ: *هەر بەڕاستی ئەمە ئەوشتانەن، کە پێویستمن.* گروپێک قارەمانی (بریج)ی خەڵکی مونتێرەری، بە زەردەخەنە و پارەی هەڵاوساوی

نەختینەوە ڕاپێچ دەکرێن. خێزانێکی زەوی بەکرێگرتەی خەڵکی پاجارو، بەو خەیاڵەوە ڕاپێچ دەکرێن، ئاخۆ قەت دەتوانن جارێکی تر دۆڵەکەیان ببیننەوە. ڕەبەنانێکی بەتەمەنی بەهەتاو سووتاو، ڕاپێچ دەکرێن و لە یەک کاتدا خەڵکی هەموو شوێنێک و هیچ کوێش نین، سالانێکی زۆرە هاودەمی وەرزەکانی درەون. باخەوانێکی خەڵکی سانتا ماریا بە قەڵەمێکی گوڵەڕۆدەندۆری باغی خانەخوێیەکەی و گیرفانی پڕ لە تۆوەوە ڕاپێچ دەکرێ. دوکاندارێکی شمەکی بژێویی خەڵکی ئۆسیانساید، بە چەکێکی بێبەهای بانقەوە ڕاپێچ دەکرێ، کە شۆفێری لۆرییەک پێی داوە و پێشنیاری بۆ کردووە هەموو شمەکەکانی دوکانەکەی لێ بکڕێ. خاوەن دەرمانخانەیەکی خەڵکی ستۆکتۆن کاتێ ڕاپێچ دەکرێ پارەی دوو ساڵونیوی بیمەی ژیانی داوە. مریشک بەخێوکەرێکی خەڵکی پیتالوما بەو قەناعەتەوە ڕاپێچ دەکرێ، کە هەر هەمووومان لە ماوەی سێ مانگدا دەگەڕێینەوە. پیرێژنێکی جوانپۆشی خەڵکی بوربانک، لووتبەرز و جانانە و بە سەرێکی بەرزەوە ڕاپێچ دەکرێ. یەکێک دەڵێ: "خۆی بە کچی ڤیسکونت ئوداس ناگۆڕێتەوە!" یەکێکی تر دەڵێ: "خۆی بە ژنی پیکولون گوتو دەزانێ!" پیاوێک تازەکی لە سان کوینتین ئازاد کراوە و بەو قەرزانەوە ڕاپێچ دەکرێ، کە لە نیوەی دوکاندارانی شاری کردوون. دەڵێ: "ئیدی کاتی ئەوەیە جێی بهێڵین" کچانێکی کۆلێژ - کچە گەورەکانمان - بە قاپووتی ڕەشی گاباردینەوە ڕاپێچ دەکرێن و ئالای ئەمەریکایان بە بلوسەکانیانەوە لکاندووە و کلیلی (فای بیتە کاپا)، بە زنجیری ئاڵتوونەوە، بە ملیانەوە دەلەرێتەوە. پیاوانی گەنجی بۆشناخ - کوڕە گەورەکانمان - بە پانتۆڵی تازە ئووتووکراوی خاکییەوە ڕاپێچ دەکرێن و بە هەراهەراوە گۆرانیی بەرخۆدانەکەی (بێرکلی) دەچڕن و وتوویژ لەبارەی پێشبڕکێ گەورەکانی ساڵی ئاییندەوە دەکەن. تازە ژن و مێردێک بە کڵاوی سکیسوارییەوە، قۆڵەقۆڵی یەکدیدا ڕاپێچ دەکرێن

و هیچ وا پێناچێ سەرنجی کەسی تر بدەن. ژن و مێردێکی بەتەمەنی خەڵکی مانتیکو، بە سەرقاڵبوونی هەمان ئەو شەڕ و هەرایەوە ڕاپێچ دەکرێن، کە هەر لە یەکەمین ڕۆژی ئاشنابوونیانەوە لەنێوانیاندا هەڵایساوە. بە یەکتر دەڵێن: *ئەگەر جارێکی تر قسەی وا بکەیت...* پیرەمێردێکی خەڵکی ئالمێدا لە جلکی سوپای ڕزگاریدا، بەدەم ڕاپێچکردنییەوە هاوار دەکا: "خودا خۆشەویستییە! خودا خۆشەویستییە!" پیاوێکی خەڵکی یوبا سیتی لەگەڵ ئیلیانۆری کچە نیوەئایرلەندابییەکەیدا ڕاپێچ دەکرێ، کە هەمان ئەو بەیانییە لەلایەن ژنێکەوە درایەوە بەسەریدا، کە دەمێکە دەسبەرداری بووە. دەڵێن گوایە تا هەفتەیەک لەمەوبەر هەر نەشیزانیوە ماوە یان مردووە. زەمین بەکرێگرتەگەلێکی خەڵکی ودلاند بەدەم ڕاپێچکردنییەوە و دوای ئەوەی دوایین بەشی بەروبوومەکەشیان درەو کردووە، ئاوازێکی جاز بە فیکە دەژەنن. بێوەژنێکی خەڵکی کوڤینا ڕاپێچ دەکرێ، دوای ئەوەی وەکالەتێکی بۆ دکتۆرێکی میهرەبان کردۆتەوە، کە پێشنیاری بۆ کردووە خانووەکەی بەکرێ بگرێ. دەڵێ: *پێم وایە هەڵەیەکی گەورەم کردووە.* ژنێکی گەنجی خەڵکی سان جۆیس بە چەپکێک گوڵەوە ڕاپێچ دەکرێ، کە لەلایەن کەسێکی نەناسراوی گەڕەکەوە بۆی هەنێردراوە، کە هەمیشە لە دوورەوە پێی سەرسام بووە. منداڵگەلێکی خەڵکی سالینا بە چەپکەگژوگیاوە ڕاپێچ دەکرێن، کە هەمان ئەو بەیانییە لە باخچەکانیان دەریان کێشاوە. منداڵگەلێکی خەڵکی سان بێنیتو و ناپا، بە لەبەرکردنی چەند دەستێک جلکەوە ڕاپێچ دەکرێن، بۆ ئەوەی هێندەی دەکرێ جلکی زۆر لەگەڵ خۆیاندا ببەن. کچێکی خەڵکی کێڵگەیەکی چوالە لە ئواکدال، بە شەرم و ترس و سەرێکی نووساو بە تەنوورەکەی دایکییەوە ڕاپێچ دەکرێ، لەبەر ئەوەی لە هەر هەموو ژیانیدا ئەوەندە خەڵکی زۆری نەبینیوە. سێ کوڕی بچکۆلەی خانەی منداڵانەکەی سان فرانسیسکۆ، بە

چاوەڕوانییەکی زۆرەوە بۆ یەکەمین سەفەریان بە قەتار، ڕاپێچ دەکرێن. کوڕێکی تەمەن هەشت سالانی خەڵکی پلاسیرڤیل، بە بوخچەیەکی بچووکی جلکەوە ڕاپێچ دەکرێ، کە دایەنەکەی، میسز لوهرمان، بۆی پێچابۆوە و هاوکاتیش پێی گوتووە دەبێ لە کۆتاییی هەفتەدا بگەڕێتەوە. گوتوویەتی: *ئێستا بڕۆ بە سەلامەت*. کوڕێکی خەڵکی لیمون کۆڤ کە ڕاپێچ دەکرێ، توند بەپشتی خوشکە گەورەکەیەوە دەنووسێ. خوشکەکەی دەڵێ: *تەنها بەو شێوەیە توانیومە لە ماڵ بیهێنمە دەرەوە.* کچێکی خەڵکی کێرنڤیل بە جانتایەکی بچووکەوە لە مقەبا ڕاپێچ دەکرێ، کە تژییە لە نوقڵ و یاری. کچێکی خەڵکی هابەر بە تەپەپێکردنی تۆپێکی سووری لاستیکەوە ڕاپێچ دەکرێ. سێ خوشکی خەڵکی سەلما – کچانی ماتسوموتو – ڕاپێچ دەکرێن و وەک جاران شەڕ و هەرای گەورەیانە لەسەر باوکیان و لاچاوی یەکێکیشیان شین بووەتەوە. دوو کوڕی جمکی خەڵکی لیڤینگتن کە ڕاپێچ دەکرێن، ئەگەرچی هیچ عەیبێکیشیان نییە، قۆڵبەستی سپییان کردووەتە باڵی ڕاستیان، دایکیان دەڵێ: چەند ڕۆژێکە بەستوویانە. شەش برای کێڵگەیەکی شیلک لە دومینگیوز، بە جزمەی عەسابەوە ڕاپێچ دەکرێن، تا مار پێیانەوە نەدا. یەکێکیان دەڵێ: "ئاخر ئێمە بۆ ناوچە کێوییەکان دەڕۆین." منداڵگەلێک بەو خەیاڵەوە ڕاپێچ دەکرێن، کە بۆ سەیران و چادرهەڵدان دەچن. منداڵگەلێک بەو قەناعەتەوە ڕاپێچ دەکرێن، کە بۆ پیاسە یان بۆ سێرک یاخود بۆ کەنار زەریا دەچن و ڕۆژێکی تەواو مەلە دەکەن. کوڕێک بە کەوشی چەرخدارەوە ڕاپێچ دەکرێ، کە بیری دەکردەوە مادامەکی هێشتا لەسەر جادەی قیرن، ئیدی هیچ بەلایەوە گرینگ نییە بۆ کوێ دەڕۆن. منداڵگەلێک مانگێک بەر لەوەی بڕوانامەی ئامادەیی وەربگرن، ڕاپێچ دەکرێن. یەکێکیان دەڵێ: من لە ستانفورد دەست بە خوێندنی زانکۆ دەکەم. کچێک بەو زانیارییەوە ڕاپێچ دەکرێ، کە لە ئامادەییی

گالیکسیکو بە قوتابی شەرەف دەر دەچێت. منداڵگەلێک ڕاپێچ دەکرێن و هێشتا بیریان لای دەسیماڵ و بەشگەلە. منداڵگەلێکی پۆلی هەشتە ئینگلیزییەکەی میسز کروزیر لە ئیسکوندیدو، بە ئاسوودەخەیاڵی ئەوەوە ڕاپێچ دەکرێن، کە هەفتەی داهاتوو تاقیکردنەوە گەورەکە نادەن. یەکێکیان دەڵێ: سەعیم تیا نەکردووە. کوڕێکی خەڵکی هولیستەر بە پەڕێکی سپی لە گیرفان و کتێبێکەوە لەبارەی باڵندەکانی ئەمەریکای باکوورەوە ڕاپێچ دەکرێ، کە دوایین ڕۆژ هاوپۆلەکانی پێیان داوە. کوڕێکی خەڵکی بایرون بە سەتڵێکی تەنەکەی پڕ لە خۆڵەوە ڕاپێچ دەکرێ. کچێکی خەڵکی ئوپلاند بە بوکەپەڕۆیینەیەکی مرمۆچەوە ڕاپێچ دەکرێ، کە قۆبچەی ڕەش لای چاوییەوەیەتی. کچێکی خەڵکی کاروتهایر بەدەم پەتپەتێنەوە ڕاپێچ دەکرێ و پەتەکەی دانانێ. کوڕێکی خەڵکی میلپیتا، لێوانلێو لە نیگەرانی بۆ فرانک، بۆ کەڵەشێرە ماڵییەکەی ڕاپێچ دەکرێ، کە لای دراوسێکەیانی داناوە، لە خەڵک دەپرسێ: *بڵێی نەیخۆن؟* کوڕێکی خەڵکی ئۆسیان پارک بەو قروسکە بەسۆیانەی (چیپ)ی سەگیەوە ڕاپێچ دەکرێ، کە هێشتا لە گوێیدا دەزرینگێتەوە. کوڕێکی خەڵکی مۆنتەیەن ڤیو لە جلکی (بەچکەگورگ)دا ڕاپێچ دەکرێ، کە کەرەستەکانی موبەقی مەیدانی و مەنجەڵی پێیە. کچێکی خەڵکی ئێلک گروڤ بەدەم ڕاوەشاندنی قۆڵی پاڵتۆکەی باوکییەوە ڕاپێچ دەکرێ و دەڵێ: *باوکە، با بچینەوە بۆ ماڵەوە، با بچینەوە بۆ ماڵەوە.* کچێکی خەڵکی هانفورد بەدەم بیرکردنەوە لە نامەی (جون)ی هاوڕێیەوە لە ئالاسکا ڕاپێچ دەکرێ. دەڵێ: خۆزگە بیری دەکەوتەوە نامەم بۆ بنووسێ. کوڕێکی خەڵکی براولی کە تازەکی فێری کاتژمێر بووە، بەدەم بەلاچاوسەیرکردنی کاتژمێرەکەی مەچەکییەوە، ڕاپێچ دەکرێ و دەڵێ: "ئەرێ خۆ ئەوە هەر دەگۆڕێ." کوڕێکی خەڵکی پارلێر بە بەتانییەکی شینی فەلانیلەوە ڕاپێچ دەکرێ، کە هێشتا بۆنی ژوورەکەی

پێوە ماوە. کچێکی پرچدرێژی خەڵکی شارێکی بچووک لە تولەیر، بە تەباشیرێکی ئەستووری پەمەییەوە ڕاپێچ دەکرێ، کەرەتێک ڕادەوەستێ، تا بەو خەڵکەی کە بە ڕیز لەسەر شۆستەکەن بڵێ: *خواحافیز* و پاشان بە جووڵەیەکی خێرا، دەستیان بۆ ڕادەوەشێنێ، پێدەکەنێ و ئینجا بە قەڵەمبازەوە دەکەوێتە ڕێ. دەکەوێتە ڕێ، بەبێ ئەوەی ئاوڕ لەدواوە بداتەوە.

# دیارنەمان

ژاپۆنییەکان لە شارەکەماندا دیار نامێنن. ئێستا خانووەکانیان بۆمببارانکراو و چۆڵن. نامە لە سندوقی پۆستەکانیاندا سەری کردووە. ڕۆژنامە بێ خاوەنەکان بە هەیوان و باخچە وشکەکانیاندا بڵاو بوونەتەوە. ئوتومبێلی جێهێڵراو لەسەری ڕێگە گشتییەکاندان، کەڵەگیای ئەستوور و دەرپەڕیو لە چیمەنەکانیاندا. لە حەوشەی دواوەی ماڵەکانیاندا، گوڵەلالەی ژاکاو. پشیلەی سەرگەردان بەو ناوەدا دێن و دەڕۆن. جلکی شۆراو بە تەنافەکانەوە. لە یەکێک لە موبەقەکانیاندا – موبەقەکەی ئیمی ساتیۆ – زەنگی تەلەفونێکی ڕەش لێدەدا و هەر لێدەدا.

لە خوارەوە، لە ناوەندی شار لە (مەین ستریت)، هێشتا جامی دوکانی جلکشۆرییەکانیان بە تەختە داخراون. تابلۆی بۆ کرێ بە جامەکانیاندا کراون. با پسووڵە و وەسڵی پارەی نەدراو، بەو ناوەدا دێنێ و دەبا. ئێستا مورتا فلوریست ناوی (فلاوەرس بای کی)یە. یاماتۆ هۆتێل بووەتە پارادیس. ڕێستۆرانی فوجی لە کۆتایی هەفتەدا بە ستافێکی نوێوە دەکرێتەوە. ئیمانشی ترانسفێر داخراوە. بەقاڵیی هارادا داخراوە، تابلۆیەکی بە-دەستخەت-نووسراو کە کەسمان بیری نییە ئاخۆ لەوەوبەر بینیومانە، بە پەنجەرەکەیەوە کراوە و لێی نووسراوە: خوداتان لەگەڵ بێت و بە ئومێدی دیدار. هەڵبەت بەدەست خۆمان نییە لە فیکرەوە نەچین، کە ئاخۆ بڵێی کێ ئەو تابلۆیەی دانابێ؟ یەکێک لەوان؟ یان یەکێک لە ئێمە؟

ئەگەر یەکێک بێ لە ئێمە - بڵێی کێ بێت؟ ئەو پرسیارانە لە خۆمان دەکەین و نێوچەوانمان بە شووشەی پەنجەرەکەوە دەنووسێنین و لە تاریکیدا ورد دەبینەوە، نیوەچاوەڕوان ڕادەوەستین، کە میستەر هارادا خۆی، بە بەرکۆشە ڕەنگبواردووە سەوزەکەیەوە، لە شوێنەکەی خۆی، لەودیو کارمەزەلەکەوە بێتە دەرێ و بەزۆر لاسکێکی گیامارانە، شیلکێکی جوان، پەلکێک نەعنای تەڕوتازەمان بداتێ، بەڵام هیچ شتێک لە ناوەوە نابینین. ڕەفەکان بەتاڵن. ئەرزەکە پاکوتەمیز و جوانسڕدراو. ژاپۆنییەکان بۆ دوور دوور ڕاگوێزراون.

شارەدارەکەمان دڵنیامان دەکاتەوە، هیچ شتێک مایەی نیگەرانی نییە. لە چاپی بەیانیانی (*ستار تریبون*)دا دەڵێ: ژاپۆنییەکان لە جێگەیەکی ئەمیندان. بەڵام دەسەڵاتی ئەوەی نییە ئاشکرای بکا ئەو جێگەیە کوێیە. دەڵێ "ئەگەر بڵێم لەکوێن، ئەوا ئەوان چیدی لە ئەماندا نابن. وا نییە؟" هەندێکمان لە خۆمان دەپرسین: بەڵام ئاخر چ جێگەیەک هەیە لێرە، لەم شارەی خۆمان ئەمینتر؟

هەڵبەت تا بڵێی لێکدانەوە هەن. دەگوترێ ڕەنگە ژاپۆنییەکان بۆ کێڵگەکانی چەوەندەر - مونتانا یان داکوتا - هەنێردرابن، کە لەوێ جووتیاران ئەم هاوین و پاییزە لە هەڵگرتنەوەی بەرەکەیاندا پێویستییەکی زۆریان بە یارمەتییە. یان ڕەنگە لە شارێکی دوور کە کەس نازانێ کەوتۆتە کوێوە، ناسنامەی نوێی چینییان هەڵگرتبێ. یاخود ڕەنگە لە زینداندا بن. برینپێچێکی خانەنشینی هێزی بەرگری زەریایی دەڵێ: "ڕای بێپێچوپەنای منتان دەوێ؟ من پێم وایە لە زەریادان و بە شێوەیەکی زیزکزاکیی بەلای بۆمبە بن ئاوییەکاندا تێدەپەڕن. ئەوانە هەر هەموو بە کەشتی بۆ ژاپۆن هەنێردراونەتەوە، تا کاتێ جەنگ درێژەی هەیە، لەوێ بن." مامۆستایەکی سروشتناسی لە (ئورتینس هسی سکول) دەڵێت: "شەوانە بە بێداری دەمێنێتەوە و هەر زۆر دەترسێ ئەوانە لە

واگۆنی مارومالاّتکواستنەوەدا ڕاگوێزرابن و ئیتر قەت قەت نەیەنەوە. یان لە پاسێکی بێ پەنجەرەدا دانیشتبن، پاسێک، کە ڕاناوەستێ، نە سبەینێ، نە هەفتەی داهاتوو، نە قەتاوقەت، یاخود بە ڕیز بەسەر پردێکی درێژی دارینەدا دەڕۆن و کاتێ دەگەنە بەری ئەوبەری پردەکە، ئیتر دیار نامێنن." ئەو ژنە مامۆستایە دەڵێ: "من بیر لەو شتانە دەکەمەوە. پاشان بیرم دەکەوێتەوە: خۆ ئەوان دیار نەماون."

هێشتا دەتوانرێ ئەو بەیاننامە فەرمییە ببینرێ، کە لە خوارەوە، لە پێچی جادەکەدا، لە ناوەندی شار بە عامودی تەلەفۆنەکانەوە داکوتراوە، بەلاّم ئێستا دڕاوە و شڕوپڕ بووە و دوای لێزمەبارانە بەهارییەکەی هەفتەی ڕابردوو، تەنها ئەو پیتە گەورانەی سەری سەرەوەی پێوە ماوە – ئاگاداری بۆ هەموو ئەو کەسانەی بنەچەی ژاپۆنییان هەیە - کە هێشتا دەتوانرێ بخوێندرێنەوە. بەلاّم ڕێک ناوەڕۆکی ئەو ئاگادارینامەیە چییە، کەسمان بەتەواوی بیرمان ناکەوێتەوە. پیاوێک بەحاڵ خاڵێکی لەو ئاگادارینامەیە بیرە، کە دەڵێ کەس ئاژەڵی ماڵەوە لەگەڵ خۆیدا نەبات، هەروەها جێگەیەکیشی بۆ بەڕێکەوتن تێدا دیاری کراوە. ئەو پیاوە دەڵێ: وا بزانم ئەو جێگەیە KFUM بوو لە وێست فیفس ستریت. بەلاّم دڵنیا نییە. ژنە سێرڤێرتەرێک لە ڕێستۆرانی بلو ڕیبون دەڵێت: هەمان ئەو بەیانییەی ئاگادارینامەکە داکوتراوە، هەوڵی داوە بیخوێنێتەوە، بەلاّم نەیتوانیوە بەباشی نزیک بێتەوە. دەڵێ، هەر هەموو عامودی تەلەفونەکان بە دەستە و گروپی بچووک بچووکی ژاپۆنیکەلی نیگەران دەورە درابوون. ئەوەی واقی ورماندووە، ئەوە بووە کە هەر هەموویان چەندە بێدەنگ و ئارام بوون. ئەو ژنە سێرڤێرتەرە دەڵێ، هەندێک لە ژاپۆنییەکان لەوێدا ڕاوەستاون و بەکاوەخۆ سەریان لەقاندووە. هەندێکی تریان یادداشتیان نووسیوە. کەسیان یەک تاقە وشەیان لە دەم نەهاتووەتە دەرەوە. زۆربەمان پێ لەوە دەنێین، کە گەرچی هەموو ڕۆژێک لە ماڵەوە بەرەو

شار بەلای ئاگادارینامەکەدا تێپەڕیوین، کەچی قەت نەهاتووە بەسەرماندا ڕاوەستین و شتێکی لێ بخوێنینەوە. گوتوومانە: پەیوەندییی بە ئێمەوە نییە. یان گوتوومانە: هەمیشە درەنگمانە. یاخود نەمانتوانیوە هیچی لێ بخوێنینەوە، لەبەر ئەوەی بە دەسخەتێکی زۆر ورد نووسراوە.

ئەوە منداڵەکانمانن، کە شوێنبزربوونی ژاپۆنییەکان زۆر کاریان تێ دەکا. ئاخر دوای ڕاگوێزرانی ژاپۆنییەکان، منداڵەکانمان لاساریمان زۆر لەگەڵ دەکەن. مل بۆ سەعیکردن نادەن. ساوگەرتی دەبن. شەڕ دەفرۆشن. ئەوانەی لەوەوبەر ئازا بوون، ئێستا ئیتر کە دەچنە نێو جێگە، دەترسن گڵۆپ بکوژێندرێتەوە. یەکێک لە منداڵەکان دەڵێ: "هەر کە چاو لێک دەنێم، دەیانبینم." منداڵێکی تریان پرسیار دەکا بۆ کوێ بچێت، تا بیاندۆزێتەوە؟ ئاخۆ قوتابخانەیەک هەیە ئەوانی لێ بن؟ ئەدی چی لە بلوسەکەی (لاستەر ناکانو) بکا؟ وەڵامی دەدەینەوە: هەڵی بگرە یان فڕێی بدە." دوور لە لینکۆلن ئیلیمێنتری؛ یەک پۆلی تەواوی دووەکان دڵنیان کە هاوپۆلە ژاپۆنییەکانیان لە دارستاندا شوێنبزر بوون. کچێکیان دەڵێ: "گزگل و گەلا دەخۆن و یەکێکیشیان کە قەمسەڵەکەی بیر چووە، ئێستا سەرمایەتی، هەڵدەلەرزێ و دەگری. یان ڕەنگە مردبێ." کوڕێک کە لای ئەو کچەوە دادەنیشێ، دەڵێت: "ئا، مردووە." ئەو ژنە مامۆستایە دەڵێ، زەحمەتترین چرکەسات ئەو ساتەیە، کە ناو دەخوێنێتەوە. ئاماژە بۆ سێ کورسییە چۆڵەکان دەکات: ئۆسکار تاژیما، ئالیس ئۆکامۆتۆ و قوتابییە خۆشەویستەکەی خۆی، دلۆریس نیوا. هەر زۆر شەرمن. هەموو بەیانییەک ناوەکانیان دەخوێنێتەوە، دیارە قەت وەڵام نادەنەوە. "منیش هەمیشە وەک نەهاتوو ناویان دەنووسم. ئەدی چ بکەم؟" پاسەوانی هاتوچۆی قوتابخانە دەڵێ: "شتێکی ناخۆشە. منداڵگەلێکی جوان بوون. بیریان دەکەم."

بـەڵام هەندێـک هاووڵاتیمـان هـەن، هەناسـەی ئاسـوودەیی هەڵدەکێشـن کاتـێ دەبینـن ژاپۆنییـەکان ڕۆیشـتوون. ئاخـر ئێمـە بەسـەرهاتمان لـە ڕۆژنامەکانـدا خوێندوونەتـەوە. وتیوتـی و پڕوپاگەندەمـان بیسـتوون. زانیومانـە چەکی نهێنی لە ژێرزەمینی جووتیارە ژاپۆنییەکاندا لە شـارانێک دۆزراونەتـەوە، کـە زۆر لێمانـەوە دوور نیـن، تەنانـەت ئەگـەر دڵنیـاش بیـن لـەوەی کـە ئەگـەر هەمووشـیان نەبـێ، ئـەوا زوربـەی ژاپۆنییەکانـی شـارەکەی خۆمـان، هاووڵاتیـی بـاش و جێگەمتمانـە بـوون، بـەڵام ناتوانیـن دڵنیا بیـن لـە لایەنگیرێتیـی بێچەندوچوونیان لێمـان. دایکێکی خـاوەن پێنج منداڵ دەڵـێ: "ئەوانـە شـتیان زۆر زۆر بـوو، کـە ئێمـە نەماندەزانیـن. ئـەوە نارەحەتی دەکردم. هەمیشـە هەستم دەکرد شـتێکمان لێ دەشارنەوە." کاتێ پرسیاریان لـە کرێکارێکی کارگـەی سـەهۆڵەکە کـردووە، ئاخۆ هەسـتی بـە دڵنیاییی کردووە کە ماڵەکەی بەرامبـەر ماڵی خانـەوادەی میاموتو، لەوبەری جادەکـەوە بـووە، ئـەو کرێکارە لە وەڵامـدا گوتوویەتـی: "هـەر بەڕاستی نەء." گوتوویەتـی" خـۆی و ژنەکـەی هەمیشـە زۆر بەپارێز بـوون لە پەیوەندییان بـە ژاپۆنییەکانـەوە. لەبـەر ئـەوەی هـەر زۆر سـووک و هاسـان هەسـتمان دەکـرد لێیـان دڵنیـا نیـن. بڕوام وایـە ئـەوان خەڵکی بـاش و خراپیـان تێدا بـووە، بـەڵام هەمیشـە لێم تێکـەڵ دەبـوون." هەڵبـەت بۆ زوربەمـان زەحمەتـە باوەڕ بکەیـن هاوسـێکانی جارانمـان هەڕەشـە بووبـن بۆ سـەر شـارەکەمان. ژنێـک کـە خانـووی بـە خانـەوادەی ناکامـورا دابـووە کـرێ، دەڵـێ ئـەوان باشـترین کرێچـی بـوون، کـە لـە ژیانیـدا هەیبووبـن: "میهرەبان؛ بەنەزاکـەت و پاکوتەمیـز؛ تـا ڕادەیـەک دەتتوانـی لەسـەر ئەرزەکەیـان نـان بخۆیـت." مێردەکـەی دەڵـێ: "هەروەهـا ئەمەریکاییيانـەش دەژیان. هیچ شـتێکی ژاپۆنـی لـە ماڵیانـدا نەبـوو. تەنانـەت گوڵدانێکیش."

هەواڵمـان لەبـارەی لەمپاکەلێکـەوە پـێ دەگا، کـە هێشـتا لـە هەندێـک لـە ماڵـە ژاپۆنییەکانـدا دەسـووتێن و هـەواڵ لەبـارەی ئاژەڵگەلێکی نیگەرانـەوە:

کەنارییەکی لەپەلوپۆکەوتوو، کە بەئاستەم لە پەنجەرەی ڕووەو جادەی ماڵی (فوجیمۆتو)وە دیارە. ماسیی نیوەمردووی کافور لە حەوزێکی دووردا، لای یاماگوتچی. سەگ لە هەموو شوێنێک. جامەئاو و پارچەنان و بەرماوەی خواردنەکانمانیان بۆ دادەنێین. قەسابەکە نەرمەیەکی تازەیان بۆ دەنێرێ. سەگەکەی کویاما بەئەدەبەوە بۆنی دەکا و پاشان ئاوڕ بۆ دوور دەداتەوە. سەگەکەی (ئویدا) بەلاماندا فرتە دەکا و بەر لەوەی پێشی بگرین، دەگاتە دەرەوەی پەرژینەکە. سەگەکەی ناکانیشی - کە تێریەرێکی سکۆتییە و لەگەڵ فالای سەگە بچووکە ڕەشەکەی سەرۆکدا دەڵێی سێوێکن و کراون بە دوو کەرتەوە - کەڵبەکانی وەدیار دەخا و لێناگەڕێ نزیکی ببینەوە. بەڵام سەگەکانی تر بە ڕاکردن بۆ لامان دێن تا سڵاومان لێ بکەن، وەک ئەوەی هەمیشە ئاشنامان بن، پاشان دوامان دەکەون بۆ ماڵەوە و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا خاوەنی نوێیان بۆ دەدۆزینەوە. خێزانێک دەڵێن هەر زۆر حەز دەکەن سەگێکی ژاپۆنی بگرنە خۆیان. خێزانێکی تر پرسیاری سەگی توخمی کۆلی دەکەن. هاوسەری سەربازێکی گەنج، کە تازەکی بۆ سەربازی بانگ کراوە، دوکی، سەگە ڕەشە مەیلەوقاوەییە بیگلەکەی مارویامای بۆ ماڵەوە هێناوەتەوە، کە ژووراوژوور دوای دەکەوێ و چاوی لێ خافڵ ناکا. دەڵێ: ئێستا ئەو پارێزگاریم دەکا. باش بە یەکەوەهەڵدەکەین." بەڵام جاروبار گوێی لێیەتی نیوەشەوان لە خەوندا گنەگن دەکا و ئەمیش لە فیکرەوە دەچێ، کە ئاخۆ بڵێی خەون بەوانەوە نەبینێت.

دەبیستین هێشتا بەشێکیان لە ناوماندا دەژین. هیدیۆ کوداما، قومارچیی گەورە لە زیندانی ناحیەدایە. ژنێک کە مانگی خۆیەتی لە خەستەخانەیەکی گشتیدا کەوتووە و دە ڕۆژ بەسەر وادەی منداڵبوونەکەیدا تێپەڕیوە. *ساواکە هەر زۆر سووک و هاسان حەز ناکات بێتە دەرێ.* ژنێکی سیونۆ ساڵ لە خەستەخانەیەکی دەروونی داخڵ کراوە و بەدرێژاییی ڕۆژ بە کراسی

خەو و نەعلەوە بە ڕاڕەوەکاندا دەگەڕێ و لەبەر خۆیەوە بە ژاپۆنیی، کە کەس هیچی لێ تێناگات، قسان دەکات. تاقە وشەیەک کە دەیزانێت "ئاو" و "بڕۆ ماڵەوە"یە. دوکتۆرەکەی دەڵێ، ئەو ژنە بەر لە بیست ساڵ دوو منداڵی بچووکی لە ئاگرێکدا سووتاون، لە کاتێکدا خۆی لەگەڵ پیاوێکی تردا لە کێڵگە بووە. ڕۆژی دواتر مێردەکەی خۆی کوشتووە و پیاوە دۆستەکەشی دەسبەرداری بووە. ئیدی دوای ئەوە، قەت نەبووەتەوە بەو ژنەی جاران. لە قەراغی باشووری شار، لە خەستەخانەی سیلی کلیەرڤیو، کوڕێکی دوازدە ساڵان لەسەر قەرەوێڵەیەکی لای پەنجەرەکەوە ڕاکشاوە و وردەوردە بە میکرۆبی سیل لە بڕبڕەی پشتدا دەمرێت. ڕۆژێک بەر لەوەی شار جێ بهێڵن، دایک و باوکی بۆ دوایەمین جار بۆ سەردانی دەچن، ئێستا ئەو بەتەواوی تەنیایە.

هەر ڕۆژێک کە تێدەپەڕێ، ئاگادارینامەی سەر عامودی تەلەفونەکان شڕوپڕتر دەبێ. بەیانییەک ئاسەواری چ ئاگادارینامەیەکیان پێوە نامێنێ. بۆ ساتێک هەست دەکرێ شار بە شێوەیەکی سەیر ڕووتوقووتە، وا پێدەچێ ژاپۆنییەکان هەر لێرەش نەبووبن.

گوڵەلاولاوی کێوی لە باخچەکانیاندا دەڕوێتەوە. زەلی لاولاو لە حەوشەیەکەوە بۆ حەوشەیەکی تر بڵاو دەبێتەوە. لەبن پەرژینەکاندا پیمەڕە بەجێ ماوە و دەڕزێ. لەخوار پەنجەرەکەی (ئۆتیرو)ەوە ڕووە و جادە، تەلانێکی یاسوەنەوش گوڵی مۆری تۆخی کردووە و بۆ سبەینێ دیار نامێنێ. دارلیمۆیەک لە (ساوادا) هەڵکێشراوە، کیلوونی دەرگا لەناوەوە و دەرەوەی ماڵەکاندا شکێندراون. ئۆتومبێل دزراون. هەورەبان تالان کراون. لوولەی دووکەڵکێش شکێندراون. تاریکەشەوان کارتۆن و جانتا لە ژێرزەمینەکان دەدزرێن و لە ترومبێلەکان بار دەکرێن. کیلونی دەرگە و گڵۆپ دیار نامێنن. لە دوکانی ڕەهن و دەستی دووەکاندا، لە دەرەوەی (تایرد ئاڤینیو)، ئامێری سەیروسەمەرە، هی خۆرهەلاتی دوور،

تەواو بۆ ماوەیەکی کورت، بەر لەوەی شوێنی خۆیان لە هەندێک لە ماڵەکانماندا بدۆزنەوە، دەر دەکەون. فانۆسێک لە باخێکی وەقفکراودا لە (مەیپڵریچ ڕۆد)؛ لەنێو گوڵەڕۆدەندرۆنەکاندا دەسووتێ. لوولەیەک کاغەزی بۆیەکراوی دیواری، جێگەی وێنەی مەلەوانێکی ڕووتی لە ژووری میوانێک لە (ئیلم) گرتۆتەوە. گەڕەک دوای گەڕەک ئۆرتەی خۆرهەڵاتی لە بەرپێکانماندا ڕادەخرێن. لە خۆرئاوای شار، کتوپڕ بەکارهێنانی تەوقە و قردێلەی دار لەنێو دایکانی گەنجدا کە ڕۆژانە سەردانی پارکەکە دەکەن، دەبێتە شتێکی باو. یەکێک لەو دایکانە لە کاتێکدا ساواکەی لەبەر سێبەرەکەدا لەسەر سەکۆیەک ڕادەژەنێ، دەڵێ: "هەوڵ دەدەم بیر لەوە نەکەمەوە ئەو تەوقە و قردێلانە لەکوێوە هاتوون. هەندێ جار باشترین شت ئەوەیە کە نەزانرێت."

بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک هەندێک کەس لە ئێمە بەردەوامن لە ئومێدخواستن بە گەڕانەوەی ژاپۆنییەکان، لەبەر ئەوەی کەس نەیگوتووە ئەوان بۆ هەتاهەتا دوور کەوتوونەتەوە. لە فولکەی پاسەکاندا چاویان بۆ دەگێڕین. لە دوکانی گوڵفرۆشییەکان. کاتێ بەلای ڕادیۆچاککەرەوەکەدا لە (سێکوند ئاڤینیو)، کە جاران بە (ناگاماتسو فیش) ناسرابوو، تێدەپەڕین، چاویان بۆ دەگێڕین. جار دوای جار لە پەنجەرەوە تەماشای باخەکەمان دەکەین، بەو ئومێدەی ئێ ئەمە خوایە بەڵکوو باخەوانەکەمان کتوپڕ بەدزییەوە گەڕابێتەوە. دەڵێین: *هەمیشە تروسکەیەکی ئومێد هەیە، کە (یوشی) لە دەرەوە بێ و خەریکی گەلاڕنین بێت.* بیر لەوە دەکەینەوە، ئاخۆ بڵێی بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەوە خەتای ئێمەی تێدا بووبێت. دەکرا داخوازینامەیەکمان بدایەتە شارەدار، بدایەتە حکومەت، بدایەتە سەرۆک خۆی. تیایدا بماننووسیایە: تکایە لێگەڕێ بمێننەوە. یاخود دەبوو هەر زۆر سووک و هاسان لە دەرگەی ژاپۆنییەکانمان دابا و یارمەتیی خۆمان پێشکەش کردبان. بە خۆمان دەڵێین: ئایی ئەگەر بمانزانیبا. بەڵام

دوایین جار یەکێکمان، میستەر موری لای مێزی میوەفرۆشییەکەیەوە بینیوە، کە هەر وەک جاران میهرەبان بووە. دەڵێ: "ئەو هیچی لەبارەی ڕاپێچکردنەکەیەوە پێ نەگوتم. سێ ڕۆژ دواتر دیار نەما." ژنە فرۆشیارێک لە (ئاسۆیتەد مارکێت) دەڵێ: ڕۆژێک بەرلەوەی ژاپۆنییەکان دیار نەمێنن، شمەکی خواردەمەنییان بۆ خۆیان کڕیوە،" وەک ئەوەی دونیا ئاخیر بێت" ئەو باسی ئەوەی دەکرد، کە ژنێک زیاد لە بیست قووتوو قاینەر کۆرفی کڕیوە."قەت بەبیرمدا نەهات لێی بپرسم بۆچی. تەنها دەمەوێ بزانم ئاخۆ وەزعی ئەو ژنە باشە."

لێرەولەوێ، لە سندوقی پۆستدا لە سەرتاسەری شار، یەکەمین نامەی ژاپۆنییەکانمان پێ دەگەن. کوڕێک لە سیکاموری، پۆستکارتێکی لە (ئید ئیکیدا)وە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە (ویدرڕاو ویلسن جونیور های)، خێراترین یاریزانی ڕاکردن بووە، پێ دەگات. لە پۆستکارتەکەدا نووسیویەتی: *بەڵێ، ئێستا ئێمە لە سەنتەری پێشوازین. قەت ئەوەندە ژاپۆنیم لە هەموو ژیانمدا نەبینیوە. بەشێکمان هیچ ناکەین، جگە لە خەوتن بەدرێژایی پاشنیوەڕۆ.* کچێکی خەڵکی مولبێری ستریت، (یان)ی کۆنە هاوپۆلی تەلەفونی بۆ کردووە و گوتوویەتی: *پێموایە ماوەیەکی تریش لێرە دەمانهێڵنەوە و پاشان بۆ بەری ئەوبەری چیا دەمانگوێزنەوە. هیوادارم بەم زووانە گوێم لە دەنگت بێت.* ژنەکەی شارەدار پۆستکارتێکی لە (یوکا)ی کارەکەرە بەوەفاکەیەوە پێ دەگا، کە ڕۆژێک دوای ئەوەی لە کەشتییەکە دابەزیوە، چووبووە بەردەم ماڵەکەی. لە پۆستکارتەکەیدا نووسیویەتی: بیرت نەچێ *هەموو سەری مانگێک بەتانییەکان بدەیتە بەر هەتاو.* ژنەکەی قەشەمامۆستا لە کڵێسای میتۆدیست نامەیەک دەکاتەوە و دەبینێ بۆ مێردەکەی هاتووە و ئاوها دەست پێ دەکا: *خۆشەویستەکەم، من باشم.* قەشەژن کە ئەوە دەخوێنێتەوە، کتوپڕ هەر هەموو دونیای لە بەرچاو تاریک دەبێ. دەڵێ: *ئەدی بڵێی ئەم (ماتسوکو)وە کێ بێ؟* سێ

گەرەک دوورتر، لە خانوویەکی زەردا لە والنوت، کوڕێکی نۆ سالان نامەیەکی (لاستەر)ی هاوڕێی گیانیبەگیانی خۆی دەخوێنێتەوە: *ئا، سەیرکە، بزانە بلوسەکەمم لە ژوورەکەتدا بیر نەچووە؟* ئەوە دەخوێنێتەوە و ئیدی سێ شەوی لەسەریەک خەو ناچێتە چاوی.

خەڵک کەوتوونەتە ئەوەی داوای وەڵام بکەن. ئایا ژاپۆنییەکان بە خواستی خۆیان ڕۆیشتوون بۆ سەنتەری پێشوازی یاخود بەزۆر؟ دوایین وێستگەیان کوێ بووە؟ بۆچی پێشتر ئێمە لە سەفەرەکەیان ئاگادار نەکراوینەتەوە؟ کێ – ئەگەر کەسێک هەبێ – لەبری ئەوان دەدوێ؟ ئایا ئەوان بێگوناهن؟ ئایا گوناهبارن؟ ئایا هەر بەڕاستی ڕاگوێزراون؟ ئاخر سەیر نییە کە هەر بەڕاستی هیچکەس لەوانەی دەیانناسین، ئەوانیان نەبینیبێ کاتێ ڕاپێچ کراون؟ ئەندامێکی سوپای کۆماندۆی بەرەی ناوخۆ دەڵێ: "لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە لانی کەم یەکێک لە ئێمە دەبوو شتێکی بینیبا یان بیستبا. ئاخر فیشەکێکی ئاگادارکردنەوە، هەناسەهەڵکێشانێک، ژمارەیەک خەڵک کە بە شەو دیار نامێنن." پیاوێک لە بەرگریی ناوخۆی میللی دەڵێ، ڕەنگبێ هێشتا ژاپۆنییەکان لەلای خۆمان بن، لەبەر سێبەرەکانەوە سەرنجمان بدەن، لە ڕووخسارمان ورد ببنەوە، تا بزانن ئاخۆ نیشانەی غەم یان ئازاری ویژدانیان پێوەیە. یاخود ڕەنگبێ لەژێر جادەی شارەکانماندا خۆیان حەشار دابێ و پلان بۆ تێکشکانی کۆتاییمان دارێژن. ئەو پیاوە ئاماژە بەوە دەدا، بۆی هەیە نامەکانیان تەزویر کرابێ. دیارنەمانەکەیان شتێکی دروستکراو بێ. ئەو پیاوە ئاگادارمان دەکاتەوە، کە ئێمە هێشتا ڕۆژی حیسابمان لەپێشە.

شارەدار تکامان لێ دەکا سەبرمان هەبێت. دەڵێ: "کاتێ بتوانین، ئەوا ئەو وەڵامانەتان دەدەینەوە، کە دەتوانین بتاندەینەوە". پێمان دەڵێن: خیانەت لە هەندێ لاوە ڕووی داوە، کات کەم و مەسەلەکە پێویستی بە کاری دەستوبرد بووە، ژاپۆنییەکان بە خواستی خۆیان و بەبێ ڕقوکینە

و لەسەر داوای سەرۆک بەڕێ کراون. ئەوان هێشتا خولقیان هەر زۆر باشە. ئیشتیهایان باشە. ڕاگواستنیان بەپێی پلان و نەخشە بەردەوام دەبێ. شارەدار وەبیرمان دێنێتەوە کاتەکە نائاساییە. ئێمە ئێستا لە بەرەی پێشەوەی جەنگداین و پێویستە هەرشتێک کە دەیکەین، لەپێناو بەرگریکردن بێت لە نیشتمان. شارەدار دەڵێ: "شتگەلێک ڕوو دەدەن، نابێ خەڵک ببینن. شتی وا دەبێت. ژیانیش هەر بەردەوامە."

یەکەمین ئاماژەکانی هاوین. گەڵا بە پەلکی دارماگنۆلیاوە دەژاکێ. پیادەڕۆکان بە هەتاو گەرم دەبن. کاتێ زەنگی قوتابخانە بۆ چوونە دەرەوە لێدەدرێ، هەوا پڕ لە هاوارهاوار دەبێ و دەرگەی قوتابخانەکان جارێکی تر دادەخرێنەوە. دڵی دایکان سەخڵەت دەبێ. گلەوگازندە دەکەن: دیسان بەزمەکەیە. هەندێکیان بەدوای دایەنی نوێدا دەگەڕێن، تا ئاگایان لە منداڵە بچووکەکانیان بێت. هەندێکی تر بانگەواز بۆ ئاشپەزی نوێ بڵاو دەکەنەوە. زۆر کەس باخەوان و کارەکەری نوێ دەهێنن: کچانی گەنجی گورجوگۆڵ لە فیلیپینەوە، هیندۆییی باریکەلەی ڕیشن، مەکسیکی کورتەبنەی میهرەبان و هەمیشەمەست لە ئۆکساکاوە- دەڵێن *Buenos dias* و *Si, como no?* – و ئامادەن چیمەن بە نرخێکی هەرزان ببڕن. زوربەمان دان بە جەرگی خۆماندا دەنێین و جلک بۆ شتن دەدەینە چینییەکان. تەنانەت ئەگەر جلکی خەوەکانمان هەمیشە باش ئووتووکراو بۆ نەگەڕێتەوە و هەندێ جار پەرژینەکانمان بەباشی بۆ چاک نەکرابن، بەڵام ئەوە نارەحەتمان ناکا، چونکە خەیاڵمان لە شوێنی ترە: خەیاڵمان لای گەڕان بەدوای کوڕێکی ونبوودایە بە ناوی هێنری، کە دوایین جار بینراوە لەسەر کۆتەرەدارێک لە قەراغی دارستانەکەدا گەمەی هاوسەنگیری کردووە. (منداڵەکانمان بۆمان دەگێڕنەوە: ئەو ڕۆیشتووە تا لای ژاپۆنییەکان بێت)، خەیاڵمان لای بەدیلگیرانی حەوت سەربازی شارەکەمانە، لەشەڕێکدا لە کۆریگیدۆر، خەیاڵمان لای سیمینارێکە لە فراقینی سالانەدا لە (پیلگریم مۆسێرس

کلوب) لە لایەن د. ڕاول ئاچیندۆرف، لەلایەن ئەو نازییە پەنابەرە تازە هاتووەوە، بە ناونیشانی هیتلەر: "ناپلیۆنی ئەم سەردەمەمانە؟" کە چەند کەسێک ئامادەی دەبن.

لە کاتێکدا کە شەڕ بەردەوامە، خێزانەکان بە پلەیەکی کەمتر ماڵەکانیان جێ دێڵن. بەنزین دابەش دەکرێ. ئەلەمنیۆم کۆ دەکرێتەوە. باخەکان لە شوێنی پرگژوگیای چۆڵوهۆڵدا دەڕوێندرێن و خۆرشتی لۆبیای سەوز، موبەق لەدوای موبەق، بەخێرایی بۆنوبەرامەی خۆی لەدەست دەدا. دایکان کەمەربەندەکانیان لە خۆ دەکەنەوە، تا پێشکەشی کۆمەکی لاستیکی بکەن و ئیدی بۆ یەکەم جار دوای ساڵانێکی زۆر، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەمژن. هاوار دەکەن: "دەبێ گیانفیدایی بنوێنرێت." باوکانی تووڕە جۆلانەی لەتایەدروستکراوی منداڵەکانیان بە درەختەکانەوە لێدەکەنەوە. کۆمیتەی چینی بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک دەگاتە ئامانجی خۆی، بە کۆکردنەوەی دە هەزار دۆلار، شارەدار خۆی لەبارەی ئەو هەواڵە خۆشەوە بروسکە بۆ مادام چاینگ کای-شیک دەنێرێ. مامۆستاقەشە شەوێکی تریش لە دەرەوە لەسەر قەنەفەکە بەسەر دەبا. زۆر لە منداڵەکانمان هەوڵ دەدەن نامە بۆ هاوڕێ ژاپۆنییەکانیان بنووسن، بەڵام هیچیان بۆ نایەت. منداڵەکانی تر دڵیان نایەت هەواڵە ناخۆشەکانیان بۆ بنووسن: کوڕێکی *تر لەسەر کورسییەکەی تۆ لە پۆلەکەی میسز هۆلدین دادەنیشێت. بلوسەکەتم نەدۆزیوەتەوە. دوێنێ ترومبێلێک سەگەکەتی کرد بە ژێرەوە.* نامەبەرەکە زەندەقی کچێک لە (نۆرس فریمونت) دەبا و پێی دەڵێ: *تەنها خاینێک دەتوانێت نامە لەگەڵ ژاپۆنییەکاندا ئاڵوگۆڕ بکات.*

خەڵکی تازە دەکەونە ئەوەی بۆ خانووەکانی ژاپۆنییەکان بگوێزنەوە. وەرزێرانی خەڵکی ئۆکلاهوما، ئارکانساس، ئۆکیەس و ئارکیەس، کە ڕووەو خۆرئاوا بۆ کاری جەنگی ملیان ناوە. جووتیارانی کرێنشینی دەرکراوی خەڵکی ئۆزارکی ولاتانی سەرەوە، زنجییانی هەژار بە خۆیان

و بوخچەکانیـان، کـە کەلوپەلەکانیانـی تێدان، ڕاسـتەوخۆ لـە باشـوورەوە دێن. وێڵگەرد و خانووزەوتکەر؛ لادێیی، جۆری ئێمـە نا. هەندێکیـان ناتوانـن تەنانـەت بـە حینجەکردنیشـەوە بخوێننـەوە. دە-پـازدە سـەعات لـە ڕۆژێکدا لە کارگەکانی تەقەمەنیدا ئیش دەکەن، سێ-چوار خێزانیـان لـە خانوویەکدا دەژین. جلکەکانیـان لـە دەرەوە، لەتەشـتدا و لـە دیوی پێشـەوەی باخچەکاندا دەشـۆن. لێدەگەڕێن ژن و منداڵەکانیـان چۆنیـان دەوێ ڕاکەڕاک بکـەن. لـە ڕۆژانـی پشـووشـدا، کاتـێ لـە دەرەوە لـە بەرهەیوانەکانیـان دادەنیشـن و جگـەرە دەکێشـن و تـا درەنگانێکـی شـەو دەخۆنـەوە، ئێمـە بیـری هـاوڕێ دێرینەکانمـان، بیـری ژاپۆنییـە بێدەنگەکانمـان دەکەیـن.

لـە کۆتـای هاوینـدا یەکەمیـن پڕوپاگەنـدەکان دوور دوور لەبـارەی قەتارگەلێکـەوە دەگاتـە گوێمـان. خەڵـک دەڵێـن ئـەو قەتارانـە فـرە کۆنـن. پاشماوەی سـەردەمێکی دوورن. واگۆنـی تۆزوخۆڵاوی بە قەتـاری هەڵمیی خەڵـوز و لەمپـای کۆنـی گازەوە. سـاپیتەکانیان پۆشـراو بـە ڕیقنـەی باڵنـدە. شووشـەی پەنجەرەکانیـان تاریـک بـە پـەردە. بـە شـارێکدا تێدەپـەڕن و دەگەنـە شـارێکی تر، بـەڵام قـەت لا نـادەن و ڕاناوەسـتن. قـەت تـووت تـووت ناکـەن. تەنهـا دوای خۆرئاوابـوون دەجووڵێـن. ئەوانـەی ئـەو قەتارانەیـان بینیـون، دەڵێن: *ئەوانـە قەتـاری تارمایین*. هەندێـک کـەس دەڵێن، بینیویانـن بـە ڕێگـە باریکەکانـی چیـای (سـیرا نیڤـا)دا تێپەڕیـون: ئالتەمونـت، سیسـکیو، شاسـتا، تیچاپـی. هەندێـک کـەس دەڵێن، ئـەو قەتارانـە بـۆ چیـای گابەردینـی لێوارەکانـی خۆرئـاوا بەڕێـوەن. کارمەندێکـی کاتژاگر لـە سـێنتەری قەتـاری (تروکـێ) دەڵـێ، پـەردەی جامێکـی قەتارەکـەی بینیـوە هەڵدراوەتـەوە و بـۆ چاوتروکانێـک ڕووخسـاری ژنێکـی هاتووەتـە بەرچـاو. دەڵـێ: ئـەو ژنـە ژاپۆنـی بـووە. بـەڵام هەمـوو ئـەوە هێنـد خێـرا تێپەڕیـوە، کـە مەحاڵـە بزانرێت ئاخـۆ وایـە یـان نـا. قەتارەکـە چ خشـتەیەکی کاتـی نەبـووە؛ ژنەکـە شـەکەت دیـار بـووە؛ قژێکـی ڕەشـی کـورت و دەموچاوێکـی خـڕی هەبـووە. ئـەو

کاتراگره وا دەڵێ و ئێمەش لە فیکرەوە دەچین، ئاخۆ بڵێی ئەو ژنە لە ژاپۆنییەکانی ئێمە بووبێت؟ بڵێی ژنەکەی ئیترۆسی خاوەن جلکشۆرییەکە بووبێت، یاخود ئەو پیرێژنە بووبێت، کە هەموو ڕۆژانی پشوویەک لە سووچی نێوان ئیدوارد و ستەیتدا گوڵی دەفرۆشت و ئێمە ناومان نابوو *خانمی گوڵەکە*؟ یاخود کەسێک بێ، کە ئێمە کەرەتکەلێکی بێشومار لە شەقامدا بەلایدا ڕەت بووین، بەبێ ئەوەی هەستمان بە بوونی کردبێت.

لە پاییزدا هیچ ئاهەنگێکی بودایی بۆ درەو لە (ماین ستریت) ڕێک ناخرێت. هیچ ئاهەنگێکی گوڵەداودی ساز نادرێت. هیچ ڕێڕۆیشتنێک بە چرای کاغەزیی هەڵتۆقیوەوە لە زەردەپەڕدا ناکرێت. هیچ منداڵێک بە جلکی لۆکەی کیمۆنۆی قۆڵدرێژەوە تا درەنگانێکی شەو بە دەنگی توندی دەهۆڵ سەما ناکا. ئەوە تەنها لەبەر ئەوەی ژاپۆنییەکان دوورن. خانەنشینێکی پیر کە زیاتر لە دە ساڵ لە خانووەکەی تەنیشت ماڵی خانەوادەی ئوگاتادا دەژی، دەڵێ: "من نیگەرانیانم. دوعایان بۆ دەکەم، پاشان هەر سووک و هاسان دەبێ درێژە بە ژیان بدەین." ئەو پیرەمێردە هەرکاتێک هەست بە تەنیایی بکا، دەچێتە دەرەوە و لە پارکەکە لەسەر سەکۆیەک دادەنیشێ. دەڵێ: "تا ئەو کاتەی هەست دەکەم باشترم، گوێ لە دەنگی باڵندەکان دەگرم. پاشان دەچمەوە ماڵەوە." هەندێ جار چەندین ڕۆژ تێدەپەڕێ، بەبێ ئەوەی هەر هیچ بیر لە ژاپۆنییەکان بکاتەوە، بەڵام هەر کە ڕووخسارێکی ئاشنا لەسەر جادە دەبینێ، بە خۆی دەڵێ، خۆ ئەوە میسز (نیشیکاوا)ی دوکانی ماسیفرۆشییەکەیە، بەڵام ئەدی بۆچی دەستیم بۆ ڕاناوەشێنێ؟ بەڵام وەک با پڕوپاگەندەیەکی نوێ دێ و دەگوترێ. *تفەنگێکی لەچاڵنراو لەژێر دارمەلوژەکەی (کویانگی)دا دۆزراوەتەوە. نیشانێکی بلاک دراکون لە ماڵێکی ژاپۆنیدا لە ئواک دۆزراوەتەوە.* یاخود لەدوای خۆیەوە لەسەر پیادەڕۆکە؛ گوێی لە تەپەی پێیە، بەڵام کاتێ ئاوڕ دەداتەوە، کەس نابینێ. ئەوسا هەمدیس نیگەرانی دای دەگرێتەوە و دەڵێ:

*ژاپۆنییەکان جێیان هێشتووین و ئێمەش نازانین لەکوێن.*

کاتێ یەکەم زوقم دەکەوێ، ڕووخساری ژاپۆنییەکان لە زەینماندا کاڵ دەبێتەوە و دەسڕدرێتەوە. ناوەکانیانمان بیر دەچنەوە. ئەرێ ئەو پیاوە ناوی میستەر (کاتو) بوو، یان میستەر ساتو؟ چیدی نامەیانمان پێ ناگەن. منداڵەکانمان کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوەندە بەزەبر بیریان دەکردن، چیدی پرسیارمان لێ ناکەن لەکوێن. تەنها گەنجەکان بەحاڵ ئەوانیان بیر دێنەوە. پێمان دەڵێن: "وا بزانین جارێک لە جاران بینیومانن." یان دەڵێن: "باشە ئەوان قژیان ڕەش نەبوو؟" پاش ماوەیەک سەرنج دەدەین ئێمە خۆیشمان هەرچی زیاتر بە ڕابردوو باسیان دەکەین. هەندێ ڕۆژ هەر تەواو ئەوەمان لەبیر دەچێتەوە، کە ئەوان ڕۆژێک لە ڕۆژان لێرە لای ئێمە بوون، بەڵام درەنگانێکی شەو بەزۆری بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو یادەوەرییان خۆی بە خەونەکانماندا دەکا. کوڕی (ئێلیوت)ی خاوەن مەشتەلەکە لە خەونماندا دەبینین. پێمان دەڵێ نیگەران نەبین. خواردنیان باشە و بەدرێژاییی ڕۆژ خەریکی یاریی بەیسبۆڵن. بەڵام کاتێ بۆ بەیانی لەخەو وەئاگا دێینەوە، چەندێک زۆر بۆ خۆمان دێنین لە خەیاڵماندا گلیان بدەینەوە، بەڵام بەنگ نابن و نامێننەوە.

ساڵێک دواتر هەر هەموو ئاسەوارێکی ژاپۆنییەکان لە شارەکەماندا بزر دەبن. ئەستێرەی ئاڵتونی لە پەنجەرەکانماندا ڕووەو جادە دەدرەوشێنەوە. بێوەژنانی گەنجی مێرد-لە-جەنگدا کوژراو، عارەبانەی ساواکانیان لە پارکەکەدا دەهاژوون. لە تووڵەڕێ سێبەردارەکانی درێژاییی ئەستێرکەکەدا، سەگ بە پەتی درێژەوە، بە خۆبادانەوە دەڕۆن. لە خوارەوە، لە ناوەندی شار، لە ماین ستریت، گوڵەلالەی جێژنی پاک چرۆ دەکا. (نیو لایبرەری چوپ سوی) پڕە لە کرێکارانی فراقین خۆری کەشتیسازییەکە. سەربازان کە بە مۆڵەت هاتوونەتەوەماڵەوە، بە جادەکاندا دەسووڕێنەوە و (پارادیس هۆتێل) جمەی دێت. (فلاوەرس

بـای کای) ئێسـتا بووەتـە (فولیس سـپریت شۆپ). چینییـەک بە نـاوی وۆنگ، جێگـەی هـارادای بەقاڵـی گرتوتـەوە، بـەڵام دەڵێـی سـێویێکن و کـراون بـە دوو لەتـەوە، هـەر کاتـێ بـەلای جامـی دوکانەکەیدا تێدەپەڕین، کتومت هـەر دەڵێـی جارانـە. بـەڵام میسـتەر هـارادا چیـدی لـە ناومانـدا نییـە و ئـەودوای ژاپۆنیەکانیـش دیـار نیـن. ئێسـتە بەدەگمـەن یـان هەرگیـز باسـیان ناکەیـن، ئەگەرچـی جاروبـار هێشـتا پڕوپاگەندەیەکمـان لـە دیـوی ئەودیـوی چیـاوە لەبارەیانـەوە پـێ دەگا – لـە بیابانەکانـی (نیڤـادا و ئوتـا)وە: ژاپۆنییـەکان شـارگەلێکیان ڕۆ نـاون، ژاپۆنییـەکان لـە ئیداهـو خراونەتـە بـەر ئیـش و چەوەنـدەر دەرنـن، لـە (یومینگ)یـش گروپێـک منداڵـی ژاپۆنـی، لـەرزان و برسـی، تاریکەوەخـت لـە دارسـتانێکەوە دێنـە دەرێ. بـەڵام هەمـوو ئەوانـە تەنهـا وتیوتیـن و بـۆی هەیـە هیچیـان ڕاسـت نەبـن. تاقـە شـتێک کـە لێـی دڵنیایـن، ئەوەیـە ژاپۆنییـەکان لـەوێ لـە جێگەیەکـن، لـەم شـوێن یـان لـەو شـوێنن و دەشـێ هەرگیـز جارێکـی تـر لـەم دونیایـەدا نەیانبینینـەوە.

## کتێبە چاپکراوەکانی ئەندێشە

١. بنەڕەتەکانی فەلسەفە-حەمید عەزیز
٢. کورد لەدیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە (چ٢)-فەرهاد پیرباڵ
٣. ڕێبازە ئەدەبییەکان (چ ٢)-فەرهاد پیرباڵ
٤. مۆزەخانەی پاکیزەیی-ئۆرهان پامۆک- و.بەکر شوانی
٥. نەتەوەی زێرابەکان-جەبار جەمال غەریب
٦. ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی (چ٢)-جەعفەر عەلی
٧. سۆفیزم و کاریگەری لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی...-جەعفەر عەلی
٨. مەحوی لەنێوان زاهیرییەت و باتینییەت و... (چ٢)-ئەحمەدی مەلا
٩. نهێنییەکانی ژیان-ئۆشۆ-و. ئازاد بەرزنجی
١٠. کورتیلەیەک لە مێژووی کات -ستیڤن هۆوکینگ و لیۆنارد ملۆدیتۆ-و. حوسەین حوسەینی و هیوا عومەر
١١. کۆشک-فرانتس کافکا-و. عەتا نەهایی
١٢. فەصلول مەقال- ئیبن ڕوشد-و. مەریوان عەبدول
١٣. شۆڕشی ئەیلوول لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا-وریا ڕەحمانی
١٤. دەسەڵات و جیاوازی-مەریوان وریا قانع
١٥. لە چ ئێستایەکدا دەژین-مەریوان وریا قانع
١٦. شوناس و ئاڵۆزی-مەریوان وریا قانع
١٧. سیاسەت و دونیا-مەریوان وریا قانع
١٨. جەمشید خانی مامم-بەختیار عەلی
١٩. کەشتی فریشتەکان (کتێبی١)-بەختیار عەلی
٢٠. کەشتی فریشتەکان (کتێبی٢)-بەختیار عەلی
٢١. لە دیارەوە بۆ نادیار-بەختیار عەلی
٢٢. وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان-بەختیار عەلی
٢٣. چێژی مەرگدۆستی-بەختیار عەلی
٢٤. مەعریفە و ئیمان-بەختیار عەلی و هێمن قەرەداخی
٢٥. دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمریکاو...- گۆران ئیبراهیم صاڵح

٢٦. سەمەرقەند (چ٢)-ئەمین مەعلوف-و. ئەحمەدی مەلا
٢٧. وێستگەیەک لە گەشتێکی فەلسەفی-فاروق ڕەفیق
٢٨. ئەخلاقناسی-تەحسین حەمە غریب
٢٩. گەشەسەندنی ڕامیاری...-د. ک. پێسچانی-و. د. ئارام عەلی
٣٠. مێژووی کۆنی کورد (چ٢)-جەمال ڕەشید فەوزیە ڕەشید-و. ملکۆ کەلاری
٣١. منداڵی گەڕەک-هیوا قادر
٣٢. مرۆڤی یاخی-ئەلبێر کامۆ-و. ئازاد بەرزنجی
٣٣. پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێم و دەوڵەتانی...-هێرش جەوهەر مەجید
٣٤. مێژووی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی... (چ٢)-فریشتە نورائی-و. هەورامان فەریق کەریم
٣٥. سلێمانی لەنێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨)-توانا ڕەشید کەریم
٣٦. شاری سلێمانی (١٤ی تەموزی ١٩٥٨-١٧ی تەموزی ١٩٦٨)-هەوراز جەوهەر مەجید
٣٧. کتێبی پەراوێزنووسان-عەتا محەمەد
٣٨. فیکر و دونیا (بەرگی ١)-مەریوان وریا قانع
٣٩. فیکر و دونیا (بەرگی ٢)-مەریوان وریا قانع
٤٠. دین و دونیا (چ٢)-مەریوان وریا قانع
٤١. کتێب و دونیا (چ٢)-مەریوان وریا قانع
٤٢. کۆمەڵگەی ڕەش-د. عادل باخەوان
٤٣. زستانێکی درێژ-کولم تویبین-و. دلاوەر قەرەداغی
٤٤. فرانسیسکۆس قەدیسی من (چ٢)-نیکۆس کازانتزاکیس-و. دلاوەر قەرەداغی
٤٥. ئاهەنگی تەگەکە-ماریۆ بارگاس یۆسا-و. جەلیل کاکەوەیس
٤٦. شەوی لیشبۆنە-ئێریش ماریا ڕیمارک-و. کەریم پەڕەنگ
٤٧. من و ئەو-ئەلبێرتۆ مۆرافیا-و. کارزان عەلی
٤٨. میرنامە (چ٢)-جان دۆست-و. سەباح ئیسماعیل
٤٩. ڕووخسارە بەندکراوەکەم-لەتیفە-و. ڕووناک شوانی
٥٠. قەپێلک-مستەفا خەلیفە-و. هەورامان وریا قانع
٥١. خەونی پیاوە ئێرانییەکان و کەوتنی بۆرە قەلا-و. ماردین ئیبراهیم
٥٢. گرگن-پێر لاگەرکڤیست-و. خەبات عارف
٥٣. ١٩٨ (چ٢)-جۆرج ئۆروێل-و. حەکیم کاکەوەیس
٥٤. سوور و ڕەش-ستاندال-و. سیامەند شاسواری
٥٥. دەستنووسە دۆزراوەکەی ئەکرا-پاولۆکۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
٥٦. جادەی مێخەک (١)-دلاوەر قەرەداغی
٥٧. جادەی مێخەک (٢)-دلاوەر قەرەداغی
٥٨. ئێوارستان-پێر لاگەرکڤیست-و. خەبات عارف
٥٩. دارستانی نەرویجی-هاروکی موراکامی-و. تارا شێخ عوسمان
٦٠. ئێوارەی پەروانە (چ٦)-بەختیار عەلی

ENdÊŞE

٦١. شاری مۆسیقاره سپییەکان (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٢. مەرگی تاقانەی دووەم (چ٥)-بەختیار عەلی
٦٣. کۆشکی باڵندە غەمگینەکان (چ٢)-بەختیار عەلی
٦٤. تا ماتەمی گووڵ.. تا خوێنی فریشتە (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٥. سێوی سێهەم (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٦. ئاورەکەی ئۆرفیۆس-بەختیار عەلی
٦٧. غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ (چ٢)-بەختیار عەلی
٦٨. ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتی دوژمن (چ٢)-بەختیار عەلی
٦٩. دواهەمین هەناری دونیا (چ٥)-بەختیار عەلی
٧٠. ئێمەی پەنابەر-کۆمەڵێ نووسەر
٧١. گرەوی بەختی هەڵاڵە (چ٢)-عەتا نەهایی
٧٢. عێراقییەک لە پاریس-سەمۆئێل شەمعون-و. سەباح ئیسماعیل
٧٣. جیهانی سۆفیا و فەرهەنگی سۆفیا (چ٤)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٤. کچەی پرتەقاڵ (چ٥)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٥. لە ئاوێنەیەکدا، لە نهێنییەکدا (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٦. کچی بەڕێوەبەری سێرک (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٧. نهێنی یاری کاغەز (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٨. مایا (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٩. ئینسایکلۆپیدیایەکی مێژوویی وێنەدار-کۆمەڵێ نووسەر-و. هەورامان وریا قانع
٨٠. فەلسەفەی بوون-د. محەمەد کەمال
٨١. وەک ڕووبارە بەخوڕەکە-پاولۆکۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
٨٢. دیارییە مەزنەکە-پاولۆکۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
٨٣. سیشەممان لەگەڵ مۆریی-میچ ئەلبۆم-و. جوتیار ژاژڵەیی
٨٤. دوالیزمی دژ یەک لە هۆنراوە لیریکییەکانی مەولانای ڕۆمی و...-لهۆن قادر عەبدولڕەحمان
٨٥. ڕووناک وەک ئەوین، تاریک وەک مردن-مەمەد ئوزون-و. وریا غەفووری
٨٦. کاندید-ڤۆڵتێر-و. بەیان سەلمان
٨٧. باوکە گۆریۆ-بەلزاک-و. ئەحمەدی مەلا
٨٨. زێبرا-جەبار جەمال غەریب
٨٩. منداڵی سووتاو-ستیگ داگەرمان-و. دلاوەر قەرەداغی
٩٠. ورێنە-ئەنتۆنیۆ تابوکی-و. عەتا محەمەد
٩١. مردن لە ڕوانگەی ئایینەکانەوە-بوساحە ئەحمەد-و. دانا مەلا حەسەن
٩٢. گوێ بگرە، پیاوی بچووک (چ٤)-ویلهێلم ڕایش- و.خەبات عارف
٩٣. ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان-عەتا محەمەد
٩٤. کچە فیلم گێڕەرەوەکە-هێرنان ڕیڤێرا لێتێلییێر-و. عەتا محەمەد
٩٥. باوکی ئەو-پەرینوش سەنیعی-و. ڕووناک شوانی

ENDÊSE

٩٦. داوێنپیسی-پاولۆکۆیلۆ-و. سیروان مەحمود

٩٧. کیمیا گەر (چ٢)-پاولۆکۆیلۆ-و. سیروان مەحمود

٩٨. ڕۆژهەڵاتی عەدەن، ڕۆژئاوای خودا-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی

٩٩. خۆشی پیشەی من نییە (چ٢)-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی

١٠٠. خیانەت لە نیشتمانەکەم دەکەم-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی

١٠١. ڕۆژژمێری کیژۆڵەیەک-ئان فرانک-و. عەلی عوسمان یاقووب

١٠٢. جیهانی ڕۆمان-دکتۆر هاشم ئەحمەدزادە

١٠٣. نەفرەت لە دۆستۆیڤسکی (چ٢)-عەتیق ڕەحیمی-و. ئازاد بەرزنجی

١٠٤. قایدۆن (چ٢)-ئەفلاتون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان

١٠٥. گۆر گیاس (چ٢)-ئەفلاتون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان

١٠٦. سیاتیتۆس-ئەفلاتون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان

١٠٧. مەسیح لە خاچ دەدەنەوە (چ٢)-نیکۆس کازانتزاکیس-و. دلاوەر قەرەداغی

١٠٨. تۆ مەچۆ بۆ شەڕ (چ ٢)-ماردین ئیبراهیم

١٠٩. سە گوەڕ (چ ٧)-محەمەد موکری

١١٠. چاوەکانی (چ١٠)-بوزورگ عەلەوی-و. ئازاد بەرزنجی

١١١. A-6171 من لە ئاوشفیتز دەرباز بووم-فێرێنک گوێندوێر-و. عەتا محەمەد

١١٢. باراباس-پێر لاگەرکڤیست-و. خەبات عارف

١١٣. تۆڵە (چ ٥)-محەمەد موکری

١١٤. سڵاو؟ کەس لەوێیە؟ (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. سیروان مەحمود

١١٥. هیچ-کۆچەر ئەبوبەکر

١١٦. هەورەکانی دانیال-بەختیار عەلی

١١٧. ئێمە زەریامان بەزاند-جولی ئوتسوکا-و. دلاوەر قەرەداغی

ENDÉŞE

ENDÊŞE
ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

٥٠٠٠ دینار